پارێزگاری پێشووی کەرکووک:

## لەسەر تەنەکەی ڕۆن دادەنیشتین



**ڕووداو-کەرکووک**

پارێزگاری پێشووی کەرکووک ئاوڕ لە ڕۆژانی سەرەتای دەستبەکاربوونی وەک پارێزگار دەداتەوە و دەڵێ "لەسەر تەنەکەی ڕۆن دادەنیشتین". عەبدولڕەحمان مستەفا یەکەمین پارێزگاری کەرکووک لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 و تاوەکو ساڵی 2011 لە پۆستەکەیدا مایەوە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) پارێزگاری پێشووی کەرکووک دەڵێ "کێشەی کارەبای کەرکووک لە سەردەمی مندا چارەسەرکرا، بەڵام لە سەروبەندی تەواوبوونی ئەو کارەدا لە پۆستەکەم نەمام". عەبدولڕەحمان مستەفا دەڵێ کاتی خۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیگوتووە: "پۆست بەدوای تۆدا دەگەڕێت نەک تۆ بەدوای پۆستدا بگەڕێی"، بەڵام ئێستا لەماڵەوەیە و هیچ پۆستێکی نییە.

7

## منداڵە دەرۆزەکارەکانی هەولێر بازرگانییان پێوە دەکرێت

**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2013⅃2⅃21، پۆلیسی شارەوانی هەولێر پیاوێکیان دەستگیرکرد کە بازرگانی بە چەند منداڵێکی شاری هەولێرەوە دەکرد. بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، پیاوەکە منداڵەکانی بۆ دەرۆزەکردن لە ترافیک لایتەکانی شاری هەولێر دابەشدەکرد و خۆیشی لەدوورەوە چاودێری دەکردن. پیاوەکە بۆ هەر ڕۆژێک دەرۆزەکردن 8 هەزار دیناری لە هەر منداڵێک وەرگرتووە. ڕائید فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پیاوەکەمان داوەتە دادگا و دادوەریش بەپێی ماددەی 292 ڕایگرتووە".

15



## "ڕۆژانە بڕوانامەیەکی ساختە ئاشکرا دەکرێت"

**ڕووداو-هەولێر**

لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە حاڵەتێکی ساختەکردنی بڕوانامە ئاشکرادەکات. بە گوتەی ئاوات مەجید بەرزنجی، سەرۆکی لیژنەکە، سێ فەرمانبەری نێو خودی وەزارەتی پەروەردەش ئاشکرابوون کە بڕوانامەکانیان ساختە بوون. حاکم موراد، نوێنەری داواکاری گشتی لە لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامە ساختەکان، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەردەوام دەبین لە بەدواداچوونی بڕوانامە ساختەکان"، بەڵام ڕەخنەی لەوە گرت کە ڕۆتین زۆرە: "جاری وا هەیە دوو مانگ چاوەڕێی وەڵامی نووسراوێکمان دەکەین". سەرۆکی لیژنەکەش گوتی "لەسەر ئاشکراکردنی بڕوانامە ساختەکان بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێت".

2




Rûdaw ڕووداو

چاپی کوردستان

ژمارە (251)
دووشەممە 2013/3/4
13ی ڕەشەمێ 2712
(750) دینار

www.rudaw.net


وەزیری سامانە سروشتیەکان: 50%ی ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات عەدادی لەسەر نییە

# 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان ونبووە

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی نەوتی عێراق کە کۆپیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەهەردوو ساڵی 2010 و 2011دا زیاتر لە 49 ملیۆن بەرمیل لەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی کردووە، دیار نییە. وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دیار نەماوە کە بایی نزیکەی یەک ملیار دۆلارە.

د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان گوتی کە هەرێمی کوردستان 69 ملیۆن بەرمیل نەوتی داوەتە بەغدا، کەچی لە بەغدا 9 ملیۆن بەرمیل لەو نەوتە دیار نەماوە. ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە 50%ی ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات "عەدادی لەسەر نییە".

هەورامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە بەڵگەوە دەڵێین ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات 50%ی بەبێ عەداد دەڕوات". لەو ڕووەوە داوای کرد کە "پەرلەمانی عێراق لەم بابەتە بێدەنگ نەبێ". گوتیشی "بەپێی عەدادەکان، هەرێمی کوردستان 69 ملیۆن بەرمیلی داوەتە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق SOMO بۆ ئەوەی هەناردەی بکات، کەچی لە گفتوگۆکانی ئێمە لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق، دەرکەوت 9 ملیۆن بەرمیل دیار نەماوە، کە پارەکەی دەکاتەی نزیکەی یەک ملیار دۆلار".

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی نەوتی عێراق، بەشی بەراوردکردن لە فەرمانگەی تەکنیکی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە نووسراوێکدا بە ژمارە (ف 2448/230/9) کە لە 2012/5/6 بە "تایبەت" بۆ وەزیری نەوتی عێراق عەبدولکەریم لعێبی نێردراوە، لە ساڵانی 2010 و 2011 بەگشتی 49 ملیۆن و 465 هەزار و 550 بەرمیل نەوت دیار نەماوە و ئەوەش هەمووی بە خشتەیەک بۆ وەزیری نەوتی عێراق ڕوونکراوەتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا لەوبارەوە، ئاشتی هەورامی گوتی "داهاتی ئەو نەوتەی لە عێراق دیارنەماوە پارەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەرگیراوە و لەگەڵ بزربوونی 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان دەکاتە نزیکەی 6 ملیار دۆلار".

وەزیری سامانە سروشتییەکان داوای لەو لایەنە کوردیانە کرد کە ڕەخنە لە سیاسەتی نەوتی کوردستان دەگرن "چاوی خەڵک دانەپۆشن و بچن داوای مافی کورد بکەن لە بەغدا، ئەوە نییە بەغدا 53 ملیۆن بەرمیل کە مافی کوردە نادات، بۆ ئەوانەی ڕەخنە دەگرن بەوە ڕازی دەبن؟". مەبەستی د.ئاشتی هەورامی ئەو بڕە نەوتەیە کە دەبێ بەپێی پشکی 17% بدرێتە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بۆ پێداویستییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

بەڵام ئوسامە جەمیل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەخنەی زیاتری لە سیاسەتی نەوتیی هەرێمی کوردستان گرت و گوتی "کڕین و فرۆشتنی نەوتی کوردستان ڕوون نییە، ئەمەش وادەکات حکومەتی عێراق پێداگیری لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بکات و ئەو بڕە پارەیە نادات کە کورد داوای دەکات".

هەروەها گوتی "بەغدا داوادەکات هەرێمی کوردستان سیاسەتی نەوتیی خۆی ڕوونبکاتەوەو شەفاف بێ تاوەکو پارە بدەن". لە درێژەی ئەو قسانەشیدا گوتی" گومانمان لە سیاسەتی نەوتیی عێراق نییە چونکە زۆر ڕوون و شەفافە، ئەگەر وانەبووایە لانیکەم عێراقییە هەڵدەستا و قسەی دەکرد".

3



تارق هاشمی بۆ (ڕووداو):

# بە گەڕانەوەم موفاجەئە دروستدەکەم



**ڕووداو- هەولێر**

تارق هاشمی، جێگری هەڵاتووی سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە گەڕانەوەی بۆ عێراق "لەناکاو و لەکاتی گونجاودا" دەکاتە موفاجەئە بۆ هەمووان.

هاشمی کە دادگایەکی عێراقی بەتۆمەتی تێوەگلان لەکاری تیرۆریستی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)دا لە ڕێگەی ئیمەیلەوە گوتی کە هیوای بەو دەستپێشخەرییە نوێیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی عێراق ئامادەکاری بۆ دەکرێت "چونکە قەیرانی عێراق لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز بووە" و گوتیشی "بە ئەستەمی دەبینم ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانی عێراق لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکی لەوشێوەیەدا بدۆزرێتەوە".

هاشمی لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا عێراق بەرەو کوێ دەڕوات گوتی "ئامانجەکان مرۆڤ تووشی ئەوپەڕی دڵەڕاوکێ دەکەن. هەموو ئەگەرەکانیش کراوەن ئەگەر ڕێگە بدرێت مالیکی لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە بە پێچەوانەی ویستی هەمووان".

لەبارەی ئەوەش کە ئایا کەی دەگەڕێتەوە عێراق، گوتی "با وەڵامی ئەو پرسیارە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەهاتنەوەم موفاجەئە بۆ هەمووان دروستدەکەم، چونکە من لەناکاو و لەکاتی گونجاودا، لەگەڵ ڕەخسانی یەکەم هەل بەبێ دواکەوتن دەگەڕێمەوە عێراق".

هاشمی گوتیشی بزووتنەوەی نوێبوونەوە کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ناکات "هەڵبژاردن لە عێراقدا بەهای خۆی لەدەستداوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسی چەقبەستوودا، کە لە ڕێڕەوی خۆی لایداوەو لە هۆکارێکەوە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی ڕاستەقینە گۆڕاوە بۆ ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دیکتاتۆری و داپۆشینی گەندەڵی".

هاشمی هێرشی توندی کردە سەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و گوتی کە "لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی نەخۆشە و شەیدای دەسەڵاتە و گوێ لە بەرامبەر ناگرێت و دانی پێدانانێت". هەروەها گوتی "مالیکی لەپێناو خولیاکانی ئامادەیە کام گوناهی گەورەیە بیکات".

20


REKLAM



# ڕاپۆرتە هەواڵ

## تەرمی سێ کەس لە هۆتێلێکی گەشتیاریدا دەدۆزرێنەوە



**ڕووداو — سۆران**

ڕۆژی 2013/3/3 لە هۆتێلێکی گەشتیاری لە قەزای سۆران تەرمی سێ کەس دۆزرایەوە. نەقیب محەممەد عەلی لە ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی گوت "تەرمی دوو پیاو و ژنێک لەناو هۆتێلی کۆڕەکی گەشتیاری کە دەکەوێتە نێوان ناحیەی خەلیفان و قەزای سۆران دۆزرایەوە. نەکوژاندنەوەی سۆپاو دووکەڵی مۆلیدەی کارەبا بووەتە هۆی ژەهراویبوونی ژوورەکەو بەوهۆیە گیانیان لەدەستداوە. دوو پیاوەکە کوردی ئێزدین و کرێکاری هۆتێلەکە بوونە، بەڵام ناسنامەی ئافرەتەکە نەزانراوە".

ئاوات مەجید بەرزنجی، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامەکان :

# ڕۆژانە بڕوانامەیەکی ساختە لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەبێت

## بەرپرسی باڵای حکومەت هەبووە بڕوانامەکەی ساختە بووە

## لەسەر ئاشکراکردنی بڕوانامەی ساختە بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێت

**میڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو–هەولێر**

لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامە ساختەکان لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێ ڕۆژانە بڕوانامەیەکی ساختە ئاشکرا دەکەن و لەو ماوەیەدا بڕوانامەی سێ فەرمانبەری نێو خودی وەزارەتی پەروەردەش ئاشکرابووە، کە ساختە بووە. سەرۆکی لیژنەکەش دەڵێ "لەسەر ئاشکراکردنی بڕوانامە ساختەکان بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێت".

ئاوات مەجید بەرزنجی، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێش ئەوەی ئێمە دەستبەکاربین لیژنەیەکی دیکە هەبوو بۆ بەدواداچوونی بڕوانامەکان، بەڵام دیارە کێشە و ئاستەنگی هاتە پێش و نەیانتوانی بەردەوامبن. بۆیە لەسەر داوای داواکاری گشتی لیژنەیەکی دیکە پێکهێنرا بۆ بەدواداچوونی بڕوانامەی سەرپەرشتیاران، مامۆستایان، فەرمانبەرانی سەر بە پەروەردەی گشتی پارێزگای هەولێر".

### ئاشکرابوونی بڕوانامەی ساختەی نێو وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە خۆی بڕوانامەی سەرەتایی، ئامادەیی، پەیمانگەکانی وەرزش، کۆمپیوتەر و هونەرە جوانەکان دەدات. کەچی لە نێو خودی وەزارەت فەرمانبەر هەبووە، بەڕێوەبەری بەش بووە بڕوانامەی ساختە بووە. ئاوات مەجید گوتی "لە بەدواداچوونی ئێمەدا دەرکەوت کە بڕوانامەی چوار کەس ساختەبوون. سێ لەوانە لە نێو وەزارەتی پەروەردەدابوون. یەکێکیش سەر بە پەروەردەی دەشتی هەولێر بوو". سەرۆکی لیژنەکە کە لەهەمانکاتدا ڕاوێژکارە لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێ " لە بەدواداچوونی ئێمەدا دەرکەوت نزیکەی 200 کەس بڕوانامەیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، بۆیە مۆڵەتی سێ مانگمان پێدابوون بڕوانامەی خۆیان بێنن، بەڵام سێ مانگەکە کۆتایی هات و بڕوانامەیان نەهێناوە. ئێستاش لە هەوڵی ئەوەداین بزانین بۆچی تائێستا نەیانتوانیوە بڕوانامەی خۆیان بێنن. کە ڕەنگە بڕوانامەی هەندێکیان ساختە بێ و هەندێکیش کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقن فایلیان سووتابێ ".

حاکم موراد، نوێنەری داواکاری گشتی لە لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامە ساختەکان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەردەوامدەبین لە بەدواداچوونی بڕوانامە ساختەکان"، ڕەخنەشی لەوەگرت کە ڕۆتین زۆرە و گوتی "جاری واهەیە دوو مانگ چاوەڕێی وەڵامی نووسراوێکی خۆمان دەکەین، ڕۆتین زۆرە".

سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامەکان ئاماژەی بەوەدا کە سەرچاوەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئاشکراکردنی بڕوانامەی ساختە و گوتی "وەزارەتی دارایی کە پلەی کەسێک بەرز دەکاتەوە، بە نووسراوی فەرمی داوای ڕاستی و دروستی بڕوانامەکەی لە ئێمە دەکات. ئێمەش وەڵامی وەزارەت دەدەینەوە و لە زۆربەی وەزارەتەکان کە پلەی فەرمانبەران زیاد دەکرێت دەردەکەوێ کە بڕوانامەی هەندێ لەو فەرمەنبەرانە ساختەیە. تەنانەت دەتوانم بڵێم ڕۆژانە حاڵەتێکی ساختەی بڕوانامەکان ئاشکرا دەکەین".

### "لەسەر ئاشکراکردنی بڕوانامەی ساختە بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێت"

ئاوات مەجید ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو کارەیان بەبێ باج نییە "لەسەر بابەتی ئاشکراکردنی بڕوانامە ساختەکان بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێت. تەنانەت خەڵک هەبووە هەڕەشەی لێکردم کە نانبڕاوم دەکات. بگرە خەڵک هەبووە بە عەلاگە پارەی هێنابوو بۆ ئەوەی لە بڕوانامە ساختەکەی بێدەنگ بم، بەڵام نە لە هەڕەشەکان ترساوم و نە پارەشم وەرگرتووە". گوتیشی "بەرپرسی باڵای حکومەت هەبووە بڕوانامەکەی ساختە بووە و بەقەد دنیایەک تکای لە من کردووە بێدەنگ بم و نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی نەکەم کە بڕوانامەکەی ساختەیە، بەڵام هەر کاری خۆم کردووە". ئاوات داواشی لە حکومەت کرد بە بڕوانامەی سەرجەم فەرمانبەراندا بچێتەوە.

بەپێی بڕیاری ژمارە 18960/4/9 وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە تشرینی دووەمی 2009 دەرچووە هەر کەسێک ساختەکردنی نووسراوەکانی فەرمی ئاشکرابکات بە 500 هەزار دینار پاداشت دەکرێت. بەڵام سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی بڕوانامەکان دەڵێ "ئێمە لێرە ئەرکی خۆمان بەجێدەگەیێنین، ئەو هەموو بڕوانامە ساختانە ئاشکرا دەکەین، تائێستا یەک دینارمان وەک پاداشت وەرنەگرتووە. تەنانەت چەندجار داوای دەرماڵەی مەترسیمان کردووە، چونکە بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێ لەسەر ئاشکراکردنی بڕوانامە ساختەکان، بەڵام بۆمان ناکەن".

## پارێزگای هەولێر بودجەی بۆ یادەکانی ئادار و نەورۆز تەرخان نەکردووە

دەستەی گەشتوگوزار:

# لە نەورۆزدا 400 هەزار گەشتیار دێنە هەرێمی کوردستان

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو–هەولێر**

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێشبینیدەکرێ لە جەژنی نەورۆزدا زیاتر لە 400 هەزار گەشتیار ڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن. لە هەموو شارەکاندا ئاهەنگ دەکرێن، بەڵام پارێزگای هەولێر هیچ بودجەیەکی بۆ ئەوە تەرخاننەکردووە.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر بەرنامە و ئامادەکارییەکانی یادکردنەوەی 11ی ئادار و جەژنی نەورۆزی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند و گوتی " گەورەترین هەڵپەڕکێ لە مێژووی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر سازدەکرێت کە 6500 کەی بەشداری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی ڕیکۆردی پێوانەیی بشکێنین و ناوی هەولێر بچێتە نێو کتێبی گینسەوە". وەک بەرنامەی ساڵانەی خۆی، پارێزگای هەولێر لە 11ی ئەو مانگەدا کە هاوکاتە لەگەڵ ڕزگارکردنی شاری هەولێر لە ساڵی 1991دا، حەوتەمین فیستیڤاڵی ئازادی هەولێر سازدەکات، کە چەندین ئاهەنگی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، ئاهەنگەکانیش تاوەکو 20ی مانگ بەردەوام دەبن "فیستیڤاڵ و ئاهەنگەکانی ئەمساڵ وەک سەرەتایەک بەکاردێنین، بۆ ئەوەی هەر کەموکوڕییەکمان هەبێ لە ساڵی داهاتوودا چارەسەری بکەین، کە هەولێر دەکرێتە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی".

فیستیڤاڵەکە بە بەشداری چەندین گرووپی هونەری سازدەکرێت، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەرپەرشتی دەکرێت. تاهیر عەبدوڵڵا، گوتی "لەو فیستیڤاڵەدا دەیان چالاکی ئەنجامدەدرێن، لە بوارەکانی ڕۆشنبیری، شانۆ، کەرنەڤاڵ، یادکردنەوەی تایبەت لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و شەهیدان، چالاکی کوردانی باکووری کوردستان و پیشاندانی چەندین فیلمی دۆکیۆمێنتی لەسەر بۆنەکان، کە مەبەست لێی ناساندنی کولتووری کوردستانە بەسەرجەم وڵاتانی بیانی".

جگە لە گرووپە هونەرییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان، چەند گرووپێکی دیکەی بیانی داوەتکراون بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکە، جێگری پارێزگاری هەولێر گوتی "دوو تیمی هونەری کرواتی و ئەرجەنتینی، لە یادکردنەوەی 11ی ئازاردا بەشداری دەکەن".

هەروەها نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵی ڕابردوو 352 هەزار گەشتیار لە جەژنی نەورۆزدا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و ئەمساڵیش پێشبینیدەکرێ زیاتر لە 400 هەزار گەشتیار بێنە هەرێمی کوردستان لە پشووی جەژنی نەورۆزدا".

بۆ یەکەمین جار لەعێراقدا

## ئاسیاسێڵ خەڵاتێکی جیهانی لەبواری مۆبایلدا بەدەستهێنا



**عێراق، سلێمانی، 27ی شوباتی 2013:** بۆ یەکەم جار لەعێراقداء لەسەرکەوتنێکی کەم وێنەدا کۆمپانیای ئاسیاسێڵ کە کۆمپانیایەکی سەرەکیی خزمەتگوزاری مۆبایلە و بە کوالیتیی بەرز لە عێراقدا کاردەکات و نزیکەی 10 ملیۆن بەشداربووی هەیە، بەهۆی پێشکەشکردنی هێڵی ئەڵماسی تایبەت بەخانمان توانی یەکێک لەخەڵاتەکانی گلۆبەڵ مۆبایل ئەوارد 2013 (Global Mobile Awards 2013) تایبەتە بە"باشترین بەرهەمء خزمەتگوزاری مۆبایل بۆ ئافرەتان لەوڵاتانی تازە گەشەسەندوودا." بەدەستبهێنێت کە لەلایەن کۆمەڵەی (GSMA)ی نێودەوڵەتییەوە دەبەخشرێت.

"هێڵی ئەڵماس" یەکێکە لەداهێنانەکانی ئاسیاسێڵ کەبەشێوەیەکی تایبەتمەند دیزاینکراوە بۆ خانمانی عێراقء پێدانی هەلێک بۆ سوودوەرگرتن لەکۆمەڵێک تایبەتمەندی و خزمەتگوزاری کە ئەو هێڵە پێشکەشی دەکاتء پێداویستییەکانی خانمان دابیندەکات لەزۆربەی چیزء تەمەنە جیاوازەکاندا، سەرنجڕاکێشترینیان نرخەکانی کێبڕکێیە بۆ پەیوەندییەکانء هەرزانکاریء هەلە تایبەتەکان لەسەر نرخی پەیوەندییەکان بەبێ کارکردنە سەرکوالیتیی ئەو پەیوەندییانە.

لەلێدوانێکیدا لەسەربردنەوەی ئاسیاسێڵ بۆ ئەم خەڵاتە، فاروقی مەلا موستەفا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ڕایگەیاند "بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە لەلایەن کۆمپانیای ئاسیاسێڵەوە جارێکی ترئەوە نیشاندەداتەوە کە ئاسایسێڵ چەندە لەخزمەتی هاوڵاتیانی عێراقدایەو دەیەوێت بەباشترین شێوە خزمەتگوزارییان پێشکەشبکات، هەروەک چۆن هەمیشە پێشەنگ بووە لەپێشکەشکردنی باشترین و ناوازەترین خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی نیشتیمان."

لەلای خۆیەوە مایکل ئۆهارا بەڕێوەبەری گشتی مارکێتین لەGSMA وتی "ئاسیاسێڵ شایەنی بردنەوەی ئەو خەڵاتە بوو بەهۆی پێشکەشکردنی هێڵی ئەڵماس کە تایبەتمەندە بەخانمان، هیواداریین ئەو ئاراستە ستراتیژییە لەسەرجەم بازاڕە هاوشێوەکانی سەرتاپای جیهان بڵاو ببێتەوە." مایکل ئۆهارا ئاماژەی بەوەشدا "هیواداریین ئەم خەڵاتە ببێتە هۆکارێک بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لەپێناو خانمان، تاکو ئەو توانایە بخرێتە بەردەم ئەوانەی کەهەلیان کەمە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی لەوڵاتە هەژارەکانداء لەبازاڕە تازە گەشەسەندووەکاندا هەن بۆ دروستکردنی ژیانێکی باشتر."

## وەڵامێک بۆ چەند لێدوانێکی هەڵەی پەرلەمانتارێک

**سلێمانی — ئازاری 2013:** پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە ناوی "هەڤاڵ کوێستانی"، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی دا چەندین زانیاریی و لێدوانی هەڵەی لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل بڵاوکردووەتەوە، لەم ڕونکردنەوەیەدا ئەو زانیارییانە بۆ ڕای گشتی و ئەو پەرلەمانتارە ڕاستدەکەینەوە و هیواداریین لەمەودوا بەبێ کۆکردنەوەی زانیاریی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ئەنجامنەدات.

ئەم پەرلەمانتارە کە ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراقە دەبوایە زانیاریی زۆر ڕاست و دروستی لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل هەبوایە بەڵام جێی نیگەرانییە زۆرینەی لێدوان و زانیارییەکانی هەڵەبوون، لێرەدا بە خاڵ هەڵەکانی بۆ ڕاستدەکەینەوە.

یەکەم: ئەمپەرلەمانتارەلەچاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئاسیاسێڵ یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کە قەرزاری حکومەتی عێراقییە و تا ئێستا بەشێک لە پارەی مۆڵەتەکەی نەداوە. لە وەڵامی ئەم خاڵەدا دەڵێین ئەم بەڕێزە زانیارییەکانی زۆر کۆنن وا دەردەکەوێت کە هیچموتابەعەیەکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ناکات چونکە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە مانگی (9)ی ساڵی (2011) ڕایگەیاند کە سەرجەم پارەی مۆڵەتەکەی داوەو هیچ پارەیەکی حکومەتی عێراقی قەرزار نییە. واتە ساڵێک و پێنج مانگ پێش لێدوانەکەی ئەم پەرلەمانتارەی لیژنەی نەزاهە.

دووەم: ئەم پەرلەمانتارە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بەو تۆمەتبار دەکات کە بەبێ پرسی کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی سیمکارتی نایاسایی خستووەتە بازاڕەوە، ئەم بەڕێز ئەم مەزوعەوشی زۆر بە تێکەڵاوی وەرگرتووە چونکە سیمکارتی مۆڵەت پێنەدراو لە لایەن کۆمسیۆن و سیمکارتی بێ پێشینە دوو شتی جیاوازن بەڵام بەهۆی نەشارەزایی و کەمی زانیارییەوە ئەم پەرلەمانتارە ئەوەشی تێکەڵاو کردووە. ئاسیاسێڵ ڕایدەگەیەنێت کە سەرجەم ژمارەکانی لەلایەن کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی یەوە ڕێپێدراون. هەر وەک پێشتریش ڕامانگەیاندووە کە سیمکارتی بێ پێشینە لە ئاسیاسێڵ دا بونی نییە و سەرجەم سیمکارتەکان تۆمار کراون.

سێهەم: ئەم پەرلەمانتارە لە بەشێکی چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت "دەبوایە کۆمپانیاکانی مۆبایل تا ساڵی 2011 25%ی سەهمەکانیان بە هاوڵاتیان بفرۆشتایە بەڵام دوای دووساڵ تازە بەم دواییە ئاسیاسێڵ دەستیپێکردووە." لەم بەشەی لێدوانەکەیشدا دەردەکەوێت کە ئەم بەڕێزە زۆر بێ زانیاری یە لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عێراقدا.

بەپێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە 21 ی ساڵی 1997 (هەموارکراو) و هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی گۆڕینی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لەخاوەن بەرپرسیارێتی سنوردارەوە (محدودە المسؤولیە) بۆ کۆمپانیایەکی هاوبەشی تایبەت (مساهمە خا×ە)، ئەنجومەنی گشتیی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە ڕێکەوتی 19 ی کانونی یەکەمی 2011 یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی وەک کۆمپانیایەکی هاوبەشی تایبەت سازکرد، واتە لە ساڵی 2011 کۆمپانیای ئاسیاسێڵ گۆڕاوە بۆ کۆمپانیایەکی هاوبەشی تایبەت (مساهمە خا×ە). هەروەها لە تەمووزی ساڵی 2012 کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ گەیاندن (هاوبەشی تایبەت) ڕایگەیاند کە چووەتە ناو ڕیزبەندی بۆرسەی عێراقەوە ئەویش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی بۆرسە بەپێی ئەو بڕیارەی لەدانیشتنی ژمارە هەشتی ساڵی 2012 ی دەستەکەدا دراوە. ئەم هەنگاوەش بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی گرێبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردنە کە لەنێوان کۆمپانیای ئاسیاسێڵء دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی دا هەیە. هەروەها لە 4ی شوباتی 2013 ئاسیاسێڵ کۆتایی هاتنی پرۆسەی فرۆشتنی پشکەکانی بە سەرکەوتوویی ڕاگەیاند کە هەزاران وەبەرهێنەر لەسەرانسەری عێراقدا بەپەرۆشی و گەرم و گوڕییەوە پشکەکانی ئاسیاسێڵیان کڕی. پرۆسەی فرۆشتنی پشکەکان سەرکەوتووانە توانی 1.220 ملیار دۆلار کۆبکاتەوە کە یەکسانە بە 25% ی سەرمایەی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ.

چوارەم: ئەم پەرلەمانتارە لە چاوپێکەوتنەکەیدا بەردەوام دەبێت لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و ڕایدەگەیەنێت کە یەکێک لە موخالەفەکانی تری کۆمپانیاکانی مۆبایلئەوەیەکەکوالیتیخزمەتگوزارییەکانیان باش نییە و بە پێی خواستی خەڵک نییە. وەڵامی ئەم خاڵە بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێڵ بە جێدەهێڵین کە شاهیدی ئەوەن کە ئاسیاسێڵ بە بەرزترین کوالیتی خزمەتگوزاری پێشکەشی بەشداربووەکانی دەکات لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا.

پێنجەم: ئەم پەرلەمانتارە باس لە موخالەفەیەکی تر دەکات و دەڵێت "زۆر جار زۆر لە هاوڵاتیان نامەیان بۆ دێت لەڕێگەی تەلەفۆنەکانیانەوە کە ئەم نامانە بانگەشە دەکەن بۆ هەندێک خزمەتگوزاری ساختە و وەهمی کە وجودی نییە، ئەمانە وا دەکەن پارەیەکی بەلاش لەو بانگەوازە ساختانەدا سەرفبکەن کە وجودی نییە."

ئاسیاسێڵ چەند جارێک لەڕێگەی بەیاننامەوەبەشداربووەکانیئاگادارکردووەتەوە کە ئەوکورتە نامانە لەڕێگەی چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتەوە لەدەرەوەی عێراقەوە دەنێرێت بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن و بردنی باڵانسی بەشداربووان، بۆیە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ داوا لە بەشداربووەکانی دەکات کە ئەوکورتە نامەو پەیوەندییانە پشتگوێ بخەنء بەهیچ جۆرێک پەیوەندی نەکەن بەو ژمارانەوە نەکەن.

هەورەها لە تەمووزی 2012 ئاسیاسێڵ ڕایگەیاند لەگەڵ گەیشتی ئەو کورتە نامەو پەیوەندییە گوماناویانە بەبەشداربووەکانمان، کۆمپانیای ئاسیاسێڵ یەک بە یەک سەرچاوەکانیان دەدۆزێتەوەو ڕایاندەگرێت، تائێستاش سەرجەم ئەو سەرچاوانە داخراون کە ئەو کورتە نامەو پەیوەندییانەیان لێوەهاتووە. کۆمپانیای ئاسیاسێڵ سیستمێکی پێشکەوتووی (Anti-Spam)ی خستووەتەکار کەڕێگری لەزۆربەی ئەو کورتە نامەء پەیوەندییە گوماناویانە دەکات کە بە بەشداربووانی ئاسیاسێڵ دەگات.

## ڕیپۆرتاژ



### کۆسرەت ڕەسوڵ:
### بڕیاری پەرلەمانی بەریتانیا مێژووییە

**ڕووداو – هەولێر**

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە کورد لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیا بە " بڕیارێکی مێژوویی" ناوبرد و گوتی "پێویستە هەمووومان بەیەکەوە لە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراواندا بین". جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتیشی " ئەمڕۆ وڵاتانی جیهانی دان بەوە دادەنێن کە میللەتێکی گەورەو ستەمدیدەی وەک کورد چۆن چەوسێنراونەتەوە و بەهەموو شێوەیەکی دڕندانە هەوڵی لەناوبردنمان دراوەو ئێمەش کۆڵمان نەداوە".

## ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ونبووە






### بەغدا 53 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە بەشی هەرێمی کوردستان نەداوە

### 50 %ی ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات عەدادی لەسەر نییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات هەرێمی کوردستان 69 ملیۆن بەرمیل نەوتی داوەتە بەغدا ، کەچی لە بەغدا 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان دیار نەماوە. هەروەها ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە 50%ی ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات "عەدادی لەسەر نییە".

#### ناردنی نەوت دەستپێدەکاتەوە

د.ئاشتی هەورامی، لە کۆبوونەوەکانیدا لە ڕۆژی 2013/2/27 لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوت ، کە لە هەرێمی کوردستان نەوت بەرهەمدێنن، نەگەیشتنە ئەنجامی کۆتایی.

وەزیری سامانە سروشتییەکان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ، باسی وردەکاری کۆبوونەوەکانی کرد لەبارەی کێشەی نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و ڕایگەیاند "کۆبوونەوەی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەوشێوەیە نەبووە کە دەگوترێ نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەڵکو ئەو کۆبوونەوەیە پێویستی بە ڕاوێژ و پرسی زیاتر هەبوو بۆیە گەڕاینەوە بۆ هەموو لایەنەکان. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆکانی خۆمان بکەین تاوەکو لەسەر مەسەلەی پێدانی پارەی کۆمپانیاکان بگەنە ئەنجام".

هەورامی دەڵێ "ئەگەر کێشەی پێدانی موستەحەقاتی کۆمپانیاکان چارەسەربکرێ لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەی گشتی ئەمساڵی عێراقدا ، هەرێمی کوردستان دەست بەهەناردەکردنی نەوت دەکاتەوە و ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل ڕەوانە دەکات".

#### هەرێمی کوردستان 40 ملیۆن بەرمیل نەوتی داوەتە کۆمپانیاکان

هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی 2009/6/1 نەوتی لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی نیشتمانیی عێراقەوە ناردە دەرەوە . ئاشتی هەورامی دەڵێ تائێستا "ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان داویەتی بە بەغدا لە ڕێگەی کۆمپانیا نەوتی نیشتمانیی عێراق SOMO بووە ، کە تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو 69 ملیۆن بەرمیل بوو . هەروەها 68 ملیۆن بەرمیل نەوتیش بۆ پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان دەرهێنراوە، ئەویش لە چوارچێوەی بەشی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان کە لە17%یە و بۆ پێدانی موستەحەقاتی کۆمپانیاکان هەرێمی کوردستان 40 ملیۆن بەرمیل نەوتی داوەتە کۆمپانیاکان و داهاتەکەی بۆ خودی کۆمپانیاکانە تاوەکو بەشێک لە موستەحەقاتی خۆیان وەربگرن".

#### 50%ی نەوتی عێراق بەبێ عەداد دەڕوات

وەزیری سامانە سروشتییەکانی کوردستان کەموکوڕییەکی گەورەی لە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی عێراقدا ئاشکراکرد و دەڵێ "بە بەڵگەوە دەڵێین ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی دەکات 50%ی بەبێ عەداد دەڕوات" و داوای کرد کە " پێویستە پەرلەمانی عێراق لەم بابەتە بێدەنگ نەبێ". گوتیشی "بەپێی عەدادەکان ، هەرێمی کوردستان 69 ملیۆن بەرمیلی داوەتە کۆمپانیای SOMO بۆ ئەوەی هەناردەی بکات. کەچی لە گفتوگۆکانی ئێمە لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق، 9 ملیۆن بەرمیل دیار نەماوە، کە پارەکەی دەکاتە نزیکەی یەک ملیار دۆلار".

#### داهاتی50 ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراق دیار نییە

بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی نەوتی عێراق کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، بەشی بەراوردکردن لە فەرمانگەی تەکنیکیی وەزارەتی نەوتی عێراق ، لە نووسراوێکدا بە ژمارە (ف 2448/230/9 ) کە لە ڕۆژی 2012/5/6 بە " تایبەت" بۆ وەزیری نەوتی عێراق عەبدولکەریم لعێبی نێردراوە، تێیدا هاتووە لە ساڵانی 2010و 2011 بەگشتی 49 ملیۆن و 465 هەزار و 550 بەرمیل نەوت دیار نییە " کۆی جیاوازییەکانی ساڵی 2010 بەپێی بڕی بەرهەمهێنان بەپێی کەشفی موقاولەکان کە بۆ فەرمانگەی گرێبەست و مۆڵەتدان و ڕاپۆرتەکانی بەرهەمهێنان و تەسریف بۆ کۆمپانیای نەوتی باشوور (بودجەی پێچەوانە) 13.892.292 بەرمیل ، لەکاتێکدا جیاوازی ساڵی 2011 دەکاتە 35.573.258 بەرمیل ، بەوشێوەیە کۆی گشتیی جیاوازییەکە لەکاتی دەستپێکردنی بەرهەمهێنانەوە لە مانگی تەممووزی 2010 تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمی 2011 دەکاتە 49.465.550 بەرمیل ". ئەوەش هەمووی بە خشتەیەک بۆ وەزیری نەوتی عێراق ڕوونکراوەتەوە.

بەپێی نووسراوەکە ئەو نەوتەی عێراق هەناردەی کردووە و پارەکەی لە کۆمپانیاکان وەرگرتووە لەوە زیاترە کە وەزارەتی نەوت حیسابی کردووە.

لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا لەوبارەوە ، ئاشتی هەورامی گوتی " داهاتی ئەو نەوتەی لە عێراق دیارنەماوە پارەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەرگیراوە و لەگەڵ بزربوونی 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان دەکاتە نزیکەی 6 ملیار دۆلار".

گەورەترین کێشە کە دێتە پێش مەسەلەی نەوت و غاز، نەبوونی یاسای نەوت و غازە کە تائێستا ئەو یاسایە پەسەندنەکراوەو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و حکومەتی عێراق بە ڕوونی دیاریبکرێت لەمەسەلەی گرێبەستەکانی نەوتدا .

حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە کە بڕیارەکانی دۆسیەی نەوت لە عێراق لەدەست ئەودان بەردەوام ڕایگەیاندووە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان نایاساییین، بەڵام ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەیکات هەمووی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە "چونکە هیچ کۆمپانیایەک هەنگاوێک نانێ کە دژی دەستووری عێراق بێت ".

#### 59 %ی داهاتی نەوتی عێراق بۆ کۆمپانیاکانە

ئاشتی هەورامی بەراوردێکی نێوان گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات و دەڵێ " لە ساڵی 2009دا پێش هاتنی کۆمپانیاکان

> **پارەی 50 ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراق دیار نییە**

، عێراق ڕۆژانە یەک ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد ، کە تێچووەکەی چوار ملیار و 500 ملیۆن دۆلار بووە. کەچی لە 2012 دا دوای ئەوە کۆمپانیاکان هاتن ، عێراق 14 ملیار دۆلاری بۆ خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت زیادکردووە ، کەچی بەرهەمەکەش تەنیا 500 هەزار بەرمیل زیادبووە. ئەمساڵیش نزیکەی 19 ترلیۆن دینار دەداتە کۆمپانیاکان ئەویش بۆ زیادکردنی 750 هەزار بەرمیلە بە بەراورد بە 2009. واتە داهاتی ئەو 750 هەزار بەرمیلە بۆ عێراق لەو ماوەیەدا 54 ملیار دۆلارە کەچی حکومەتی عێراق 37 ملیاری دەداتە کۆمپانیاکان ، بەوشێوەیەش عێراق 59% لە داهاتی نەوت دەداتە کۆمپانیاکان".

وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەراورد دەکات و دەڵێ " ئەگەر تەماشای گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان بکەن ، حکومەتی عێراق بۆ 2013 داوای لە هەرێمی کوردستان کردووە 90 ملیۆن بەرمیل هەرناردە بکات ، تاوەکو کۆتایی 2012 هەرێمی کوردستان 69 ملیۆن بەرمیل نەوتی داوەتە بەغدا. ئەگەر گرێبەستەکانی ئێمە بەوشێوەی عێراق بووایە بۆ 159 ملیۆن بەرمیل ، دەبووایە عێراق 10 ترلیۆن دینار وەک موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکان بداتە ئەو کۆمپانیانەی نەوتەکەیان لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهێناوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستەکانی تەنیا داوای چوار ترلیۆن و 200 ملیار دینار دەکات بۆ ئەو کۆمپانیانە، واتە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان هەرزانترن لە گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق".

هەورامی زیاتر ڕوونیکردەوە و گوتی "بەپێی ئەو گرێبەستانەی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزای کردوون بۆ هەر بەرمیلێک ، عێراق 59 دۆلار دەدات، بەڵام هەرێمی کوردستان بۆ هەر بەرمیلێک 30 دۆلار دەداتە کۆمپانیاکان. ئایا کامەیان بۆ کوردستان و عێراق باشترن؟، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی نەوت و کێڵگە نەوتییەکانی کە هەموویان نەدۆزراوەو تازەن یەک دیناریش ناداتە کۆمپانیاکان ، بەپێچەوانەی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق کە دیاریکراون. هەموو خەرجییەکانی دۆزینەوەی نەوت لەسەر خودی کۆمپانیاکانە و ئەگەر نەوتیش نەبیننەوە ئەوا ئەو خەرجییەیان بەفیڕۆ دەڕوات. کەچی عێراق ئەو هەموو پارە زۆرە دەداتە کۆمپانیاکان و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیش لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا تەنیا 750 هەزار بەرمیل زیادی کردووە".



#### کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە

سەبارەت بە هەڵوێستی بەغدا لە هەڕەشەکردن لەو کۆمپانیانەی دێنە هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوتدا کاردەکەن، ئاشتی هەورامی ڕەتیکردەوە کە هەڵوێستەکانی بەغدا کاریگەری لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان هەبێ و گوتی "هەڵوێستی عێراق نابێتە هۆی ترساندنی کۆمپانیا بیانییەکان، کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن . کۆمپانیاکان دەڵێن ئامادەین بەرهەمیشمان نەبێ هەر لە هەرێمی کوردستان بمێنینەوە تاوەکو ئەو کێشەیە چارەسەردەکرێت و ئەگەر بەغدا موستەحەقاتی ئێمەش نەدات ئامادەنین نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکەین".

#### هەمووی دیارە و هیچی نەفەوتاوە

وەزارەتی نەوتی عێراق و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی هەرێمی کوردستان تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات و داهاتەکەی دیار نییە و کەس نازانێ ئەو نەوتە چەندە کە هەرێمی کوردستان ڕەوانەی دەرەوەی دەکات، بەڵام ئاشتی هەورامی دەڵێ ئەو تۆمەتانە ڕاست نین " ئەوەی بەغدا و ئەم و ئەو دەیڵێن کە ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەینێرێتە دەرەوە دیار نییە و هیچ ڕاست نییە ، بەڵکو هەرچی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی دەرەوە کراوە دراوەتە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق ، یاخود ئەو 17%ی لە بەشی هەرێمی کوردستانمان بەکارهێناوە بۆ پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان دیارە و هیچ شتێک نەفەوتاوە، بە پێچەوانەوە لە عێراق ڕێژەی ناردنی نادیارە".

#### بەغدا 53 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە بەشی کوردستان نەداوە

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا پێویستە حکومەتی عێراق 17%ی ئەو بەرهەمە نەوتییانە بداتە هەرێمی کوردستان. هەورامی دەشڵێ "لە 2004وە تاوەکو 2012/12/31 بەغدا یەک ملیار و 396 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە بەرهەمە نەوتییەکان بەرهەمهێناوە، دەبووایە 17%ی ئەو نەوتە بۆ هەرێمی کوردستان بووایە، کە 237 ملیۆن بەرمیلە". بەڵام بەغدا "تەنیا 115 ملیۆن بەرمیلی بۆ هەرێمی کوردستان ناردووەو وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش 68 ملیۆن بەرمیلی داوەتە پاڵاوگەکان کە هەمووی دەکاتە 183 ملیۆن بەرمیل. بۆیە بەغدا 53 ملیۆن بەرمیلی لە بەرهەمەکانی نەوت لە بەشی کوردستان نەداوە، کە پارەکەی دەکاتە زیاتر لە 5 ملیار دۆلار".

#### با چاوی خەڵک دانەپۆشن

وەزیری سامانە سروشتییەکان داوای لەو لایەنە کوردیانە کرد کە ڕەخنە لە سیاسەتی نەوتی کوردستان دەگرن و گوتی "دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەوانەی ڕەخنە دەگرن کە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەندە پێداگیری لەسەر مەسەلەی نەوت دەکات پێیاندەڵێم با چاوی خەڵک دانەپۆشن با بچن داوای مافی کورد بکەن لە بەغدا. ئەوە نییە بەغدا 53 ملیۆن بەرمیل کە مافی کوردە و نادات . بۆ ئەوانەی ڕەخنە دەگرن بەوە ڕازی دەبن؟ هەروەها خەڵک هەیە ڕەخنە دەگرن کە ئێمە بەبێ بەغدا نەوت دەپاڵێوین ، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە تاوەکو بەرهەمەکانی نەوت بۆ خەڵکی خۆمان دابین بکەین ، ئایا ئەگەر ئەوە نەکەین و بەنزین و سووتەمەنی کەم ببێتەوە هەر خۆیان نایێن و بڵێن ئەم حکومەتە ناتوانێ سووتەمەنی بۆ خەڵک دابین بکات".

### ئەندامێکی لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی عێراق:
### بەغدا دەیەوێ فێڵ لە هەرێمی کوردستان بکات

فەرهاد ئەترۆشی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان و ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، لەبارەی ئەنجامی گفتوگۆکان و بۆچوونی هەردوولا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بەغدا دەیەوێ بە فێڵ کورد لەسەر مەسەلەی پێدانی خەرجی کۆمپانیاکان ڕازیبکات و هەرێمی کوردستانیش دەزانێ دەیەوێ فێڵ بکات . حکومەتی عێراق ڕازیبووە پارەی کۆمپانیاکان لە 750 ملیارەوە بکاتە ترلیۆنێک و 500 ملیۆن دینار ، بەڵام هەرێمی کوردستان پێداگیری لەسەر چوار ترلیۆن و 200 ملیار دەکات ، بەڵام بەغدا دەڵێ ترلیۆنێک و 500 ملیارەکە وەربگرن، ئەوەی دیکە ئەگەر نرخی نەوت زیادبوو ئەوا پارەکە دەدەین، دەیانەوێ بەوشێوەیە هەولێر ڕازیبکەن، بەڵام کورد ئەمە قبوڵ ناکات".

فەرهاد ئەترۆشی پەرلەمانتاری پارتی ، ئەوەشیگوت کە پێویستە ئەو بڕە پارانە لە بودجەدا دیاریبکرێن و لەوبارەوە گوتی "سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق گوتی ئەگەر پارەکە بەتەواوی لەنێو بودجە دیارینەکرێت ، ناکرێ دواتر پارەکە بدرێتە هەرێمی کوردستان".

هەروەها گوتیشی ئێستا بەغدا پێشنیازی ئەوەی کردووە کە پێشنیازی ئەوان و پێشنیازی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمانی عێراقدا بخرێتە دەنگدانەوە، کامەیان دەنگیهێنا ئەو پەسەندبکرێ و ئەو پێشنیازەش لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکراوە، چونکە دەمانەوێ ئەو بابەتە بە ڕێککەوتن بکرێت و ئەوە مافی کوردە".

سەبارەت بە جیاوازی نێوان سیاسەتی نەوتیی عێراق و هەرێمی کوردستانیش گوتی " عێراق لە 1927وە نەوت بەرهەمدێنێ، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم کەرتە دوادەکەوێت. نەوتی عێراق ماوەی چەند ساڵێکە بووەتە ئامێرێک بە دەست سیاسییەکانەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێزبکەن، بەڵام داهاتی نەوتی کوردستان بۆ پرۆژەکان و ژێرخان و ئاوەدانی خەرجدەکرێت. هەرێمی کوردستان توانیویەتی کۆمپانیای هەرە گەورەی بواری نەوت لەسەر ئاستی دنیا ڕابکێشێ و زیاتر لە 15 ملیار دۆلار لە هەرێمی کوردستان خەرجبکەن، ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە. کەچی عێراق داهاتی نەوت بۆ مەسەلەی سیاسی و کڕینی چەک بەکاردێنێ ، جیاوازییەکە ئەوەیە".

### پەرلەمانتارێکی عێراقییە:
### پارەی نەوتی عێراق دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتانی دیکەوە

حامد موتڵەگ، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی عێراقییە لە پەرلەمانی عێراقیش لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "هەموو سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بە سیاسەتی نەوتیشەوە لە ئاستی پێویستدا نین و لە خزمەتی هاووڵاتی عێراقیدا نییە".

هەروەها گوتی " داهاتی نەوت هەموو دەدزرێت و بە فیڕۆدەچێ و دەچێتە گیرفانی هەندێ کەس و بۆ هەندێ لایەنە کە تێر نابن. پارەی نەوتی عێراق دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتانی دیکەوە".

"لە عێراق گەندەڵییەکی زۆر لە داهاتی نەوت و هەموو داهاتەکانی دیکەدا دەکرێت".

### پەرلەمانتارێکی یەکگرتووی ئیسلامی:
### گومانمان لە سیاسەتی نەوتی کوردستانە نەک عێراق

بەڵام ئوسامە جەمیل ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ، ڕەخنەی زیاتری لە سیاسەتیی نەوتیی هەرێمی کوردستان هەبوو ، نەک سیاسەتیی نەوتیی عێراق : "سیاسەتی نەوتیی کوردستان دیار نییە، بگرە کڕین و فرۆشتنی نەوتی کوردستان ڕوون نییە ، ئەمەش وادەکات کە حکومەتی عێراق پێداگیری لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بکات و ئەو ڕێژە پارەیە نادات کە کورد داوایدەکات".

هەروەها گوتی " بەغدا داوادەکات هەرێمی کوردستان سیاسەتی نەوتیی خۆی ڕوونبکاتەوەو شەفاف بێ تاوەکو پارە بدەن". لە درێژەی ئەو قسانەشیدا گوتی" گومانمان لە سیاسەتی نەوتیی عێراق نییە چونکە زۆر ڕوون و شەفافە، ئەگەر وانەبووایە لایەنیکەم عێراقییە هەڵدەستا و قسەی دەکرد".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو بە پێداگیرییەوە گوتی " کێشەی داهاتی نەوتی عێراق لە داهات نییە، چونکە هەموو ڕوون و شەفافە، بەڵام کێشە لە چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکەیەتی".

# ڕیپۆرتاژ



## 7کەس لەسەر لەشفرۆشی حوکمدران

ڕووداو-کەرکووک

لە گەڕەکێکی شـاری کەرکووک 25کەس لەسەر لەشفرۆشـی دەستگیردەکرێن و 7کەسیان حوکمدەدرێن . عەقید یاسین حەسەن بەڕێوەبەری پۆلیسی ئازادی ڕایگەیاند "بەهۆی نەبوونی مۆڵەت و کاری لەشفرۆشییەوە لە شوقەکانی سەدام لە گەڕەکی موسەڵلا 25کەس دەسـتگیرکران کە 7پیاو و 18ژن بوون. هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکەش سـکاڵایان لەسەریان تۆمارکردبوو . 7کەسیان هەریەکەیان 7ساڵ حوکمدران . ئەوانەی دیکەش بۆ شارەکانی خۆیان ڕەوانە کرانەوە".

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگەی واشنتن:

# بەهێزبوونی پەیوەندی هەولێر و ئەنقەرە لە بواری نەوتدا دەبێتە هۆی سەربەخۆیی کورد

دڵشاد عەبدولڕەحمان، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی :

## تورکیا لە مەسەلەی نەوتی کوردستاندا ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئەمریکا

**میڤیدار ئەحمەد**
**ڕوودار- هەولێر**

پەیمانگـەی نێودەوڵەتی واشـنتن لە نوێترین ڕاپۆرتیدا لەسەر کێشەکانی نێوان تورکیا و عێراق لەبارەی هەرێمی کوردستان ، دەڵێ "ئەمریکا لەوە دەترسێ کە بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا لە بواری نەوت و وزە ، وردە وردە ببێتە هۆی سەربەخۆبوونی کورد".

هەرێمی کوردسـتان و عێـراق ماوەی چەندین ساڵە لەسەر مەسـەلەی نەوت و غاز بەردەوام لە کێشەدان . بەشێوەیەک عێراق دژی ئەوەیە هەرێمی کوردسـتان مافی ئیمزاکردنی گرێبەسـتی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان هەبێت و دژی ئەوەشە هەرێمی کوردستان دەست لە سامانی نەوتی بدات، هەرێمی کوردسـتانیش بەبێ گەڕانـەوە بۆ بەغدا تائێستا زیاتر لە 50 گرێبەستی نەوتی واژۆکردووەو، دەڵێ لەوەدا پشت بە دوو مادەی دەستووری عێراق و ڕێککەوتنێکی واژۆکراوی ساڵی 2007 دەبەستێ بە شـایەتی زەڵمای خەلیلزادی بالیۆزی ئەوکاتی ئەمریکا لە عێراق ، کە تێیدا هاتووە ئەگەر یاسای نەوت و غاز عێراق لەماوەیەکی دیاریکراودا دەرنەکرا، هەردوولا مافیان دەبێ گرێبەست بکەن و لەبارەی سامانی نەوتەوە هەڵسوکەوت بکەن.

پەیمانگەی واشـنتنی ئەمریکـی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریـکا ڕاپۆرتەکانی دەکاتە بنەما بۆ دارشتنی سیاسەتەکانی ، لە ڕاپۆرتەکەیدا مەترسی واشـنتن لە پەیوەندی بەهێزی نێـوان تورکیا و هەرێمی کوردسـتان دەخاتەڕوو و دەڵێ "دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی کراوە لەنێوان بەغدا و هەولێر".

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە لەکاتێکدایە کە جۆن کێری لـە دوای دەسـتبەکاربوونی وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سـەردانی ئەنقەرە دەکات، کە وەک ڕاگەیێندرا بابەتی سـەرەکی سـەردانەکەی کێشەی سووریایە، نەک ئەو مەسەلەیە.

لـەو ڕاپۆرتـەدا هاتـووە کە سـاڵی 2007 ئەمریکا هەوڵی زۆری لەگـەڵ تورکیادا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێز بکات ، بەڵام لەساڵی 2008 دا تورکیا بەپێی ئەو پلانـەی ئەمریکا دایनابوو بۆ عێراق کاری نەکرد و ئەمەش وایکرد واشنتن لە هەوڵەکانی تورکیا لەنێو عێراق بترسێ ، چونکە ئەنقەرە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ کورد و لایەنی سوننە دروستکردووەو لە دژی سیاسـەتی مالیکی وەستایەوە. هەروەها بەهەموو شـێوەیەک دژی ئەوەبوو مالیکی بۆ جاری دووەم ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و واشنتنیش لەگەڵ ئەوەبوو مالیکی دووبارە ئەو پۆستە وەربگرێتەوە .

پەیمانگەی واشنتن لەو ڕاپۆرتەدا دەڵێ واشنتن و ئەنقەرە لەسـەر مەسەلەی پێویستی ڕوونەدانی شـەڕ لەنێوان کورد و عەرەب هاودەنگن. هەروەها هەردوولا کاردەکەن زۆرترین نەوتی عێراق لەجیاتی کەنـداو لە ڕێگەی تورکیاوە ڕەوانـەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت .

بەپێـی ڕاپۆرتەکـە، دوای ئـەوەی تورکیا لە 2010 زانیویەتـی مالیکـی "تەنیـا کارتێکە" بە دەسـت ئێرانەوە، پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان زۆر بەهێزکرد. تەنانەت ئەحمەد داود ئۆغلـۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئایاری 2012 بەبێ پرسـکردن بە بەغدا سەردانی هەولێری کرد و دواتـر بەبێ ئەوەی بەغدای لێی ئاگادار بکاتەوە سەردانی کەرکووکی کرد.

جگە لـەوەش ڕێگەیدا نەوتـی خاوی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بچێت . ئەنقەرە لە هەنگاوی دووەمـدا لەگەڵ هەرێمـی کوردسـتان دەیەوێ ڕێککەوتنێک ئیمزابکات بۆ فرۆشتنی نەوتی خاوی کوردسـتان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئەمریکا ئەم هەنگاوەی تورکیا بە "زێدەڕۆیی" ناوبرد و نیگەرانی و مەترسی خۆی گەیاندە تورکیا.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە " ئەمریکا لەوە دەترسێ ڕاکێشانی بۆڕی نەوت ڕاستەوخۆ لەنێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا ، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا و داهاتی فرۆشـتنی نەوت ڕاسـتەوخۆ بۆ هەولێربـێ، دەبێتە هۆی ئـەوەی چیدی هەرێمی کوردسـتان لـەڕووی ئابوورییەوە پێویسـتی بە عێراق نەبێ و، پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بە تەواوی دەبڕدرێت"، بەڵام "ئەنقەرە مەترسییەکانی واشنتنی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند ئەوەی دەیکەن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە".

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ، ڕاکێشانی بۆڕی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پرۆژەیەکە ، تاوەکو تەواو نەبێ وازی لێناهێنن .

ئێسـتا هەرێمی کوردسـتان ڕۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانـەی تورکیا دەکات ، هەورامی دەڵێ " ناردنی نەوتی خاو بۆ تورکیا بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆیە لە سووتەمەنی، چونکە عێراق پشکی هەرێمی کوردستان لە بەرهەمەکانی نەوت نادات، ئێمەش ناچارین ئـەو هەنگاوە بهاوێژین و ئەوەی ئێمـە دەیکەین دژی دەسـتووری عێراق نییە".

### ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان و تورکیا

دڵشـاد عەبدولڕەحمان ، پسپۆڕی بواری نەوت و وزە دەڵـێ " ڕاکێشـانی بۆڕی نـەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گوشارە لەسەر عێراق بۆ ئـەوەی عێراق ملکەچـی مەرجەکانی هەرێمی کوردسـتان بێت و پارەی کۆمپانیـا نەوتییەکان بدات" . گوتیشی "ئەگەر عێراق بەو مەرجە ڕازیبوو، ئەوکات ڕاکێشـانی ئەو بۆڕییە لـە بەرژەوەندی عێراقدایـە، چونکە لە ڕێگەی ئـەو بۆڕییە ڕێژەی ناردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە زیاد دەبێ و داهاتی عێراقیش زیاد دەبێ".

دڵشـاد عەبدولڕەحمان کە ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە ، پێیوایە ئەنقەرە ناکەوێتە ژێر گوشـاری واشنتن "تورکیا ناکەوێتە ژێر کاریگـەری ئەمریکا، چونکە ئەویش بەرژەوەندی خۆی هەیە و بەتایبەت ئێستا لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان ساڵانە بایی زیاتر لە 8 ملیار دۆلار ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی هەیـە و ئەمەش بۆ وڵاتێکـی وەک تورکیا زۆر گرنگە، بەتایبەتیش کە ئەو ژمارەیە لە ماوەیەکی کەمدا بەدیهات".

پەیمانگـەی واشـنتن، مەترسـی ئەمریکا لە بەهێزبوونـی پەیوەندی نێـوان هەولێر و ئەنقەرە پێشـاندەدات و دەڵـێ "ئەمریکا لەوە دەترسـێ بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا وردە وردە دەبێتە هۆی سـەربەخۆبوونی کورد".

بەڵام دڵشاد عەبدولڕەحمان لە مەترسی ئەمریکا کەمدەکاتەوە و دەڵێ "ئەمریکا توانا و سیاسـەتی جارانی نەماوە کە بتوانێ گوشـار لەسـەر عێراق دروسـتبکات، بەڵکـو ئەوەی ئێسـتا کاریگەری لەسـەر عێراق هەیـە ئێرانە و ڕۆڵـی یاریزانێکی گـەورە لەعێراق دەبینێ" . گوتیشـی کاتی خۆی "لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەمریکا لەگەڵ سەربەخۆیی وڵاتانی بەلقان نەبوو، بەڵام کە سەربەخۆییان ڕاگەیاند ناچاربوو دانیان پێدابنێ ، چونکە بووە ئەمر واقیع ، بۆیە ئێستا ئەمریکا هیچ سیاسەتێکی ئاشکرای نییە بۆ گۆڕینی جوگرافیای ناوچەکە".

### ئێران باوکی ڕۆحی حکومڕانی عێراقە

عەبدولڕەحمان وەبیری ئەمریکا دێنێتەوە کە تەنیـا تورکیا نییە کاریگەری لەسـەر عێراق و هەرێمی کوردسـتاندا هەبـێ . دەڵێ " نابێ لە بیرمان بچێ ئێران دەوڵەتێکی بێ کاریگەر نییە لەسەر عێراق ، تەنانەت باوکی ڕۆحی حکومڕانی عێراقـە . لەبەرئەوە کارتێکردنی ڕاسـتەوخۆی لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی عێراق هەیە".

### ئەگەر عێراق نەرمی بنوێنێ بە یەکپارچەیی دەمینێتەوە

سایمۆن هەندرسـون، بەڕێوەبەری بەرنامەی کەنداو و سیاسـەتی وزە لە پەیمانگەی واشنتن هۆشـداری ئەوە دەدات کە "ئەگەر عێراقییەکان لەسەر مەسـەلەی نەوت و غاز نەگەنە ئەنجام ، ڕەنگە پەیوەندی نێوان بەغدا و ئەنقەرە ئاڵۆزتر ببێ . تەنانـەت یەک پارچەیی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە". بۆیە داوا لە ئەمریکا دەکات وەک لایەنێکی دەرەکی و شارەزا ڕۆڵ ببینێ بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا بگەنە ئەنجام .

هەندرسـون دەڵێ بۆ ئەوەی عێراق بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە پێویستە لەسەر بەغدا نەرمی بنوێنێ لە چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان و دەڵێ "بـۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لەسەر عێراق نەمێنێ پێویستە لەسەر واشنتن لەگەڵ هەولێر و ئەنقەرە لەسەر خەت بێ، تاوەکو ڕاکێشـانی بۆڕی نەوتی لەنێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا دروستنەکرێت" ، هەروەها "پێویسـتە گوشاریش لەسەر بەغدا دروستبکات تاوەکو لەسەر مەسەلەی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە نەرمی بنوێنێ ، بەوشێوەیە عێراق بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە".



کارمەندێکی کۆمپانیای DNOی نەرویجی لە کوردستان (فۆتۆ: Rueters)

**ئەمریکا توانای جارانی نەماوە بۆ گوشار خستنە سەر عێراق**

# ئێکسۆن مۆبیل لە ڕانیە بەدوای نەوتدا دەگەڕێت

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

سەرەڕای گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسـەر کۆمپانیـای ئێکسـۆن مۆبیل بۆ ڕاگرتنی کارەکانی لە هەرێمی کوردسـتان، ئـەو کۆمپانیـا ئەمریکییە زیاتـر پەرە بە پرۆژەکانی دەدات و ئێستا سەرقاڵی گەڕانە بەدوای نەوتدا لە سنووری قەزای ڕانیە.

دوای ئەوەی سـاڵی ڕابـردوو لە چەند ناوچەیەکـی سـنووری ئیـدارەی ڕاپەڕین پرۆسـەی پشـکنین بۆ دۆزینەوەی نەوت دەسـتپێکرد، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل مۆڵەتی لە وەزارەتی سـامانە سروشتیەکان وەرگرتووە وەک ئەزموون لە گوندێکی سەر بەقەزای ڕانیە دەسـت بەهەڵکەندنی بیری نەوت بکات.

ئـەو گونـدە نـاوی (گوڵان)ە و سـەر بەناحیەی سـەرکەپکانی قەزای ڕانیەیە کە نزیکـەی 20 کیلۆمەتر لە ڕانیـە دوورە و دانیشـتوانەکەی کە 40 ماڵ دەبن بەکاری ئاژەڵداری و باخدارییەوە سەرقاڵن.

حەمید عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل مۆڵەتی لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وەرگرتووە لە کرۆکی بێتواتە بەدوای نەوتدا بگەڕێت کە ناحیەی سکتان و سنووری قەزای ڕانیە و ڕواندوز دەگرێتەوە، بڕیـارە کۆمپانیاکـە کەمپێک لە پشتی ناحیەی حاجیاوا بکاتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی و سـەرەتا وەک ئەزمـوون بیرێک لە گوندی (گوڵان)ی ناحیەی سـەرکەپکان لێدەدات، بۆ ئەوەی بزانن چەندە نەوتی تێدایە".

حەمید عەبدوڵڵا گوتیشـی "کۆمپانیاکە سـەردانی کردووین و جارێ دەسـتیان بە هەڵکەندنـی بیرە نەوتەکە نەکردووە، بەڵام بڕیاری لێدانی بیرەکە دراوە و قەرەبووی ئەو هاووڵاتیانـەش دەکرێتەوە کە زەوییەکانیان بەر پرۆژەکە دەکەوێ".

کاروان ڕەسوڵ خدر، 22 ساڵ، خوێندکار و دانیشـتووی گوندی گوڵان بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو پشکنین لە گوندەکەمان کـراوە و دەرکەوتووە لە گـەرووی (فەقێ بەلەتـێ) نەوت هەیە و لـەوێ بیری نەوت لێدەدرێت، کە زەوی هاووڵاتیانە".

کاروان دەڵێـت "تائێسـتا لەبەرامبـەر هەڵکەندنی بیرە نەوتەکە هیچ مەرجێکمان نەبووە، بـەڵام لە دوای هەڵکەندنی بیرەکە داواکاریمان دەبێت و پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاترمـان دەوێت و پێویسـتە بەشـێکی داهاتەکەمان پێبدرێت و خەڵکیشمان لەسەر پرۆژەکە بۆ دابمەزرێنن. ئەگەر هیچمان بۆ نەکەن بەدڵنیایی هەڵوێستمان دەبێت".

کاروان بـە دووری زانـی بەهۆی لێدانی ئـەو بیـرەوە گوندەکەیان چـۆڵ ببێ کە سـەیرانگایە. کارزان گوتـی "شـوێنی هەڵکەندنـی بیرەکە نزیکەی 2 کیلۆمەتر لە ماڵەکان دوورە".



## کوردستانی



**ئەردۆغان: چارەسەرکردنی کێشەی کورد ماندوومان ناکات**

**ڕووداو-ئاژانسی ئەنادۆڵ**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سووربوونی حکومەتەکەی ڕاگەیاند لەسەر درێژەدان بە دانوستاندنەکانی ئاشتی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا. سەرۆک وەزیرانی تورکیا گوتیشی "حکومەت ئامادەیە بەرگەی هەموو سەختییەکان بگرێت لەپێناو سەرخستنی ئەم قۆناخەدا و هەر ڕێگەیەک هەبێ بۆ دەرچوون لەو قەیرانە دەیگرینەبەر و ماندوو نابین و دوودڵ نابین". هاوکات ڕەخنەش لە ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەی دەگرێت بەوەی "تەنیا ڕەخنە دەگرن و بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەر پێ نییە".

**ئەگەر PKK قەندیلی چۆڵکرد**

# چارەنووسی گەریلاکانی PJAK چی دەبێت؟

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو-هەولێر**

قۆناخێکی دیکەی چارەسەری پرسی کورد ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادایە، یەکێک لەو پرسانەی کە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، پرسی ئەو ئەندامانەی PKKیە کە خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستانن، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتییەکان. داهاتووی ڕەوشی کورد لە باکووری کوردستان چەندە ڕوون دێتە پێش چاو، هێندەش ڕەوشی PJAK و ئەندامە ڕۆژهەڵاتییەکانی نێو ڕێکخستنەکانی PKK ناڕوونە.

ئەندامە ڕۆژهەڵاتییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تۆمەتی "تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی"یان دەدرێتە پاڵ، بۆیە هەر کاتێک بگەڕێنەوە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێن و دەدرێنە دادگا. تاوەکو ئێستا چەندین ئەندامی ئەو حیزبە دادگایی کراون و سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە.

لە ساڵی 2003دا کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان، گۆڕانکاری لە سیاسەتی حیزبەکەیدا کرد و لە هەر پارچەیەکی کوردستان حیزبێکی دروستکرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAKی دروستکرد، لە باشووری کوردستان پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PCDK و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پارتی یەکێتی دیموکراتی PYDی دروستکرد.

لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناخێکی تازەی گفتوگۆ لە تورکیا بۆ چارەسەری پرسی کورد، زۆرجار باس لە داماڵینی چەک دەکرێت لە شانی گەریلاکانی PKK، ئەگەر ئەوە ڕوویدات، ڕەنگە گرفت بۆ گەریلاکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروستبێ، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتییەکان کە ناتوانن بگەڕێنەوە ئێران. بەڵام چاودێران پێیانوایە PKK چارەسەری بۆ ئەو گرفتە هەیە.

پارێزەر ئەنوەر ساعد موچی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت چەمکی "ئاسایشی نەتەوەیی" لە ئێران ڕاڤەیەکی بەربڵاوی هەیە، بۆیە "هەر کەسێک لەژێر هەر ناوێک ئەگەر نەیاری کۆماری ئیسلامی نەبێت، بەڵام لە قۆناخێکدا هەڕەشە بوبێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوە ئەم تۆمەتە دەیگرێتەوەو دەتوانرێ دادگایی بکرێ".

بەپێی قسەی ساعد موچی، پارتی کرێکارانی کوردستان بەپێی یاسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نەیاری ئەو دەوڵەتە دەناسرێ "بۆیە ئەگەر ئەو حیزبە لەگەڵ ئێران ڕێکنەکەوێ، ئەگەر ئەندامەکانیان بگەڕێنەوە ئێران یەکسەر دادگایی دەکرێن".

بەڵام زریان ڕۆژهەڵاتی، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی PJAK، دەڵێ PKK هەر لە 2003وە بیری لە چارەسەرکردووەتەوە، بۆیە سێ ڕێکخستنی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان دامەزراند تاوەکو لە ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا، بۆ دەستکەوتی دیپلۆماتی کەڵکیان لێوەربگرێ.

زریان ڕۆژهەڵاتی لە درێژەی ئەو قسانەدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لە ماوەی پێشوو لە سلێمانی کۆنفرانسێک بەسترا کە پرسی ئەندامە ڕۆژهەڵاتییەکانی PKKی تێدا باس کرا". بۆیە پێیوایە "PKK خەریکی تاوتوێکردنی ئەم پرسەیە و تورکیاش بیری لێدەکاتەوە".

بە بڕوای زریان ڕۆژهەڵاتی، PKK بۆ چارەسەرکردنی ئەندامە ڕۆژهەڵاتییەکانی دوو ڕێگەی لە بەردەمە، "یەکەم: وەک هێزێک خۆی پشتگیریان بکات. دووەم: لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە (تورکیا و ئێران) ڕێکبکەوێت".

زریان دەڵێت بژارەی دیکەش لە بەردەم PKKدا هەیە، ئەویش "PJAK کەڵک لەو ناوچەیە وەربگرێ کە ئێستا PKKی تێدایە و لەڕێی باج وەرگرتن لە قاچاخچییەکان خۆی بژیێنێ". بەڵام سەرکەوتنی ئەو پلانە بە دوور دەزانێ "چونکە بەڕێوەبەرانی PJAK کوردی باکوورن و بەشێکیش لە کادیرانی PKK بۆ خەبات لە باکوور ڕاهێنراون و شارەزای کاروباری سیاسی ئێران نین و تەنانەت شارەزایی سەربازیشیان لە ڕۆژهەڵاتدا نییە". بەڵام گوتیشی "لەوانەیە PJAK شاخ بەجێبێڵێ و لە هەرێمی کوردستان چالاکی سیاسی بکات".



چاودێرێکی کاروباری سیاسی تورکیا دەڵێ لەوانەیە PJAK وەک ڕێکخراوێک بمێنێتەوە و لەدژی ئێران بەهێزبکرێت (فۆتۆ: ڕووداو)

تاوەکو هاوینی 2011ش پارتی ژیانی ئازادی کوردستان شەڕی چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرد، بە تایبەتی لەسەر سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەش بیانووی دایە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن سێ هەزار چەکداریان هەیە، PJAK لە سەرەتای پایزی 2011دا ئاگربەستی لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند کە تا ئێستا ئەو ئاگربەستە بەردەوامە. بە بڕوای زریان ڕۆژهەڵاتی، لەوانەیە چارەنووسی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی نێو PKK لە دانیشتنەکانی پشت پەردە لە نێوان تورکیا و ئێران بڕیاری لەسەر بدرێ.

حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاودێری کاروباری سیاسی تورکیا، سەبارەت بە چارەسەری پرسی PJAK دەڵێت "PJAK ڕێکخستنێکی گەورە نییە کە بتوانێ ئەندامە ڕۆژهەڵاتییەکانی PKK ڕێکبخات. چونکە زیاتر کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریان تێدا کردووە و کادیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتیش لەو ئاستەدا نین حیزبێکیان بۆ دروست بکرێ". بەڵام پێیوایە "لەوانەشە وەک ڕێکخراوێک بمێننەوە و دژی ئێران بەهێز بکرێن".

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە 4ی نیسانی 2003 واتە لە ساڵیادی لە دایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی PKK دامەزرا. زریان ڕۆژهەڵاتی دەڵێ "PJAK لە پێناو بەرژەوەندییەکانی PKK دا دامەزرا".

عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK کە ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ، دەڵێ "تیۆری دامەزراندنی PJAK و ڕێکخستنە هاوشێوەکانی دیکەی بەستراوەتەوە بە PKKەوە".

لەو ڕێکخستنانەی PKK بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دروستیکردوون، تاوەکو ئێستا تەنیا ڕێکخستنەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە PYDیە، توانیویەتی شوێنی خۆی بکاتەوەو باڵادەست بێ، PCDK لە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا مۆڵەتی نییە.

ئایا ڕێکخستنەکەی PKK لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوتوو دەبێ. زریان ڕۆژهەڵاتی لەو بارەیەوە دەڵێت "ڕێکخستنەکەی PKK لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو، لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چونکە بارودۆخێکی تایبەتی هەیە هێشتا ڕوون نییە کە سەرکەوتوو دەبێت یان نا". بەڵام حەسەن ئەحمەد دەڵێت "ئەزموونی PKK بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێت و چارەنووسی هاوشێوەی ڕێکخراوەکەی لە هەرێمی کوردستان دەبێت".

# عەلەوییەکانی باکووری کوردستان لە ناسنامەی خۆیان دەکۆڵنەوە

**فیراز باران**
**ڕووداو-ئامەد**

ناسنامەی عەلەوییەکان باسێکی گەرمی ئەو کۆنفرانسە بوو کە سەرەتای مانگی ڕابردوو لە شاری ئامەد بۆ یەکەمجار لەلایەن عەلەوییەکانی باکووری کوردستانەوە بەسترا.

هەندێک دەیانگوت عەلەوی یەکێکە لە مەزهەبەکانی ئیسلام و ناوی مەزهەبەکەشیان بۆ عەلی کوڕی ئەبوتاڵب دەگەڕاندەوە، بەڵام بەشێکیان پێیانوابوو ئەوان موسڵمان نین و ئاینەکەیان لە ئاینی زەردەشت نزیکە، بەڵگەشیان ئەسڵی وشەی عەلەوییە، کە پێیانوایە لە ئالاڤی (ئاگر پەرست)ەوە هاتووە، ئالاڤ بە مانای گڕی ئاگر دێت.

محەممەد بایراک، توێژەر و نووسەری کورد دەڵێت عەرەب بە لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبوتاڵب دەڵێن (عەلەوی)، بەڵام "نەژادپەرستی تورک ئەم دەستەواژەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی (پەیڕەوانی خۆر) لەنێو ئاینی ئیسلامدا بتوێننەوە، دواتر بەهۆی هەندێ چیرۆکی ساختە بیانکەن بەتورک".

ئەو توێژەرە کوردە دەڵێت عەلەویەت ئاینێکی سروشتی و فەلسەفییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش نووسین، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات، ناو و هەندێک عیبادەتیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەروەها دەڵێت هەرچەندە گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئاینەکەدا هاتووە، بەڵام عیبادەتی بنچینەیی وەکو خۆی مایەوە "ئۆجاخ، سەما، پیر، زیارەت و باوەڕی ڕۆژ هەمیشە وەک خۆی ماوەتەوە".

محەممەد بایراک، کە پەرتووکێکی هەیە بە ناوی (کورد و عەلەویەت) ڕەتیدەکاتەوە عەلەوی مەزهەبێکی ئیسلامی بێ و دەڵێت "بە تێپەڕبوونی کات هەندێک نەریتی ئیسلامی کەوتە ناو عەلەوییەت کە بەهۆی تواندنەوە دروست بووە. عەلەوییەت، یارسانی و ئێزدی زۆر نزیکی یەکدین".

ئەدهەم خەمگین، توێژەری بواری ئاینە کۆنەکانی کوردستان، باسی ئەسڵی وشەی عەلەوی دەکات و دەڵێت "بنچینەی ئەو وشەیە (ئالاو)ە، کە وشەیەکی کوردییە و ئالاویش (مەنسووبی ئاگر) و (مەنسووبی ئالاڤ)ە". هەروەها دەڵێ "عەلەوییەت ئاینێکی کوردستانییە و زۆر وشەی ئاینی سەرنجڕاکێشی کوردی تێدایە. بۆ نموونە: خودا (خوە دا)، ئەزدا (ئەز دا) و مەزدا (مە دا)".

بنچینەی عەلەویەت پێکدێ لە (ئۆجاخ- پیر- ڕێبەر)، کە لە ئاینی زەردەشتیشدا هەر بەو شێوەیە (ئۆجاخ- پیر- ڕێبەر) ئۆجاخی یەکەم لەلایەن زەردەشتەوە دروستکراوە.

زیارەت، جەم و سەماش بۆ عەلەوییەکان پیرۆزن.

ئەدهەم خەمگین باسی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە بەسەر ئەو ئاینەدا هاتوون و دەڵێت "لە سەردەمی یاڤوس سولتان سەلیم (1514)، عوسمانییەکان ئۆجاخی عەلەوییان داگیرکرد و سیستەمی پەروەردەیان گۆڕی. واتە ئەوە ماوەی 500 ساڵە عەلەوییەکان لەلایەن ڕژێمی عوسمانی و تورکەوە دەتوێندرێنەوە و بە ملیۆنان عەلەوی ئاینی خۆیان گۆڕی. بۆ نموونە هەندێک کەس دەڵێن ئێمە مەزهەبێکی ئیسلامین و سەرۆکەکەشمان عەلییە، بەڵام عەلی سەمای نەدەزانی، دوعای بۆ خۆر نەدەکرد، هەروەها ئۆجاخیشی نەبوو، تەنانەت ئەوانەی عەلی بە ڕێبەری خۆیان دەزانن، وەکو عەلی ناژین".

هەروەها دەڵێ "مەولانا و یونس ئەمرە عەلەوی بوون. پیر سولتان عەبدالیش کورد بووە. هۆنراوەی ئەو کەسانە وەرگێڕدراوە بۆ تورکی و دەڵێن ئەوانە تورکن. نەوەی پیر سولتان ئەمڕۆ لە سێواس و بەرگیش گلادباغی ئەڵمانیا دەژین. هەمووشیان بە کوردی قسەدەکەن".

حوسێن دۆنات، کە ئۆجاخی شیخراشۆنە، بەپێی میتۆلۆژیا باسی عەلەوییەت دەکات و دەڵێت "ئەنجوومەنی چالان لە ئارش1- ئالا کۆبوونەوە. لەوێ مەخلوقاتیان دروستکرد. ڕۆڵی سەرەکییان بەخشی بە خۆر. لەگەڵ خۆر، با، ئاو و خاکیان ئافراند. دونیایان دروستکرد و چوار پێکهاتەیان بەخشی بە گیا، ئاژەڵ و مرۆڤەکان. ڕۆحی مرۆڤەکانیان بە میوزیک دروستکرد و بۆ دڵخۆشکردنی مرۆڤەکان 12 ئەستێرەی جەمسەریان دروستکرد".

### هەندێک لە بیرو باوەڕی عەلەوییەکان:

- دوعا لای خۆر دەکەن. کێڵی گۆڕەکانیان ڕووی لە ڕۆژە. بەو جۆرە ڕۆحی مرۆڤەکان بە ئاسانی دەگەڕێتەوە بۆ خۆر.
- عەلەوییەکان سەما دەکەن و پێیانوایە هەموو بوونەوەران لە دەوری ئەوان دەسووڕێنەوە.
- عەلەوییەکان 12 ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن. هەندێک کەس دەڵێن "ئێمە ڕۆژوو بۆ 12 ئیمام دەگرین"، بەڵام دوازدە ئیمامەکە موسڵمان بوون. ئێمە بۆ 12 ئەستێرەکە ڕۆژوومان دەگرت.
- ئاگر، با، ئاو و خاک لەلای عەلەوییەکان پیرۆزن. کاتێک ئەمانە پیس دەبن ژیانیش پیس دەبێت. ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی جەم بۆ ئەوان پێویستە. لە مەراسیمی جەمادا ئاگر بە مۆم، با بە زاکیر (ئەوەی نەفەس دەخوێنێتەوە)، ئاو بە (کەسێک ئاو بڵاودەکاتەوە) و خاک بە (کەسێک کە خواردن دەدات) تەمسیل دەکرێ. تەنانەت ئەو عەلەوییانەی کە دەڵێن "ئێمە موسڵمانین" عیبادەتی جەما بەهەمانشێوە ئەنجامدەدەن.

### ئۆجاخ (پەرستگای عەلەوییەکان):

- ئۆجاخی مار: بنەماڵەی هاوڕێی ماران. کاتێک مار دەچوونە ناو خانوویەک ئەوان مارەکەیان دەگرت و ژەهرەکەیان لێ دەردەکرد و نەخۆشیان پێ چارەسەر دەکرد.
- ئۆجاخی منداڵان: ئەوانەی منداڵیان وندەبوو دەچوونە ئەو ئۆجاخە
- ئۆجاخی با: ئەوانەی نەخۆشی ڕۆماتیزمیان هەبوو، دەچوونە ئەو ئۆجاخە.
- ئۆجاخی عەلەوییەکان: خەڵکەکە ئەوانەی کەرامەتیان هەبووە وەکو ئۆجاخ ناویان دەبردن. پۆرم ئاتێ ئەلیف (خەڵکی بازارخجی سەر بە مەرەش) عەلەوی بووە. ئێستاش بە سەدان هەزار کەس دەچنە سەر مەزاری و دوعای بۆ دەکەن.

**عەلەویی کورد، تورک و عەرەب**

عەلەویی کورد لە باکووری کوردستان، لە شارەکانی مەرەش، سێواس، دێرسم، ئەرزینجان، سەمسوور، ئەرزڕۆم، ئەلەزیز و دیلۆک دەژین. لە شاری چۆرووم تورکیاش نزیکەی 230 گوندی عەلەویی کوردی هەن. ناوەندی عەلەوی تورکیش لەشاری ناڤشەهیر، ئانتالیا، ئایدن، کیرشەهیر، تراکیا چۆرووم و تۆکاتەیە، بەڵام دوای ساڵانی 1950 ژمارەیەکی زۆری عەلەوییەکان بەرەو شاری ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەدەنە و مێرسین کۆچیان کرد. هەروەها لە شاری مێژوویی ئانتاکیاش عەلەویی عەرەب هەن. بەپێی خەمڵاندنەکان ژمارەی عەلەوییەکان لە تورکیا 20 ملیۆنە. شوێنێکی تایبەتیان نییە وەکو کەعبە یان لالشی نوورانی کە هەموو باوەڕمەندان ڕووی تێبکەن. شوێنی پیرۆزیان لە هەموو ناوچەیەک هەیە و زیاتر لۆکاڵین.



سرووتێکی عەلەوییەکانی دێرسم لە باکووری کوردستان

## کاروباری سیاسی

### هاوپەیمانی کوردستانی حکومەتی زۆرینە ڕەتدەکاتەوە



**ڕووداو- بەغدا**

هاوپەیمانی کوردستانی، پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە لە عێراق ڕەتدەکاتەوە. موئەیەد تەیب، گوتەبێژی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کشانەوەی وەزیرەکانی عێراقیە لە حکومەت، واتای پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە نییە، هەنگاوێکی لەوشێوەیەش بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت، چونکە حکومەتی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق پێکهاتووە نەک زۆرینە." هەروەها دەڵێ "بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە لەلای پەرلەمانی عێراقە و ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی نییە".

---

دوای نەخۆشییەکەی هیچ وێنەیەکی تاڵەبانی بڵاونەکراوەتەوە

# لەماوەی سێ کاژێری یەکەمی جەڵتەکەیدا چارەسەری پێویستی بۆ نەکرا

## پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی تاڵەبانی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کردووە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوە ماوە بەرپرسانی یەکێتی لێدوان لەسەر تەندروستی تاڵەبانی دەدەن کە بەرەو باشبوون دەچێ و بگرە قسە و هاتوچۆش دەکات، بەڵام تائێستا هیچ وێنەیەکی تاڵەبانی لە دوای نەخۆشکەوتنیەوە بڵاونەکراوەتەوە. ئەو پزیشکە ئەڵمانیانەی چارەسەری دەکەن، ڕەخنە لە پزیشکە عێراقییەکان دەگرن کە سەرەتا چارەسەری پێویستیان بۆ تاڵەبانی نەکردووە.

جەلال تاڵەبانی دوای نزیکەی 60 ساڵ لە خەباتی سیاسی، لە تەمەنی 79 ساڵیدا لەناکاو لە درەنگانی شەوی 2012/12/17 لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە شاری بەغدا تووشی جەڵتەی مێشک بوو، کە بە یەکێک لە قورسترین نەخۆشییەکان دادەنرێت، هەروەها بەپێی زانیارییەکان لەهەمانکاتدا جەڵتەی دڵیش لێیداوە.

تاڵەبانی سەرەتا لە نەخۆشخانەی (مدینە الطب)ی شاری بەغدا چەند ڕۆژێک لەژێر چارەسەریدابوو، کە ڕۆژی دواتر تیمێکی تایبەتی لە ئەڵمانیاوە بۆ هێنرا. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو)کەوتوون، پزیشکە ئەڵمانییەکان دوای بینینی تاڵەبانی ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش کردووە و گوتوویانە "لە سێ کاژێری یەکەمی تووشبوونی بە جەڵتەی مێشک، چارەسەری پێویست نەکراوە، ئەوەش کاریگەری قورسی هەیە لەسەر زوو چاکبوونەوەی تاڵەبانی".

ئێستا تاڵەبانی لە نەخۆشخانەی شاریتی لە ئەڵمانیا لەژێر چارەسەریدایە.

دکتۆر عەبدولڕەحمان عەزیز ڕەسول، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار و دڵ، دەڵێ "ئەوەی تووشی جەڵتەی مێشک دەبێ لەهەر شوێنێک بێ دەبێ لە سێ کاژێری یەکەمی تووشبوونی بەو جەڵتەیە، دەرمانێکی پێبدرێت، ئەگەر لەوماوەیەدا دەرمانەکەی پێنەدرێت، کاریگەری زۆر خراپ دەکاتە سەر نەخۆشەکە و ئەستەمە بە ئاسانی چاک ببێتەوە".

نوێترین لێدوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر تەندروستی تاڵەبانی، لێدوانی عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕایگەیاند تاڵەبانی بە تەلەفۆن لەگەڵ خێزانەکەی قسەی کردووە، ئێستا دەتوانێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری قسە بکات.

هەرچەندە شێخ جەنگی برای تاڵەبانی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە لەوانەیە جەلال تاڵەبانی لە 10ی ئاداردا بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت "لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا مام جەلال باسی گەڕانەوەی خۆی نەکردووە، بەڵام گوتوویەتی بە خزمەکان و برادەران بڵێ وەزعی من زۆرباشە و با لە خەمی مندا نەبن".

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، دکتۆر نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارێزگاری کەرکووک کە خۆی ماوەیەک سەرپەرشتی چارەسەری نەخۆشییەکەی تاڵەبانی کردووە و ڕایگەیاند "ئێستا مام جەلال بە تەواوی و بەڕەوانی قسە دەکات و زاکیرەشی بەشێوەیەکی کارا ئەرکەکانی خۆی ئەنجامدەدات". هەروەها گوتی "تیمی پزیشکی دڵنیای کردووینەتەوە کە سەرۆک تاڵەبانی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێتەوە وڵات و ئەرک و فەرمانەکانی خۆی ئەنجامدەدات".

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری تاڵەبانی لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەردانی بەغدای کردووە بۆ ئەوەی لە (مدینە الطب) ئامادەکاری بکات بۆ گەڕانەوەی تاڵەبانی تاوەکو لەوێ چارەسەری بەردەوام وەربگرێت. هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕەتیکردەوە، کە سەردانەکەی ئەو بۆ بەغدا بۆ ئەو مەبەستەبێ و تەنانەت گوتی "لەکاتێکدا جەنابی مام جەلال لە ئەڵمانیا لەژێر چاودێری و چارەسەری پزیشکیدابێت و تیمی تایبەتی پزیشکی یاوەری بکەن پێویست ناکات بهێنرێتەوە بۆ بەغدا".

دکتۆر عەبدولڕەحمان دەڵێ "لە قسەکانی هێرۆخانیش دەردەکەوێ کە دیارە لە بەغدا وەک پێویست چارەسەر بۆ مام جەلال نەکراوە بۆیە وادەڵێ".

ئەوپزیشکە پسپۆڕە لە نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار لەڕووی زانستییەوە باسی تەندروستی تاڵەبانی دەکات و دەڵێ "نەخۆشی زۆرمان هەیە کە جەڵتەی مێشک لێیدەدات، بەڵام وردە وردە ئیستیجابەی دەبێ و وای لێدێ لەسەر کورسی دابنیشێ و تاڕادەیەکیش قسە دەکات، بەڵام مەحاڵە بگەڕێتەوە حاڵەتی سرووشتی خۆی". تەنانەت دەڵێ "تائێستا کەسمان نەبینیوە دوای تووشبوون بە جەڵتەی مێشک بگەڕێتەوە حاڵەتی سروشتی خۆی، بەتایبەتی بەو ئاستەی کە مام جەلال تووشبووە".

دکتۆر عەبدولڕەحمان عەزیز ڕەسول خۆی ئەو دکتۆرانەی عێراقی بینیوە کە لە یەکەم ساتی گەیشتنی تاڵەبانی بۆ نەخۆشخانەی (مدینە الطب) لەبەغدا لەنزیکی تاڵەبانی بوون و دەڵێ "دکتۆرەکان گوتیان تاڵەبانیمان بینی بێهۆش بوو". بۆیە "ئەوانەی تووشی جەڵتەی مێشک دەبن 100% بێهۆش دەبن و زاکیرەیان دەڕوات و هەندێ قورسە تاوەکو دەگەڕێنەوە و قسەکانی دکتۆر نەجمەدین کەریمیش وادەریدەخات کە دەڵێ زاکیرەکەی ئێستا کاردەکات واتە پێشتر بێهۆش بووە، ئەگەر بێهۆشیش نەبووبێ ئەوا ئیستیجابەی زۆر کەمی هەبووە. بەشێوەیەک کە وانییە بگەڕێتەوە حاڵەتی سروشتی خۆی و بتوانێ وەک سەرۆک کۆمار کاربکات".

ئەو دکتۆرە دەڵێ "ئەوە قسەی من نییە، بەڵکو لەڕووی زانستییەوە چارەسەری ئەم نەخۆشییە زۆر قورسە. ئەگەر لە دەرەوەی زانست بەتەواوی چاکببێ و خوا چاکی بکات ئەوە شتێکی دیکەیە، ئەگەرنا لەهەر کوێیەک بێ هەر ئەو چارەسەریە هەیە کە ئێستا وەردەگیرێت".

سەبارەت بە قسەکردنی تاڵەبانیش کە ئێستا بە ڕەوانی قسە دەکات. دکتۆر عەبدولڕەحمان دەڵێ "ئێستا کە دەڵێن قسە دەکات و هاتوچۆ دەکات ئەوە لە زانستی پزیشکی دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە کە بەو ماوە کورتە دەتوانێ قسە بکات. بەڵام بەهەر شێوەیەک بێ ناتوانێ وەک جاران بە نەرم و نیانی قسە بکات و ئەمەش بەداخەوە شتێکی قورسە".

پۆستی تاڵەبانی لە بەغدا تائێستا بەتاڵە و جێگرەکەی کە خزەیر خوزاعییە، کارەکانی بەڕێوەدەبات. لایەنی شیعەش دەڵێ ئەو پۆستە پشکی کوردە و دەبێ خۆیان بڕیار لەسەر پڕکردنەوەی بدەن.

عەلی عەلاق، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی عێراق لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پۆستە لەو خولەدا پشکی کوردە و کورد بڕیاری لەسەر دەدەن کێ لە شوێنی تاڵەبانی دادەنێن، یان ئەو پۆستە هەر بە بەتاڵی دەمێنێتەوە".

ڕۆژی 2013/2/6 شاندێکی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و لەگەڵ قاسم سلێمانی، فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێران و بەرپرسی دۆسیەی عێراق لە کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە. یەکێک لەو تەوەرانەی ئێران لەگەڵ شاندی یەکێتی باسیکردووە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بووە.

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەبارەی کاتی گەڕانەوەی تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا نازانین کەی دەگەڕێتەوە و ئەمە دەمێنێتەوە سەر ڕاپۆرتی پزیشکەکانی و ئەوان بڕیار دەدەن کەی بگەڕێتەوە".

سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆمار، ئایا یەکێتی کاندیدێکی دیکەی هەیە لە شوێنی تاڵەبانی، عەدنان موفتی گوتی "چونکە مام جەلال ئێستا نەخۆشە، باسی ئەو بابەتە ناکەین".



**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**

**ئەستەمە مام جەلال بتوانێ وەک جاران کاری سیاسی بکات**

**دکتۆر عەبدولڕەحمان عەزیز ڕەسول، پزیشکی پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی مێشک و دەمار:**

**کەسمان نەبینیوە دوای تووشبوون بە جەڵتەی مێشک بگەڕێتەوە حاڵەتی سروشتی خۆی بەتایبەت بەو ئاستەی مام جەلال تووشیبووە**

**عەلی عەلاق، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە:**

**پۆستی سەرۆک کۆمار لەم خولە پشکی کوردە و خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن کێ لە شوێنی تاڵەبانی دادەنێن**

### نەخۆشخانەی شاریتی:

نەخۆشخانەی شاریتی واتە (خێرخوازی) لە ئەڵمانیا بە یەکێک لە گەورەترین نەخۆشخانەکانی ئەورووپا دادەنرێت، ئەو نەخۆشخانەیە لە ساڵی 1709 بە فەرمانی شا فریدریک پادشای بروسیا دروستکرا، ئەوکات نەخۆشخانەکە بۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ پاراستنی ئەڵمانەکان لە نەخۆشی تاعون، بەڵام نەخۆشییەکە نەگەیشتە بەرلین. نەخۆشخانەکە تائێستا 11 خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە و ئێستا چوار بەشی هەیە لە بەرلین و 7500 قوتابی تێیدا دەخوێنن.

نەخۆشخانەکە پێکدێ لە 3500 قەرەوێڵە، 14 هەزار و 400 کارمەند کاری تێدا دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی. سەرۆک و کەسانی دەوڵەمەندی دنیا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچنە ئەو نەخۆشخانەیە بۆ چارەسەری. ئێلیزا بایر، توێژەر لە زانکۆی بۆن لە ئەڵمانیا دەڵێ جگە لە تاڵەبانی، پێشتریش حوسنی موبارەک سەرۆکی پێشووی میسر و سەرۆکی کازاخستان و زۆر کەسایەتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو نەخۆشخانەیە چارەسەر کراون.

---

لە ماوەی 10 ڕۆژدا PKK وەڵامی ئۆجەلان دەداتەوە

# ئۆجەلان داوا لە قەندیل دەکات پێداگیری لەسەر دەستەواژەی "هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا" بکەن

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو- هەولێر**

شاندی پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP نامەی ئۆجەلان دەگەیێننە کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK و دەڵێن هەڵوێستی ئەوان ئەرێنییە و لەماوەی 10 ڕۆژدا وەڵامی ئۆجەلان دەدەنەوە. چاودێرێکی سیاسیش پێیوایە نزیکبوونەوەی کورد و حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان AKP لە داهاتوودا هاوسەنگییەکانی ناو تورکیا دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش لە ناوچەکەدا دەبێت.

بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لە قەندیل، بەرەبەیانی 2013/3/1 شاندێکی پەرلەمانتارانی BDP و کۆما جڤاکێن دیموکراتی KCD گەیشتنە شاری سلێمانی. دواتر چوونە قەندیل و لەگەڵ سەرکردایەتی KCK کۆبوونەوە. ڕۆژی دواتریش لە شاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی KCK لە قەندیل دانیشتوون و هەڵوێستی قەندیل لەبارەی پرۆسەی ئیمرالی ئەرێنییە و لە ماوەی 10 ڕۆژدا وەڵامی نامەی ئۆجەلان دەدەنەوە.

سڕی سورەیا ئۆندەر، پەرلەمانتاری BDP، کە یەکێکبوو لە ئەندامانی شاندەکە بە (ڕووداو)ی گوت "قەندیل نامەکەی ئۆجەلانی زۆر بە گرنگ وەرگرتووە، پێشموایە وەڵامی قەندیلیش بۆ ئۆجەلان گرنگتر دەبێ و پرۆسەکە تۆکمەتر دەکات".

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، دەقی چاوپێکەوتنی ئۆجەلان و شاندی دووەمی پەرلەمانتارانی BDP لە ئیمرالی لە ڕۆژنامەی (میللییەت) بڵاوکرایەوە، ئەمەش دڵەڕاوکێی لەناو ڕای گشتی دروستکرد و وەک هەوڵێک لێکدرایەوە بۆ لەباربردنی پرۆسەی گفتوگۆ. دواتر ئاماژە بەناوی پەرلەمانتار ئاڵتان تان کرا، کە دەقی هەڤپەیڤینەکەی داوەتە ڕۆژنامەی (میللیەت). دوای ئەوەی 24 کاژێر چاوپێکەوتنی قەندیل و پەرلەمانتارانی کورد دواکەوت، نیگەرانییەکان زیاتربوون، ڕۆژنامەکانی تورکیاش بڵاویانکردەوە کە قەندیل بەهۆی بڵاوبوونەوەی دەقی چاوپێکەوتنی ئۆجەلان ئامادەنییە لەگەڵ شاندی BDP و KCD کۆببێتەوە.

بەڵام ئاڵتان تان ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوە بوختانێکە بە منی دەکەن، دەیانەوێ ئەکتەرەکانی چارەسەری ماندوو بکەن و ڕایانبگرن". ئاڵتان تان گەشبینە بە پرۆسەی گفتوگۆی ئیمراڵی و دەڵێ "پرۆسەکە لەسەر ستوونێکی قایم بۆ پێشەوە دەڕوات، خەریکە لێکتێگەیشتن دەبێتە سیمایەک لەناو پرۆسەکە".

ئۆجەلان لە گفتوگۆی لەگەڵ شاندی دووەمی پەرلەمانتارانی BDP لە ئیمرالی لە ڕۆژی 23 مانگی ڕابردوو، کە دەقەکەی وەک "بۆمبێکی بێ کاریگەر" لە ڕۆژنامەی (میللییەت) بڵاوکرایەوە ئاماژە بە چەند خاڵێکی دەستوور دەکات کە PKK داوای دەکات و جێگەی ناکۆکییە لەنێوان BDP و AKP. لەوانەش: پێناسەی هاووڵاتیبوونە، کە قەندیل و BDP پێیانوایە دەبێ ناوی کورد لە دەستوور بهێنرێت، بەڵام ئۆجەلان داوا لە قەندیل و ئامەد دەکات پێداگری لەوبارەوە نەکەن و پێشنیازی دەستەواژەی "هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا " بکەن، کە نزیکە لە پێشنیازی AKP.

هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی"، ئۆجەلان بە BDP دەڵێ "پێشنیازی فراوانبوونی دەسەڵاتی شارەوانی بە گوێرەی ستاندارتی یەکێتی ئەورووپا بکەن".

وەهاب جۆشکون، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی دیجلە پێیوایە قسەکانی ئۆجەلان گرنگن بۆ چارەسەری ناکۆکی هەردوولا لەسەر دەستوور "ڕێککەوتنی AKP و BDP لەسەر دەستوور، زەمینەسازییە بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکە. پێموایە قسەکانی ئۆجەلان لەوبارەوە جێگەی خۆشحاڵی سەرۆک وەزیر دەبێ و ئامەد و قەندیلیش ڕازیدەکات".

لەوکاتەی ناکۆکی لەنێوان بزووتنەوەی گولەن و AKP دەگاتە لووتکە، هەردوولا دەخوازن جومگەکانی دەسەڵات لە تورکیا کۆنترۆڵبکەن، ئۆجەلان لە قسەکانیدا لەگەڵ پەرلەمانتارانی BDP ئاماژەی مەترسی فەتحوڵڵا گولەن دەکات و دەڵێ "گولەن ویستی کودەتا بکات، هەوڵیدا یەکەمجار هاکان فیدان، ڕاوێژکاری MİT لەناوببەن و دواتریش نۆرە دەگەیشتە ئەردۆغان، من ئەوەم پووچەڵکردەوە".

وەهاب جۆشکون پێیوایە ئۆجەلان ئەو قسەیە ئاراستەی PKK دەکات و پێیاندەڵێ "ئەمڕۆ تاکە لایەن لە تورکیا هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستن، ئەردۆغانە".

بەپێی هەندێ لێکدانەوە بزووتنەوەی گولەن چەندین دەزگای گرنگی دەوڵەتی لەبندەستە لەوانەش: TRT و ئەمنیەت — پۆلیسی مەدەنی، جگە لەوەش لە شارەکانی باکووری کوردستان وەک ئامەد، باتمان، مێردین، مووش و ئاگری بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوانیان هەیە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی (ڕووداو) بزووتنەوەی گولەن لە ڕێگەی چەند کەناڵێکەوە پەیوەندی بە قەندیلەوە کردووە. ویستوویەتی هەڵوێستی ئەوان دەربارەی پرۆسەی گفتوگۆی نێوان ئۆجەلان و MİT بزانێ. نەژاد یاورک بەرپرسی پێشووی BDP لە ئامەد کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانە و خەریکی بازرگانی و وەبەرهێنانە، پێیوایە بەهۆی ناکۆکی گولەن لەگەڵ حکومەتی AKP، ئەمڕۆ ئەو بزووتنەوەیە "هەڕەشەکی گەورەیە" لەسەر پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد. نەژاد دەڵێ "چەندین ساڵە فەتحوڵڵا گولەن لە ئەمریکا دەژی، ئەمریکا پشتگیری دەکرد چونکە گولەن خزمەتی گەورەی ئەمریکای کرد. ئێستا ئەمریکا کاری بە گولەن نەماوە، دیسان گولەن بووەتە هەڕەشە لەسەر ئەجێنداکانی ئەردۆغان، بۆیە ئەردۆغان هەوڵدەدات لاوازی بکات".

# 1000 دۆلار بۆ سەری پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی کەرکووک دانراوە

## عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکان:

## هاووڵاتیان خەریکە بڕوایان بە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک نامێنێ



(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو-کەرکووک**

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی شــاری کەرکووک ڕایگەیاند هەڕەشـــەنامەیەکیان بۆ هاتووە کە دەڵێت هەر کەسێک پۆلیس، ئاسایش، یان پێشمەرگەیەک بکوژێ 1000 دۆلار وەکو خەڵات وەردەگرێ.

سەرحەد قادر کە ڕۆژی 2013/2/2 لە کاتی تەقینەوەیەک لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکـــووک بریندار بوو، هێشـــتا برینەکەی بە تەواوی ســـاڕێژ نەبووە، بەڵام گەڕاوەتەوە سەر دەوامی خۆی.

### کۆچ یەخەی کەرکووک دەگرێتەوە

کۆچ، مێژوویەکی درێژی هەیە لە کەرکووک و لەناوەڕاستی ســـەدەی ڕابردووەوە بەشێوەی کۆچی زۆرملێ دەســـتیپێکرد، کاربەدەستانی حکومەتەکانی پێشـــووی عێراق دانیشـــتووانە ڕەسەنەکەی ئەو شارەیان ناچار کرد بار بکەن.

بەڵام عەمید سەرحەد قادر، باس لە جۆرێکی دیکەی کۆچ دەکات کە ڕووی لە شاری کەرکووک کـــردووە، ئەویش بەهۆی تێکچوونی ڕەوشـــی ئەمنییە لە شارەکەدا.

عەمیـــد ســـەرحەد دەڵـــێ "تەقینـــەوە لە شـــارەکانی عێـــراق زۆرە، بـــەڵام ئەوانەی ئەو دواییـــەی کەرکـــووک جیاوازن، تیرۆریســـتان بە ڕۆژی ڕوونـــاک بڵاوکراوەی هەڕەشـــەئامێز بڵاودەکەنـــەوە، کاروچالاکییەکانیان نیشـــانی خەڵـــک دەدەن، ئەوەش بووەتە مایەی تۆقینی هاووڵاتیان و ســـەرهەڵدانی دیاردەی کۆچکردن بەرەو شارە ئارامەکان".

بەبـــڕوای عەمید ســـەرحەد قادر ترســـی هاووڵاتیـــان زیاتـــر بووە دوای ئـــەوەی هێرش کرایـــە ســـەر دەزگا ئەمنییـــەکان "خەڵک وا بیردەکەنەوە ئەگەر پۆلیس و بنکەیەکی ئاسایش و بارەگایەکی سوپا خۆی پێ نەپارێزرێت چۆن توانای پاراستنی گیانی خەڵکیان هەیە".

دوو مانگـــی ڕابردوو بـــۆ خەڵکی کەرکووک خوێناوی بـــوون. دوو تەقینـــەوەی گەورە لەو شارە ڕوویاندا، یەکێکیان لە شەقامی ئەتڵەس و ئەوی دیکەشـــیان لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی کەرکووک، کە زیاتر لە 80 کوژراو و 200 بریندراری لێکەوتەوە.

لەو هێرشانەی ئێســـتا دەکرێنە سەر شاری کەرکووک وەک عەمید ســـەرحەد باســـی کرد مووشەکبارانکردنی گەڕەکەکانە "زۆربەی شەوان مووشەکبارانکردنی گەڕەکەکان هەیە".

لە ســـاڵانی ڕابردوودا، کەرکووک بە بەراورد بە شـــارەکانی دیکەی عێراق ناوچەیەکی نیمچە ئارام بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە نائارامیەکی زۆر ڕووی لە شارەکە کردووە.

عەمیـــد ســـەرحەد قـــادر، هۆکارەکـــەی ڕوونکـــردەوەو گوتی "پێشـــتر پۆلیس لەگەڵ فیرقـــەی 12ی ســـوپای عێـــراق هەماهەنگی باشـــی هەبوو، بەردەوام هێرشمان دەکردە سەر تیرۆریســـتان، ئەوەش وایکردبوو تیرۆرســـتان شوێنێکی ئارامیان نەبێ بۆ خۆحەشاردان، بەڵام دوای دروستبوونی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە ئـــەو پەیوەنـــدی و هەماهەنگییە نەما، چونکە ئێستا فیرقەکە فەرمان لە ئۆپەراسیۆنی دیجلە وەردەگرێ". هەروەها گوتی "زۆرجاریش زانیـــاری ئەمنـــی دەکەوێتە ژێردەســـتی باندە تیرۆریستییەکان".

سەرحەد قادر باسی لە بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوەکان کرد و گوتـــی "دوای دامەزراندنی ئۆپەراســـیۆنی دیجلە، باندە تیرۆرستییەکان لە سنووری چیاکانی حەمرین و چەند ناوچەیەکی دیکـــەی کەرکـــووک خۆیـــان کۆکردووەتەوە و هەڕەشـــە لە چەند لایەنێکی شـــاری کەرکووک دەکـــەن، بۆیە زۆرجار نەمانتوانیوە پرســـە بۆ هەندێک لە ئەفسەرە شەهیدەکانمان دابنێین".

بە بـــڕوای چاودێـــران هـــۆکاری زۆربوونی تەقینەوەکان، نەبوونی سەرچاوەی هەواڵگرییە بە دەست پۆلیس، عەمید سەرحەد دان بەوەدادەنێت کە لەو ڕووەوە کەموکوڕی هەیە و دەڵێت "پۆلیس دەبێت زانیاری لە دەزگای هەواڵگرییەوە پێبگات، بەڵام بەداخەوە نایدەن، یان زانیاریمان دەدەنێ لە کات و ساتی خۆیدا نییە".

یەکێکی دیکە لەو بەڵایانەی یەخەی شارەکەی گرتـــووە، ڕفاندنی هاووڵاتیانە. چاودێران دەڵێن دوو هۆکار لە پشت ڕفاندنی هاووڵاتیانە، یەکەم: ترســـاندن و دووەم: کەمبوونەوەی سەرچاوەی دارایی گرووپە توندڕەوەکان.

عەمید ســـەرحەد قادر لە بـــارەی ڕفاندنی هاووڵاتیانەوە دەڵێت "ئەوانەی خەڵک دەڕفێنن، دەبنە دوو بەشـــەوە. بەشـــێکیان بۆ وەرگرتنی پارەیـــە و ڕەنگە پەیوەندیـــان نەبێت بە کاری تیرۆرستی، بەشـــێکیان هاووڵاتیان دەڕفێنن بۆ ئەوەی پارەی پێوەربگرن و بەو پارەیە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و بۆمبی چێنراو دابین دەکەن". بەڵام پێیوایە بەشێکیشیان پێویستیان بە پارە نییە و تەنیا بۆ ترساندنی هاووڵاتیان خەڵک دەڕفێنن.

زۆرجار دەگوترێ یەکێک لە سەرچاوەکانی نا ئارامی لە کەرکووک، زۆری بارەگا حیزبییەکانە لەو شـــارەدا، چەند جارێکیش بـــاس لە بردنە دەرەوەی بارەگا حیزبییەکان کراوە لە شـــاری کەرکووک.

عەمید ســـەرحەد قادر دەڵێ لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پارێـــزگای کەرکووک ئەم بابەتە خراوەتـــە بەر باس. بە بڕوای ناوبراو ئەو بابەتە دوو لایەنی هەیە "هەندێک لە حیزبەکان توانای پاراســـتنی بارەگاکانی خۆیان نییە، تیرۆریست دێت ئۆتۆمبێلێک بەئاسانی لەبەردەم بارەگاکە دەتەقێنێتـــەوە و زیانـــی مـــادی و گیانـــی بە هاووڵاتیانی نزیک بارەگاکە دەکەوێت، ڕەنگە ئەوە بەدەرچوونی بارەگا حیزبیەکان نەمێنێ". بەڵام "زۆر لە هاووڵاتیان مانەوەی بارەگا حیزبییەکانیان پێ خۆشە، چونکە پێیانوایە چەکدار و پاسەوانی ئـــەو بارەگایانە دەبنە پارێـــزەری ماڵ و گیانی خۆیان".

عەمید سەرحەد قادر پێیوایە سەقامگیر بوونی باری ئەمنی شـــاری کەرکووک کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەڵێت "تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی کەرکووک واتا دروستکردنی مەترســـی بۆ سەر هەولێر و سلێمانی و دهۆک".

---



عەبدولڕەحمان سدیق *
asidiq1962@yahoo.com

# گۆڕینی دیمۆگرافی و پەرەسەندنی تیرۆر

هۆکارەکانـــی زیادبوونـــی کـــردەوە تیرۆریســـتییەکان لـــە کەرکـــووک و ناوچـــە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەرچەنـــدە زۆربـــن، بەڵام دەکـــرێ بڵێین کە هۆکاری یەکەم بریتییە لە هاتنی یان هێنانی زۆر لە خەڵکانی ناوچە جیاجیاکانی دیکەی عێراق بۆ نێو کەرکووک.

بەدەرکەوتنی ئەم ڕاســـتییەش کە زۆربەی زۆری ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتاندا ڕوویاندا یـــان ڕوودەدەن بریتین لە خەڵکانێک کە لەدەرەوەی ناوچەکەوە هاتوون یان نێردراون، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕینی دیمۆگرافـــی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژ لـــەدوای ڕۆژ دەبێتە هـــۆی تێکچوونی یان تێکدانی شـــیرازەی کۆمەڵگەکە و شـــێواندنی زەمینەی ڕاســـتەقینەی کولتووری پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنی نێوان پێکهاتە ڕەسەنەکانی شارەکە و ناوچەکە.

بۆیە ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش، پێداچوونەوە دەکرێت بە هەڕەشە دیار و نادیارەکانی کۆچی شەرعی و ناشەرعی خەڵکانێکی نامۆ بە کولتووری ئەوان کە ساڵانە ڕوو لـــەو وڵاتانە دەکەن، چونکە ئەزموونەکانی ئـــەوان دەریانخســـتووە کە ئێســـتا دوو جۆر هەڵوێســـت بەدیدەکرێت لـــەو کۆچەرانەی کە لەبەر هۆکاری سیاسی لە شوێنی خۆیانەوە کۆچ دەکەن بەرەو شوێنێکی دیکەی جیاواز لە خۆیان لەڕووی ئایین یان ئایینزا یان نەتەوەوە.

هەڵوێستی یەکەم، هەڵوێستی ئەوکۆچەرانەیە کە لەگەڵ کولتووری ڕەسەنی دانیشتووانی شوێنە نوێیەکەدا دەگونجێن و تەنانەت زمانی ئەوانیش فێردەبن و وەک ئەوانیش ڕەفتار دەکەن.

هەڵوێســـتی دووەمیشـــیان هەڵوێستی ئەو کۆچەرانەیـــە کـــە ئامادەنین خۆیـــان لەگەڵ کولتـــووری ئەو شـــوێنەدا بگونجێنن کە بۆی چوون و بگرە جاری واش دەبێ کە ویستوویانە کولتووری هێنراوی خۆیان بەســـەر ئەو شوێنە نوێیەدا بسەپێنن کە بۆی چوونە.

لـــە کتێبـــی (نیشـــتمانە کەنەدییەکەم و بەهـــارە عەرەبییەکـــەم)دا کە لـــە (ئۆتاوا)، (ئیلی نەسروڵلا) نووسیویەتی، نووسەر دەڵێ: "هەرچەندە ئەم وڵاتە هێشتا بە ملیۆنان کەسی نوێ پێشـــوازیی لێدەکات، بـــەڵام خەریکە لە توانایدا نەمێنێ بیانگونجێنێ لەگەڵ کولتووری ڕەســـەنی وڵاتەکە، چونکە وەک کاربەدەستان دەڵێن جاران زۆر بەئاســـانی کۆچەرانی بیانی لەکولتـــووری وڵاتدا دەتوانەوە، بەڵام ئێســـتا نزیکەی 60%ی کۆچەران ئامادەنین کولتووری کەنەدا قبوڵ بکەن، نە خۆیان و نە نەوەکانیان، هەر بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو خەریکە یاساو ڕێنماییەکانی وڵاتەکەش بگۆڕن بە ئاراســـتەی سەپاندنی کولتووری خۆیان کەئەمەش هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانی دەکات".

جا ئەگـــەر وڵاتانی لە چەشـــنی کەنەدا و هاوشێوەکانی دەرئەنجامەکانی کۆچی خەڵکانی نامۆ بەکولتووریان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانییان بزانن، ئەوا دیارە کە بۆ نەتەوەیەکی بـــێ دەوڵەتی وەک ئێمە چەند مەترســـیدارتر دەبێت.

بۆیە ئێستا لەهەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستیمان بە هەنگاوی بە "پەلە" و بە "پلان"ی "پلە بەپلە" هەیە لە چەشنی:

یەکەم: حیزبەکانی کوردستان لەو ناوچانەدا هەمیشەو بەردەوام لەیەکتر نزیکبن و ئاگاداری ئەم مەسەلە هەســـتیارەش بن و پێکەوە وەک یەک تیم کاربکەن بـــۆ دۆزینەوەی میکانیزمی یاسایی بەمەبەستی ڕێگرتن لە کۆچی نایاسایی و نائاسایی خەڵکانی دیکە بۆ نێو کەرکووک و دەوروبەری.

دووەم: ڕۆڵ و ئەرکەکان بەپێی لێوەشاوەیی و گونجانـــی ئەو ئـــەرک و کارە لەگەڵ جۆری کارکردنـــی هەر لایەکدا دابەشـــبکەن، بەمەش میکانیزمی جیـــاواز لەخزمەتی جێبەجێکردنی یەک ئامانجدا دەبێ کە بریتییە لە پاراســـتنی مۆرکی ڕەسەنی شارەکە.

سێیەم: ئاگاداربوونی بەردەوام و هەستیارانە لـــە مەســـەلەی متمانـــەی نێـــوان پێکهاتە ڕەســـەنەکانی پارێزگاکـــە و نوێنەرەکانیان، چونکە کاڵبوونەوەی متمانە سەرەتای لاوازبوونی هەر کارێکی دەستەجەمعی و هاوپەیمانێتییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە.

چوارەم: یەکخستنی میکانیزمی کاری دەزگا ئەمنییەکان و، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و، ڕێکخستنی کار بۆ پاراستنی شار.

پێنجەم: ســـوود وەرگرتن لـــە ئەزموونی وڵاتان و شـــاران و ناوچە هاوشێوەکانی جیهان، کەسەردەمانێک بەهەمان قۆناغدا تێپەڕیوونەو، دواتریـــش توانیویانـــە بارۆدۆخەکـــە کۆنتڕۆڵ بکەن.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.

---

## عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری پێشووی کەرکووک بۆ (ڕووداو):

# لە پارێزگا لەسەر تەنەکەی ڕۆن دادەنیشتین



**عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح (عەبدولڕەحمان زەنگەنە)**

ساڵی 1951 لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووک لەدایکبووە
خوێندنـــی ئامادەیی لە کەرکـــووک تەواو کردووە.
کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە ساڵی 1974 تەواو کردووە
پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە و لەدوای تێکچوونی شۆڕش گەڕاوەتەوە کەرکووک.
لە ساڵی 2003 بووەتە پارێزگاری کەرکووک و تاوەکـــو 2011/3/4 لـــە پۆســـتەکەی بەردەوام بووە
خێزاندارەو کوڕێک و کچێکی هەیە.

**یەکەم پارێزگاری کەرکووک بـــوو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003دا، عەبدولڕەحمان مستەفا، لە 4ی ئاداری 2011 لە پۆستەکەی لادرا، لەو ماوەیەدا 4 جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، ئێســـتا لە ماڵەوە دانیشتووەو چاوەڕێیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستێکی بدرێتێ. چونکە وەک خۆی دەڵێت مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیگوتووە "پۆست بەدوای تۆدا دەگەڕێت".**

هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەددین

**ڕووداو: ســـاتی دروســـتکردنەوەی ئیدارەی کەرکووک چۆن بوو؟**

**عەبدولڕەحمـــان مســـتەفا:** مـــن کە پۆســـتی پارێزگاری کەرکووکم وەرگرت، کەرکووک شـــارێکی وێران و خاپورکراو بوو، ســـەدام چەند ئەو شارەی وێران کردبوو، پرۆسەی تاڵانکردن دوو هێندە وێرانی کردبـــوو، ئێمە ئیدارەیەکمان وەرگرت کە پڕ بوو لە وێرانـــی و بەتەواوەتی خاپوور ببـــوو، تەنانەت لە شەش مانگی سەرەتای دروستکردنەوەی پارێزگای کەرکووک بەبێ مووچـــە و بودجە دەواممان دەکرد و تاوەکو کۆتایی ســـاڵی 2004 کەرکووک بودجەی نەبوو، یاسایەک نەبوو بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی من. وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی تاخم کورسی دانیشتنیان بۆ هێنام و لەســـەر تەنەکەی ڕۆن دادەنیشـــتین، توانیمان کەرکووک ســـەرلەنوێ دروســـتبکەینەوە، سەرەڕای ئەو مامەڵە ناخۆش و پڕ لە بەربەستانەی حکومەتـــی عێراق بەرامبەر بە ئیدارەی شـــارەکە. بەردەوام خەریکی شـــەڕکردن بووین لەگەڵ بەغدا و دواتریش کێشە و ناکۆکی ناوخۆش سەریهەڵدا.

**ڕووداو: بۆچی بودجەی کەرکووک بەوشـــێوەیە بووە کە باسی دەکەیت؟**

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەبوو بەشـــێک لەداهاتی نـــەوت بۆ خەڵکـــی کەرکووک بێت، چەند جارێک هەڕەشـــەمان لە بەغدا کرد کە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک ڕادەگرین، لە ساڵی 2006 پرۆژەی پترۆدۆلارم ئاراســـتەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق کرد و پەسەند کرا. ئەو پرۆژەیە واتا پێدانی بڕی یەک دۆلار و نیو لەداهاتی نەوت بەو شـــارانەی خاوەنی سەرچاوەی نەوتین و ئەمەش زۆر پارێزگای دیکەی گرتەوە، هەموو لایەک ئاگادارن کە پتـــرۆدۆلار پرۆژەی ئیدارەی کەرکووک بووە، توانیمان بەو پارەیە پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیژی پێ بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێمە سەرەتا پێویستمان بە پرۆژەی خزمەتگوزاری بوو لەگەڵ ئەوەشـــدا بودجەی پترۆدۆلار بۆ چەند ساڵێک دواخرا، تەنانەت لە2011 بڕی 50 ملیار دینار خەرج کرا و توانیمان لەو کاتەدا بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەک دابنێین، کە تاوەکو ئێســـتا لەکەرکووک لە ژێر جێبەجێکردندان، لەوانەش ســـێ پردو چەند باخچەیەک و شەقامێکی ســـەرەکی لە چواردەوری شـــاری کەرکووک، لە هەموویشیان گرنگتر بەنداوی خاسەیە. لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان کێشەی کارەبا چارەسەر بکەین، بەڵام لەسەروبەندی تەواوبوونی ئەو کارەدا من لە پۆستەکەم نەمام و نەمتوانی درێژە بەو کارانە بدەم. من دەمەوێ لێرە باسی چارەسەرکردنی کێشـــەی کارەبـــای کەرکووک بکـــەم، کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ ئەحمەد ئیســـماعیل، ســـەرمایەداری شـــاری هەولێر ڕێککەوتین بۆ دابینکردنی کارەبای کەرکووک، تەنیا مابوو گرێبەســـتەکە واژۆ بکەین، بۆیە دەڵێم کێشەی کارەبای کەرکووک لە سەردەمی مندا چارەسەر کرا.

**ڕووداو: تیرۆر یەخەی شاری کەرکووکی گرتووە، ئەوە چۆن چارەسەر دەبێت؟**

**عەبدولڕەحمان مســـتەفا:** تیرۆر لەدوای ســـاڵی 2003 هەمیشە لە کەرکووک هەبووە، بەڵام ماوە ماوە کارا دەبن و کردەوەی زیاتر ئەنجام دەدەن، بێگومان ئـــەوەش هۆکاری زۆرە، لەوانـــە زۆربوونی عەرەبی هاوردە لە شاری کەرکووک، دروستکردنی بارەگای حیزبی و ڕێکخراوی جۆراوجۆر کە بەبێ ڕەزامەندی ئیدارەی کەرکووکە. بۆ بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆریش کەرکووک پێویســـتی بـــە فەرماندەیەکی گەورەی هەواڵگری هەیە کە زانیاری تەواوی هەبێت لەســـەر ئەو پلانانەی کەرکووک دەکەنە ئامانج.

**ڕووداو: پێکهاتەکانـــی کەرکـــووک ڕێگرییـــان لێنەدەکردی؟**

**عەبدولڕەحمـــان مســـتەفا:** بێگومـــان لە کاتی کارکردندا کێشە ڕوودەدات، پێکهاتەکان لە ئیدارەو ئەنجوومەنی پارێزگا کێشەی جۆراوجۆریان هەبوو، ئەمەش زۆرجار دەبووە بەربەست لە بەردەم کارەکانی ئیدارەی شارەکە، ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵی بوو ئەو کێشانە نەگەیشتە شەقامی شارەکە و کێشەی نەتەوەیی دروست نەکرد و کاریگەریشی نەبوو لەسەر ئەو پێکەوە ژیانەی لە کەرکووکدا هەیە.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردســـتان پاڵپشتییان دەکردی؟**

**عەبدولڕەحمـــان مســـتەفا:** حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بە بەردەوامی هاوکاری ئێمەی دەکردو پەیوەندییەکـــی توندوتۆڵمـــان هەبـــوو، بەڵام بە پێچەوانەوە کێشـــەی گەورەمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، بەڕاســـتی بەغدا هیـــچ کات هاوکار نەبـــووە لەگەڵ ئێمە، هەر کاتێک دەچووم بۆ بەغدا بەردەوام شـــەڕمان دەکرد بۆ وەرگرتنی پرۆژە، بە زۆر توانیمان ڕەزامەندی چەند پرۆژەیەک وەربگرین. تاوەکو ئێستاش حکومەتی عێراق خۆی دەدزێتەوە لە دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوت لە شاری کەرکووک و بڕیاریان دابوو کە شارێکی وەرزشی دروستبکەن کەچی هەر بڕیار بوو.

**ڕووداو: بۆچی بەغدا دژایەتی دەکردن؟**

**عەبدولڕەحمان مســـتەفا:** ئەوە تەنیا کەرکووک نییـــە کێشـــەی لەگەڵ بەغـــدا هەیـــە، بەڵکو زۆر پارێزگای دیکـــەش ئەو کێشـــانەی هەیە، چونکە حکومەتی ناوەندی دەیویست تەواوی دەسەڵاتەکان پاوان بکات و بڕیار تەنیا لەلای خۆی بێت، ئەمەش لەگەڵ سیســـتەمی تازەی حکومڕانـــی لە عێراقدا نەدەگونجا کە دەبووە سەرچاوەی کێشەکان و زۆر لە وەزیرەکانیش ناوچەگەرییان دەکرد لە پرۆژەکاندا، هیچ نوێنەرێکی کەرکووکیش لە وەزارەتەکانی بەغدا نەبوو. چەندینجار حکومەتی عێراق هەوڵی دامەزراندنی بە بڕیار لە بەغداوە ئاراستەی کەرکووک کردووە بەبێ ئەوەی خەڵکی کەرکووکی تێدابێت و پرس و ڕاوێژی بە ئیدارەی شارەکە کردبێت، بۆیە کاتێک ئەوەمان ڕەتدەکردەوە کێشەکان قووڵتر دەبوونەوە.

## لە هەولێر و سلێمانییەوە تاخم کورسی دانیشتنیان بۆ هێنام

## من کێشەی کارەبای کەرکووکم چارەسەر کرد

**ڕووداو: بۆچی ڕێژەی کورد لە کۆمپانیای نەوتی باکوور وەکو پێویست نییە؟**

**عەبدولڕەحمان مســـتەفا:** ئـــەو 15 پارێزگایەی عێـــراق، جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتان دەبێت خۆیان کاروباری کۆمپانیاکانیان بەڕێوەبەرن، بەڵام حکومەتی عێراق لە کەرکووک ڕێگە بەوە نادات و نەوت تەنیا لە دەسەڵاتی وەزارەتی نەوتی عێراقە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا توانیمان ژمارەیـــەک خەڵک بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور دابمەزرێنین کە بووە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی کورد لەو کۆمپانیایە.

**ڕووداو: تورکمانەکان ڕێگر بوون لە وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگار لە تۆ و پێدانی بە کەسێکی دیکە بۆ؟**

**عەبدولڕەحمان مســـتەفا:** ئێمە لە ســـەرەتای دروستکردنەوەی ئیدارەی کەرکووک پێکەوە کارمان کرد، زۆرجاریش کێشەمان هەبووە، بەڵام کارکردنمان بە دڵسۆزی بۆ ئەو شارە ئامانجی سەرەکیمان بووە، ئیدارەی کەرکـــووک خزمەتی هەمـــوو لایەنەکانی کەرکووکی کـــردووە، پرۆژەکانیشـــی گەیاندووەتە هەموو گەڕەکەکان، ئـــەوەش وایکردووە لایەنەکانی دیکە لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی پۆســـتەکە نیگەرانی خۆیان نیشـــان بدەن و ئێســـتاش ڕۆژانە سەردانم دەکەن.

**ڕووداو: بـــەر لەوەی لە پۆســـتەکەت نەمێنی، گرنگترین پرۆژەکانی تۆ چی بوون بۆ کەرکووک؟**

**عەبدولڕەحمان مســـتەفا:** ژمارەیـــەک پرۆژەی ســـتراتیجیمان لە هەگبەدا بوو، وەک دروستکردنی خوێندنگای نموونەیی، باخچەی ساوایان، شاری یاری، شەقام و شۆستەی نوێ. کەرکووکیش پێداویستی زۆری هەیە هەموو کەسێک دەتوانێت پرۆژەی شاز دروســـت بکات، گرنگترینیان دیاریکردنی شوێنێک بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی نەوت، بە مەدەنیکردنی فڕۆکەخانەی سەربازی کەرکووک، دروستکردنی دوو نەخۆشخانەی 200 و 400 قەرەوێڵەیی، دروستکردنی کۆمەڵگای زانکۆی کەرکووک بەشێوەیەکی نموونەیی و پرۆژەی ئاوەڕۆی کەرکووک.

**ڕووداو: ئاسۆی بە مەدەنیبوون لە فڕۆکەخانەی کەرکووکدا دەبینن؟**

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** شـــاری کەرکووک زۆر پێویستی بە فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی هەیە، دەبێت حکومەتـــی عێـــراق بڕیـــاری بەمەدەنیکردنی ئەو فڕۆکەخانەیە بەپەلە جێبەجێ بکات، چونکە پێگەی جوگرافی کەرکووک وادەخوازێت کە فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی هەبێ.

**ڕووداو: دەنگۆ هەبوو پۆســـتێکت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتێ، ئەوە بە کوێ گەیشت؟**

**عەبدولڕەحمـــان مســـتەفا:** دوای وازهێنانم لە پۆســـتی پارێـــزگاری کەرکووک، بەڕێز مەســـعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێدام کە پۆستێکی باشترم پێبدا و پێیگوتم: پۆست بە دوای تۆدا دەگەڕێت نەک تۆ بەدوای پۆستدا بگەڕێی. بەڵام تاوەکو ئێســـتا هیچ پۆستێکم پێنەدراوەو لە ماڵەوە دانیشتووم.

ئابووری

### نێچیرڤان بارزانی بەردی بناخەی 80 پرۆژەی لە هەڵەبجە دانا

ڕووداو- هەڵەبجە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە سەردانێکیدا لە ڕۆژی 2013/3/3 بۆ هەڵەبجە و سەید سادق ، بەردی بناخەی 80 پرۆژەی بە بڕی 400 ملیۆن دۆلار لە ناوچەکە دانا. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا گوتی بە بڕی 192 ملیۆن دۆلار پرۆژەی ئاوی قەزای هەڵەبجە و سەید سادق و ناحیەی سیروان دەستپێدەکرێت کە بۆ 25 ساڵ ئاوی پاک بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە دابیندەکات.

$ 100 = 124.500

€ 100 = 166.200

$ 810 = 1تەن شیشی خۆماڵی

$ 100 = 1تەن چیمەنتۆی خۆماڵی

$ 720 = 1تەن شیشی هاوردە

$ 70 = 1تەن چیمەنتۆی ئێرانی

# کارگەی تراکتۆر لە دهۆک ساڵێکە چاوەڕێی پارچە زەوییەکە



عوبەید ڕەشاڤایی
ڕووداو- دهۆک

ماوەی ساڵێکە ئەنوەر ئەترۆشی، لە دەرگای فەرمانگەکانی دهۆک دەدات بۆ ئەوەی پارچە زەوییەکی بۆ تەرخانبکەن تاوەکو کارگەیەکی دروستکردنی تراکتۆری لەسەر دابمەزرێنێ، بەڵام هەر دەستاودەستی پێدەکەن، ئەنوەر دەڵێت ئەگەر لە دهۆک زەوی نەدەنێ، پرۆژەکەی دەباتە شارێکی دیکە.

ئەنوەر ئەترۆشی، خاوەنی کۆمپانیای ئەنوەر ئەترۆشی بۆ کەلوپەل و ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەگەڵ کارگەیەکی دروستکردنی تراکتۆر لە تورکیا ڕێککەوتووە کە لە هەرێمی کوردستان کارگەیەک دابنێ بۆ لێکدانی کەلوپەلی تراکتۆر. ئەنوەر دەڵێت "ئەگەر ئەو کارگەیە دابنێم ڕۆژانە دەتوانم 16 تراکتۆر دروستبکەم".

ئەنوەر کە بریکاری کارگە تورکییەکەیە لە شاری دهۆک، تا ئێستا چەندین تراکتۆری ئەو کارگەیەی بە جوتیارانی کوردستان فرۆشتووە بە قیستی مانگانە و دەڵێت "ئەگەر کارگەکە لە کوردستان دابنێم، دەتوانم هەر تراکتۆرێک بە 10 هەزار دۆلار هەرزانتر بفرۆشمە جوتیاران".

ئەنوەر ئەترۆشی کە پتر لە 13 مانگە دەستی بە مامەڵەی دامەزراندنی کارگەکەی کردووە لە شاری دهۆک، گوتی "تا ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە پارچە زەوییەکم بۆ تەرخان بکەن، کە بەکەڵکی دانانی کارگەکە بێت".

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری وەبەرهێنان لە دهۆک گوتی "ڕاستە دۆسیەی ئەو کارگەیە زیاتر لە ساڵێکە لەبەر دەستی ئێمەیە، بەڵام کارەکانی لەلای ئێمە تەواو بوون، تەنانەت دوو شوێنمان بۆ دیاری کردبوو، بەڵام دیارە بە کەڵکی کارگەکە نەدەهاتن". گوتیشی "ئەو شوێنەی بە کەڵکی کارگە دێت، زەوی کشتوکاڵییە و دەبێ سەرەتا زەوییەکە بکوژێندرێتەوە".

ئەندازیار هەڤاڵ ئەحمەد ئامێدی، بەڕێوەبەری شارەوانی دهۆک هۆکاری گیربوونی دامەزراندنی ئەو کارگەیەی باسکرد و گوتی "خەتا لە خاوەن پرۆژەکەیە، چونکە بە هەموو شوێنێک ڕازی نییە، بۆ نموونە شوێنی پیشەسازی قورس لە ناوچەی کواشێیی، بەڵام بەو شوێنە ڕازی نییە". گوتیشی "دۆسیەی ئەو کارگەیە زۆر ماندووی کردووین".

خاوەن پرۆژەکە دەڵێت بەهۆی دواکەوتنی پرۆژەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانان لە دهۆک زیانێکی زۆری پێکەوتووە "نزیکەی 300 هەزار دۆلار زیانم پێکەوتووە، چونکە من هەندێک گرەنتیم داوەتە کارگەکە لە تورکیا، من بەرامبەر ئەوان شەرمەزار بووم".

ئەندازیار کوردۆ ئیحسان، بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند 7 مانگ بەر لەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە دۆسیەی ئەو کارگەیە لەو فەرمانگەیە بووە، کوردۆ گوتی "ئەوەی من زانیومە 2-3 شوێن بۆ کارگەکە دیاریکراون، بەڵام خاوەنی کارگەکە بەو شوێنانە ڕازی نییە". گوتیشی "ئەو شوێنەی داوای کردووە کشتوکاڵییە و کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو دەکوژێندرێتەوە".

ئەو کارگەیەی ئەنوەر ئەترۆشی بە نیازە لە دهۆک دایبنێت، تراکتۆری جۆری FIATی ئیتاڵی دروستدەکات و لە توانایدایە ڕۆژانە 16 تراکتۆر لە 6 جۆری جیاواز دروست بکات، ئەنوەر دەڵێت "کارگەکە هەلی کار بۆ 86 کەس دابین دەکات"، گوتیشی "نەک بە تەنیا کوردستان، بەڵکو وڵاتانی دراوسێش سوود لەو کارگەیە وەردەگرن".

ئەترۆشی بۆ دانانی کارگەکەی پێویستی بە 25 دۆنم زەوییە "بەڵام لێیان کردم بە کێشە"، هەر بۆیە پەیوەندی بە پارێزگاری هەولێرەوە کردووەو لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ کردووە "پارێزگاری هەولێر بەڵێنی پێدام 50 دۆنم زەویم بداتێ، ئەگەر کارگەکە بگوازمەوە هەولێر". بەڵام ئەو دەیەوێ کارگەکە لە دهۆک دابنێ. ئەو بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت "بە سەتان دۆنم زەوی لە شوێنی باشی دهۆک بۆ هەندێک پرۆژە تەرخانکراون کە هیچ سوودێکیان نییە".

سەبارەت بە ڕازینەبوونی بەو شوێنانەی بۆی دیاریکراون، ئەنوەر ئەترۆشی گوتی "من ناچم کارگەیەک بەرامبەر کارگەی ریسایکلینی زبڵ و خاشاک دابنێم، کە 5 ملیۆن دۆلاری لێ خەرج دەکەم، یان زەوییەکیان پێدابووم لە دۆڵێک لە شێخان، من پێمگوتن ئێرە شوێنی کارگە نییە، ئەگەر جێگەیەکم بۆ دیاری نەکەن، پرۆژەکە دەگوازمەوە شارێکی دیکە".

**خاوەنی کارگەکە:**

**نەوزاد هادی پێیگوتم 50 دۆنم زەویت بۆ تەرخان دەکەم**

**بەڕێوەبەری نەخشەدانانی دهۆک:**

**سێ پارچە زەوی بۆ دیاریکراوە و پێیان ڕازی نییە**

---

## سلێمانی زۆرترین خەرجی هەیە و دهۆکیش زۆرترین پاشەکەوت

# خەرجی تاک لە هەرێمی کوردستان لە مانگێکدا 270 هەزار دینارە

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو-هەولێر

ڕێکخراوێکی عێراقی خەرجی تاک و خێزان لە هەرێمی کوردستان دیاری دەکات کە خەڵکی سلێمانی زۆرترین خەرجی هەیە و خەڵکی پارێزگای دهۆکیش زۆرترین پاشەکەوتی هەیە. بەپێی قسەی وەزیری پلاندانانا داهاتی تاکە کەس لە هەرێمی کوردستان بۆ یەک مانگ 400 دۆلارە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی تۆڕی زانیاری عێراق، کە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و هەشت ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەکراوە خەرجییەکان ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان لەسەر دوو ئاستدا هەژمار کراون، یەکەمیان لەسەر ئاستی تاک و دووەمیان لەسەر ئاستی خێزان.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە کۆپییەکی دراوەتە (ڕووداو)، خەرجی تاک و خەرجی خێزان لە هەرێمی کوردستان لە چاو پارێزگاکانی دیکەی عێراق زۆر زیاترە. لە ڕووی بەرزبوونی ئاستی خەرجییەکانی تاک بەپێی نرخەکانی بازاڕ، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت، کە هەر تاکێک لە مانگێکدا 318.7 هەزار دینار خەرج دەکات، لە هەولێر هەر تاکێک 271.2 هەزار دینار خەرجی هەیە لە یەک مانگدا، دهۆکیش بە پلەی سێیەم بە خەرجکردنی (193.1 هەزار دینار لە مانگێکدا)، ئەوەش وایکردووە خەڵکی پارێزگای دهۆک پاشەکەوتیان لە هەردوو خەڵکی پارێزگای دیکەی هەرێمی کوردستان زیاتر بێ.

بەشێوەیەکی گشتی کۆی گشتی خەرجیی تاک لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 269.9 هەزار دینار لە یەک مانگدا. بەبەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق ئەم خەرجیانە بەرژەی نزیکەی 38% زیاترە، چونکە لە شوێنەکانی دیکەی عێراق ئەو خەرجییە لە یەک مانگدا بۆ تاکێک 164.1 هەزار دینارە لە مانگێکدا.

ئاسۆ کەریم، 28 ساڵ، کە تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسەرگیری پێک نەهێناوە دەڵێ "مەسەلەی خەرجی دەمێنێتەوە سەر خودی تاک، هەیە پارەیەکی زۆر خەرج دەکات و هەیەش بەپێی پێداویستی خۆی خەرج دەکات". گوتی "خۆم مانگانە 300-400 دۆلار خەرج دەکەم".

سەبارەت بە خەرجییەکانی خێزان بەپێی نرخی بازاڕ، بەرزترین ئاست دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی، کە هەر خێزانێک لە ماوەی مانگێکدا 1 ملیۆن و 564 دینار خەرج دەکات، لە پارێزگای هەولێر 1 ملیۆن و448 دینار و لە دهۆکیش 1 ملیۆن 299 دینار، بەوەش تێکرای خەرجی خێزانێک لە مانگێکدا دەگاتە 1 ملیۆن و 467 هەزار دینار، بەڵام لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەگاتە 1 ملیۆن و 76 هەزار دینار. واتە خەرجی خێزان لە کوردستان بە ڕێژەی نزیکەی 42% زیاترە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق.

ئەو خەرجییانە لە کاتێکدایە، عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی 2013ی هەرێمی کوردستان لەبەردەم پەرلەمانتاران ڕاگەیاند کە داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستان لە یەک مانگدا 400 دۆلارە.

دارا محەممەد، 54 ساڵ خەڵکی شاری هەولێرە سەبارەت بە خەرجی خێزانەکەی دەڵێ "من و سێ کوڕم وەستای لەبغی چیمەنتۆین. تا ڕادەیەک داهاتمان باشە و هەندێ پاشەکەوتیشمان دەبێ". ئەوەشیگوت "خۆتان دەزانن لە هەولێر ئێستا کەلوپەل و خۆراک گرانە، مانگانە نزیکەی 1 ملیۆن 300 هەزار دینار خەرج دەکەین".

پەیمانگە کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان سەبارەت بە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیاندا بۆ 2012 دەڵێ 38.5%ی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەیەک مانگدا داهاتیان لە نێوان لە 500 بۆ یەک ملیۆن دینارە و 8% داهاتیان لە 1-3 ملیۆن دینارە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی تۆڕی زانیاری عێراق خەرجی خێزان بەسەر 12 بەش دابەش کراوە بەرزترین ئاستی خەرجی دەگەڕێتەوە بۆ دوو بەش. کە ئەوانیش نیشتەجێبوون و ئاو، کارەبا، سووتەمەنی. هەروەها خەرجی خواردن و خواردنەوەی ناکحولی. بەشێوەیەک ئەم دوو خەرجییە زیاتر لە نیوەی خەرجییەکانی دیکە پێکدێنن.

**دابەشبوونی ڕێژەی سەدی خەرجییەکان بەسەر کۆمەڵە سەرەکییەکاندا**

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| خواردەمەنی و خواردنەوەی ناکحولی | 30.1 | 32.5 | 27.7 | 30.8 |
| خواردنەوەی کحولی و تووتن | 0.4 | 0.3 | 0.6 | 0.4 |
| جلوبەرگ و پێڵاو | 8.2 | 7.7 | 10.6 | 8.4 |
| نیشتەجێبوون، ئاو، کارەبا و سووتەمەنی | 27.3 | 22.0 | 28.3 | 25.0 |
| کەرەستە و کەلوپەلی ناو ماڵ | 6.2 | 7.8 | 8.5 | 7.4 |
| تەندروستی | 5.3 | 4.2 | 3.9 | 4.5 |
| هاتووچۆ | 12.2 | 15.4 | 8.3 | 12.9 |
| پەیوەندییەکان | 2.7 | 3.0 | 3.6 | 3.0 |
| جەژن و ماتەمینی و ڕۆشنبیری | 2.7 | 2.1 | 2.6 | 2.4 |
| پەروەردە | 0.5 | 0.6 | 1.4 | 0.7 |
| چێشتخانە و هۆتێل | 1.2 | 0.9 | 0.5 | 0.9 |



---

## ئایا دۆلار شوێنی دینار دەگرێتەوە؟

# 80% ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بە دۆلارە



فەرهاد دۆڵەمەری
ڕووداو- هەولێر

لەهەرێمی کوردستان، دۆلار بەشێوەیەکی زیاتر لەدراوەکانی دیکە مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت. خاوەن نووسینگەیەکی دراویش دەڵێت دوو لەسەر سێی بازاڕی ئەمساڵ لەچاو ساڵی ڕابردوو گۆڕاوە و ڕووی لەکەمی کردووە.

مانگی ڕابردوو بەهۆی درەنگکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەکزی کرد.

محەممەد حەسەن، لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو لە شێخەڵڵای شاری هەولێر مێزێکی لە بەردەمی خۆی داناوەو چەند جۆرێک دراوی لەسەرە، بەڵام ئەوەی لەسەر مێزی محەممەد حەسەن دەگۆڕدرێتەوە دۆلاری ئەمریکی و دیناری عێراقییە.

بەپێی قسەی محەممەد ماوەی مانگێکە بازاڕەکەیان ڕووی لە کزی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان دواکەوت و پرۆژە یاسای بودجەی عێراقیش هێشتا پەسەند نەکراوە.

محەممەد دەڵێت "پێشتر ڕۆژانە 70 هەزار دۆلارم دەفرۆشت، بەڵام ئێستا 20 هەزار دۆلار نافرۆشم".

ئەو دۆلار فرۆشە ئاماژە بەزیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی دۆلار دەکات، چ بۆ مەبەستی کەسی یان بازرگانی و دەڵێت "ئێستا 90%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان بە دۆلار دەکرێ".

لەهەرێمی کوردستان دۆلار پتر لە دراوەکانی دیکە کڕین و فرۆشتن و بازرگانی پێوەدەکرێ، بەڵام بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دراو دەڵێن ئاڵوگۆڕی دراو بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە.

ئیسماعیل کەمال، خاوەنی نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراو لە بازاڕی شێخەڵڵا دەڵێت "70%ی بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو ڕووی لە دابەزین کردووە". ئیسماعیل پێشبینی کرد کە "لەچەند ساڵی داهاتوودا دۆلار جێگەی دینار بگرێتەوە، چونکە هەر شتێکی بتەوێت بیکڕی یان بیفرۆشی بە دۆلارە".

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا، چەندین جۆر دراو هەن وەکو یۆرۆ، دۆلار، لیرەی تورکی، پاوەن، تومەن، لیرەی سووری و هتد "بەڵام ئەوەی لەهەموویان بەهێزترە دۆلارە".

غازی عەزیز، دۆلارفرۆش، وەکو زۆر لە دۆلارفرۆشەکانی دیکە باس لەوەدەکات کە ماوەی مانگێکە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە، ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ درەنگ پەسەندکردنی بودجە و خراپی بارودۆخی سووریا و ئەو وڵاتانەی دراوسێی هەرێمی کوردستانن.

سەید ڕەسول، خاوەن نووسینگەی ئاڵوگۆڕی دراو باس لە ناجێگیری نرخی ئەو دراوانە دەکات و دەڵێت "نرخەکان هەموویان گۆڕاون و زۆربەیان بەرزبوونەتەوە". سەید ڕەسول کە 20 ساڵە کاری ئاڵوگۆڕی دراو دەکات گوتیشی "بازاڕ بە تەواوی تێکچووە، پێشتر لە یەک کاژێردا 200 هەزار دۆلارمان دەگۆڕییەوە، ئێستا بە درێژایی یەک ڕۆژ 100 هەزار دۆلار ناگۆڕینەوە، ئەوە 20 ساڵە وەکو ئەمساڵ بێ بازاڕ نەبووین".

مامۆستایەکی زانکۆ باس لەوە دەکات کە هەموو چالاکییە ئابوورییەکان بەشێکن لەکۆی ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە لە وڵات هەیە و ڕووی سیاسی گشتی وڵات دەردەخات "بەهۆی تاوتوێکردنی بودجەوە، ئاڵوگۆڕی دراویش وەکو پرۆژەکانی وەبەرهێنان و جووڵەی بازاڕەکان ڕوو لەخاوبوونەوە دەکات و وەکو خۆی نامێنێ". لوقمان عوسمان دەڵێت "ئەگەر ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر هەموو چالاکییە ئابوورییەکان".

مامۆستا لوقمان لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکە، چ دینار یان دراوی وڵاتانی دراوسێ کە بازرگانەکان کاری کڕین و فرۆشتنی پێدەکەن، بەشێکی زۆری مامەڵەی بازرگانی بە دۆلار دەکرێت.

حاجی شاکر، کە خاوەنی نووسینگەیەکی خانووبەرەیە باس لەوە دەکات کە ئەوانیش وەک زۆر لە بازرگانەکان زۆربەی مامەڵەکانیان بەدۆلارە "80%ی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی خانووبەرە بە دۆلارە".

حاجی شاکریش وەک دۆلارفرۆشەکان، گازندەی درەنگ پەسەندکردنی بودجەی کرد کە بووە هۆی دابەزینی بازاڕی ئەوانیش و گوتی "ئێستا بەدرێژایی یەک مانگی تەواو دوو گرێبەست ناکەین".

محەممەد یاسین، نوێنەری کۆمپانیای کوبرا بۆ مۆبیلیات، باس لەوەدەکات هەر کەلوپەلێک کە لە دەرەوە دەیکڕن بەدۆلارە و دەڵێت "هەڵگرتنی دۆلار ئاسانترە تاوەکو دینار و مامەڵەکردنیشی ئاسانترە، چونکە هەموو شتەکان بەدۆلار دەکڕین و کڕیارەکانیشمان زۆربەیان بەدۆلار مامەڵە دەکەن، تەنانەت ئەو مووچەیەی دەیدەینە کارمەندەکانیش هەر بەدۆلارە".

د. سەلاحەددین عوسمان، پسپۆڕی بواری ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، پێیوایە بەهۆی ئەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ پشتی بە نەوت بەستووەو نەوتیش بە دۆلار دەفرۆشرێ، بۆیە زۆربەی مامەڵەکانی بازاڕ بە دۆلار دەکرێن. هەربۆیە دەڵێت "ئەگەر ئەو دۆلارە نەبێت ئابووری وڵات بە تەواوی تێکدەچێ". ئەو مامۆستایەش ئاماژە بە باڵادەستی دۆلار لەچاو دراوەکانی دیکە دەکات و قسەی دۆلارفرۆشەکان پشتڕاست دەکاتەوە.

عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

# بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەوە کورد 16-17 کورسی لەدەستچوو



عارف تەیفور، کە ئەوە دوو خولە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات. بەبڕوای عارف تەیفور ئەگەر ئەمجارە کورد لەگەڵ لایەنی شیعە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشێ، پێویستە گرەنتییەک هەبێ بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی و ڕێککەوتنەکان. گرەنتییەکەش لە بەشداریکردنی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەتەکاندا لە دانوستاندنەکان دەبینێتەوە.

هەڤپەیڤین: سەهین موفتی

## هەموو عەرەب دژی ئەوەن ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت

**ڕووداو: ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێت، ئێوە لەگەڵ هەمواركردنی دەبن، ئەگەر بکرێت چۆن بکرێت و ڕێکبخرێ؟**

**عارف تەیفور:** یاسای هەڵبژاردن، هەر لە سەرەتاوە بە کەموکوڕی داڕێژرا، بەڵام بابەتی سیاسی تێکەڵ کرا، بۆیە تێپەڕێندرا، لە نێو پەرلەماندا و لە هەڵبژاردنێکی تەقریبەن تەکەتولاوی، ئەو بابەتە سیاسیانە بوونە هۆکاری تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، بۆیە ئێمە وەکو کورد زەرەرێکی زۆرمان کرد، زیاتر لە 16 — 17 کورسیمان لەدەستچوو بەهۆی ئەو یاسایە، چونکە ئێمە بۆ خۆمان ئیستیحقاقمان زیاتر بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر، بۆیە ئێستا ئامادەکاری دەکەین تاوەکو ئەو یاسایە هەموار بکرێ، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا، هەروەها ئەو پرسە سیاسیانەی کە کەوتبوونە ناو یاساکەوە دووریبخەینەوە.

**ڕووداو: وەکو پەرلەمان چ ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە چاوەڕوان دەکرێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەنجامی بدات؟**

**عارف تەیفور:** ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هیچ ئاگادارکردنەوەیەک و بانگەوازێکمان بۆ ئەو پرسە یان داوەتنامەیەکمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام من وەکو شەخسی خۆم ئاگادارم کە بڕیار وایە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەیەک ئاراستەی لایەنە سیاسییەکان بکات، یان هەوڵ لەگەڵ ئەو لایەنانە بدات کە لە عێراقدا تا ڕاددەیەک توانای ئەوەیان هەیە برایەتی و ئاشتی بەرقەرار بکەن، لە هەولێر کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێگە چارەیەک بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانەی عێراق تێیکەوتووە.

**ڕووداو: لەو ماوەیەدا ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زۆر قووڵبوونەوە، ئایا کەس داوای لە پەرلەمان نەکرد کە هەوڵ بدەن بۆ دەستپێشخەرییەک لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؟**

**عارف تەیفور:** نەخێر، بەڵام وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و خودی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ڕۆڵێکی باشی بینی، چەند جارێک چووە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ بەرپرسانی بەغداش کۆبووەوە، بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەرێک بدۆزنەوە بۆ کۆی ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بۆیە ڕۆڵی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق نکوڵی لێ ناکرێت، بەڵام کە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و جەماعەتەکەی مالیکی کە قەناعەتیان زۆر بەوە نەبوو لە ڕێگای سەرۆک و سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقەوە چارەسەری ئەو کێشانە بکرێ.

**ڕووداو: ئێستا نزیکبوونەوەیەک هەیە لە نێوان لایەنی کورد و شیعە، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو نزیکبوونەوەیە لەسەر حیسابی لایەنی سوننەیە، تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێی؟**

**عارف تەیفور:** ئێمە وەکو کورد لەگەڵ لایەنی شیعە هەمیشە لەیەک نزیک بووین، بەڵام لەو دواییانەدا هەندێ لە کەسایەتی و تاکەکان کەوتنە ناو ناکۆکییەکان و هەندێ قسەیان دەکرد بۆ دوورکەوتنەوەی کوردو شیعە. ئێمە وەکو کورد هاوپەیمانییەکی ستراتیژیمان لەگەڵ مەرجەعیەتی شیعە و شەقامی شیعەدا هەیە، لەگەڵ کەسانێکی بێسەروبەری وەکو سامی عەسکەری یان سەعدلمەتڵەبی هیچ نزیکبوونەوەیەکمان نەبووە تا قسەکانیان ببێتە هۆی لێکترازانمان، بەڵکو بەگشتی ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ برایانی شیعە

### جەماعەتەکەی مالیکی قەناعەتیان بەوە نییە پەرلەمان چارەسەری قەیرانەکانی عێراق بکات

باش بووەو تا ئێستاش پەیوەندییەکی بەتینە، بەتایبەتی لە نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەرجەعیەتی شیعە، بە دڵنیاییشەوە نابێ ئەو جۆرە پەیوەندییە ببێتە هۆکارێک کە برا سوننەکانمان پێی ناڕەحەت بن، یان پێی تێکبچن، چونکە هەر نزیکبوونەوەیەکی نێوان لایەنەکان دەبێتە هۆی سەقامگیری پتر لە عێراق. بۆیە باوەڕ ناکەین برا سوننەکان بە نزیکبوونەوەی کورد و شیعە ناڕەحەت بن، هەرچەندە ئەمڕۆ لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەن بەرامبەر شیعەکان.

**ڕووداو: لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ لایەنی شیعە پێیان خۆشە شاری کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە دژی سوننەکان، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**عارف تەیفور:** من لێرەدا لەگەڵ ئەو قسەیەی کاک حاکم شێخ لەتیف نیم، تێڕوانین و ڕوانگەی برایانی عەرەب بە شیعەو

### سامی عەسکەری و سەعد ئەلمەتڵەبی کەسانی بێسەروبەرن

سوننەوە لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری کوردستان وەکو یەکە. لەوانەیە لە دەربڕینەکانیاندا جیاوازییەکیان هەبێت، بەڵام کە هاتە سەر کارایی و کرداری یەک بۆچوون و یەک هەڵوێستیان هەیە، بۆیە من قەناعەتم نییە شیعە لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو شوێنانە بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ڕەنگە کەسێک یان دووان ئەو بۆچوونەیان هەبێت، بەڵام ئەوە بەڵگە نییە کە بۆچوونی شیعە وەها بێت، بە بڕوای من هەموو عەرەب لەسەر ئەو پرسە وەکو یەک بیر دەکەنەوەو ئامادەنین ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکەن. ئینجا لە کاتێکدا کە ئەو ماددەیە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، بەتایبەتی کە جێبەجێکردنی ماددەکەو چارەسەرییەکەی ئێستا بە دەست شیعەکانە، کە ئەوانیش ئامادەییان نەبێت ماددەکە جێبەجێبکەن و چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن، چۆن دەکرێ هەروا

### سوننە نیگەران نین بە پەیوەندی نێوان کورد و شیعە

بڵێین بڕۆن کەرکوک بگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: کورد بە نیازە جارێکی دیکە لەگەڵ شیعە گفتوگۆ لەسەر ڕێککەوتنێک یان دەستپێشخەرییەک بکات، ئایا هیچ گرەنتییەک هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە؟**

**عارف تەیفور:** ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ لایەنی شیعە لەگفتوگۆداین، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش بەهەمانشێوە گفتوگۆمان هەر هەیە، بەڵام کە تۆ بڵێی گرەنتی چییە بۆ ئەمجارە، بەڕاستی من شتێکی وام لەبەرچاو نییە کە بڵێم گەرەنتی بێت، بەڵام باشترین گەرەنتی بۆ جاری داهاتوو ئەوەیە ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانن بەشدار بن و ئاگاداری ڕێککەوتنەکان بن. ڕەنگە ئەوەش گرەنتییەکی بەهێز نەبێ، چونکە زۆرجاری دیکە ڕێککەوتن بووە لەسەر داوای ئەمریکا و خودی ئەمریکاش ئاگادار بووەو داواشی

### تێڕوانینی شیعە و سوننە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەکە

کردووە کە دەبێ چۆن ڕێکبکەون، بەڵام ئەنجامی نەبووە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبووە و کەسیش نەیگوتووە ئێوە بۆ لێی پاشگەزبوونەتەوە. بۆیە باشترین گەرەنتی ئەوەیە کە ئێمە یەکڕیزی کورد بپارێزین و بتوانین ئەو شوێنانەی کە دابڕێندراون لە کوردستان بیانگەڕێنینەوە. هەروەها گرەنتییەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو داواکارییانەی هەمانە، جا چ لەلایەنی شیعە بێ یاخود

## کورد هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ شیعە هەیە

سوننە، یەکدەنگ بین لەسەریان.

**ڕووداو: ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان لایەنە کوردییەکان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، کاریگەری کردووەتە سەر پەیوەندی و هەڵوێستەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا؟**

**عارف تەیفور:** ئەگەر بڵێم کاریگەری نەکردووە وانییە، حەتمەن کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام بەو ڕاددەیە نییە کە کاریگەری لەسەر پرسە نەتەوەییەکان هەبێ، لە پرسە نەتەوەییەکاندا ئۆپۆزیسیۆنیش هاوڕایە لەگەڵمان، بەڵام هەندێ بابەتی دیکە هەیە ئەوان جیاوازن لەگەڵمان، بۆ نموونە ئێستا خەریکی ڕێککەوتنین لەسەر پارەی کۆمپانیاکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان نەوت دەردێنن، ئێمە دەمانەوێت لە بودجەی عێراقدا کە تا ئێستا دەنگمان لەسەری نەداوە پارەکە جێگیر بکەین و پارەکە بە شێوەیەکی یاسایی و لە یاساکەدا بنووسرێت و بدرێت بە کوردستان، ئێمە وەکو هاوپەیمانی کوردستانی زۆر خەریکی ئەو بابەتەین و پێداگرین لەسەری، بەڵام برادەرانی ئۆپۆزیسیۆن تا ڕادەیەک لەو بابەتە بێدەنگن، بگرە ئەندامێکیان هەیە لەو لیژنەیە لەگەڵ برادەرانی دیکە دەنگیان بەوە نەداوە کە ئەو پارەیە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی کوردستان خەرج بکرێت، بەبیانووی ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە، چونکە لە حکومەتدا بەشدار نین. هەروەها بیانوویەکی دیکەیان ئەوەیە کە ئەو نەوتە لە بەرژەوەندی چەند کەسێکە، لە کاتێکدا ئەوانیش تاکێکی ئەو گەلەن، ئەگەر پارەکە خەرج بکرێت بۆ هەموو گەلە. بەڵام لەمەسەلەی 17%ی بودجە کە بمێنێتەوە، بەبێ هیچ مەرجێک لەگەڵ ئێمە یەک دەنگ بوون.

**ڕووداو: تێڕوانینی عارف تەیفور، وەکو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چییە لەسەر نوێنەرانی کورد بە گشتی لە بەغدا، بە تایبەتیش وەزیرە کوردەکان؟**

**عارف تەیفور:** بەڕاستی نوێنەرانی کورد بە گشتی لە بەغدا ماندوون، هیلاکن، من نەڵێم خۆم یەکێکم لەوان، بە گشتی ماندووین، چونکە ئێمە کەوتووینەتە ناو کۆمەڵێ کێشەی عێراق، ئینجا تۆ لەناو ئەو هەموو کێشەیەدا بەتایبەتی ئەو خیلافاتە بە هێزەی لە نێوان هەموو لایەنەکاندا هەیە، چۆن دەتوانی ئەو ئامانجەی کە هەتە بەدی بێنی. من وەکو عارف تەیفوور زۆر ڕازیم لە ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا. ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئیمکانیەتەکە هەر ئەوەندەیە.

**ڕووداو: هەندێجار باس لە سستی د.ڕۆژ نوری شاوەیس دەکرێت لە کاروبارەکانیدا، کە ئەو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە تا چەند ڕاستە؟**

**عارف تەیفور:** بە پێچەوانەوە، نەڵێم کە د.ڕۆژ کەسێکە و ئەندامی پارتەکەی منە، ئەو کەسێکی زۆر بەتواناو بەهێزەو قابیلیەتێکی باشی هەیە، بەتایبەتی لەکاتی دانوستاندنەکاندا زۆر وریایە و زۆریش وردبینە، بەڵام پێشتر گوتم ئیمکانیەتەکە لە بەغدا هەر ئەوەندەیەو زیاتر نابێت و دەسەڵاتمان نییە.

# یەکێتی دەڵێ پەراوێزخراوین و پارتیش داوادەکات چاوەڕێی هەڵبژاردن بکەن

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو-هەولێر**

گوتەبێژی یەکێتی گلەیی لە هاوپەیمانەکەی دەکات، کە حیزبەکەی لە دهۆک دەسەڵاتی نییە و دەڵێ "بەداخەوە لە پارێزگای دهۆک یەکێتییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پەراوێزخراون، هاوسەنگییەک لەو بارەوە لەئارادا نییە".

سەرەڕای یەکخستنەوەی ئیدارە و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش لەسایەی ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی لە نێوانیاندا، بەڵام هێشتا یەکێتی لە سنووری پارێزگەی سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و پارتیش لە هەولێر و دهۆک دەسەڵاتداری یەکەمن.

ئازاد جوندیانی، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەخنە لە پارتی دەگرێ کە ڕێگە بە حیزبەکەی نادات لە بادینان کاربکات و دەسەڵاتی هەبێ و دەڵێ "بەوپێیەی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی هاوبەشە، ناتوانێ و ڕێگەپێدراو نین وەک ئۆپۆزیسیۆن ڕەفتار بکەین".

جوندیانی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەو قسانەی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبەکەی کردووەو بێدەسەڵاتی حیزبەکەی پێشاندەدات لە ناوچەی بادینان کە پارتی بە ناوچەی نفوزی خۆی دەزانێ. جوندیانی گوتی "بەداخەوە لەوێ یەکێتییەکان هەست دەکەن تا ئەندازەیەکی زۆر لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە پەراوێزخراون". گوتیشی "لەولاشەوە وا هەست دەکەن لەدەسەڵاتی خۆجێی ئەوێدا (دهۆک) بەشدار نین و ڕێی بەشداری کردنیان لەبەردەمدا کراوە نییە و هاوسەنگیەک لەو بارەیەوە لە ئارادا نییە".

پارتیش لەلای خۆیەوە گلەیی لە یەکێتی هەیە کە لە سلێمانی و گەرمیان دەسەڵات ناداتە پارتی. عەبدولوەهاب عەلی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی لە سلێمانی و گەرمیان مەغدوورە، ئەگەر بڵێین با ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین ئەوا دەبێ جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی فیفتی فیفتی، کە ئەمەش بەسەر چووە". عەبدولوەهاب عەلی باسی "بێدەسەڵاتی" پارتی دەکات لە سلێمانی و دەڵێ "تەنانەت پارتی لە سلێمانی دەسەڵاتی گۆڕینی یەک فەڕاشی نییە".

عەبدولوەهاب عەلی داوا لە گوتەبێژەکەی یەکێتی دەکات پەلە نەکات و دەڵێ "ئێمە نازانین ئەو پەلە پەلەی کاک ئازاد جوندیانی لە چییە، با هەڵبژاردن بکرێ و هەر لایەنێک پێگەی خۆی بزانێ و بەپێی دەنگ لەهەر شوێنێک پۆستەکان دابەشبکرێ نەک لایەنێک خۆی فەرز بکات". هەروەها داوای کرد کە "وەکو پارتی داوا دەکەین با هەڵبژاردنەکان شەفافانە و بێگەرد بەڕێوەبچن".

گوتەبێژەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای سلێمانی ڕەتیکردەوە کە ڕێگری لە یەکێتی کرابێ لە بادینان "کەس ڕێگری لە یەکێتی نەکردووە لەبادینان کار بکات، لە سلێمانیش کەس ڕێگری لە پارتی نەکردووە کاری خۆی بکات، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە نە ئێمە لە سلێمانی و نە یەکێتی لە بادینان دەسەڵاتمان نییە".

بەڵام ئازاد جوندیانی دەڵێ "بڕیارمان داوە لەڕۆژانی داهاتوودا ئەم مەسەلەیەو هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بەکامڵکردنی چەمک و پرۆسەی حکومەتی شەراکەت لەگەڵ برایانی پارتیدا باسی بکەین".

گوتەبێژی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی پارتی
لە سلێمانی:

## کەس ڕێگری لە یەکێتی نەکردووە لە بادینان کار بکات



## چەند ئەکتەرێکی بیانی بەشداری کچی کافرۆش دەکەن

**شاخەوان شێخانی- هەولێر**

بە بەشداری چەند ئەکتەرێکی بیانی، لەم مانگەدا دەست بەوێنەگرتنی فیلمی کچی کافرۆش دەکرێت. تەنیا کەریم، دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوودا دەست بەکاری جێبەجێکردن بکرێت، لەو بەرهەمەدا چەندین ئەکتەری کوردستان و بیانی بەشدارن و لۆکەیشنەکانی لەکوردستان و بەریتانیا دەبێت، کاستی وێنەگرتنیشی بەهەمان شێوە لە دەرەوە دێن وەک بەڕێوەبەری وێنەگرتن و مکیاژ و دیزاینەر". تەنیا کەریم ئاشکرای نەکرد کە ئەکتەرە کورد و بیانییەکانی ئەو بەرهەمە کێن.



### هونەرمەند زوبێر ساڵح بۆ (ڕووداو):

# کوژرانی برایەکم ڕەنگی گۆرانییەکانی گۆڕیم

گۆرانی "سەباحولەخەیری خانا من" کە هۆنراوەی مەلای جەزیرییە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان ناسراوە. هونەرمەند زوبێر ساڵح، دەڵێت لەوەتەی چاوی هەڵهێناوە ئامێری ساز لە ماڵیاندا هەبووە. زوبێر ساڵی 1965 لە گوندی دەلیکێ لە نێوان دەرباسیێ و سەرێکانیێ لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە و ئێستا لە ئەوروپا دەژیت، بەڵام دەڵێت تەنیا جەستەی لە ئەوروپایە و ڕۆحی لە وڵاتە.

**دڵخواز بەهلەوی**
**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: لە نێوان دوێنێی ڕۆژئاوای کوردستان و ژیانی ئەمڕۆی ئەوروپا، چ گۆڕانکارییەک لە کەسێتی هونەرمەند زوبێر ساڵح ڕوویداوە؟**

**زوبێر ساڵح:** زۆر یادەوەری خۆشم لە وڵات هەیە. 33 ساڵ تەمەنم لە ڕۆژئاوای کوردستان بەسەر برد، لەناو دۆست و هەڤاڵان و میللەتەکەم چەندین ڕۆژی خۆش و ناخۆش و چەندین زەحمەتیم بینی. وەکو منداڵێکی کورد لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووم و گەورە بووم، لە تەمەنی 7 ساڵی دەستم بەکاری هونەری کرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی منداڵی هەرە خۆشم لە شارۆچکەی سەرێکانیێ و لە گوندەکەم (دەلیکێ) بەسەربرد، تەمەنی گەنجیشم لە حەسەکە لەگەڵ چەندین دۆست و هەڤاڵی هێژا بەسەربرد. لە وڵات قەدریان دەگرتم و ڕێزیان لە هونەرەکەم دەگرت، چونکە من لە ساڵانی 1980 بەدواوە هەموو ساڵێک بەرهەمێکم پێشکەشی میللەتەکەم دەکرد. باوەڕ نەکەن هیچ کاتێک ئەوروپا کاریگەری لەسەر کەسێتی من دابنێ، هەر وەک خۆم دەمێنمەوە و ناگۆڕێم. گەورەترین گرفتی من دوورکەوتنەوەمە لە گەلەکەم، من ئێستا لە ناو کولتوورێکی بیانی دەژیم، بخوازم یان نا کەمێک کاریگەری لەسەر هونەرەکەم دەبێ، بەڵام تەنیا جەستەم لە ئەوروپایە، ڕۆحم هێشتا لە وڵاتە.

**ڕووداو: ئەگەر بەبیر خۆت بهێنیتەوە، چ حەسرەتێک زیاتر لە مێشکت پەنگ دەخواتەوە، چۆنیش هاتیتە ناو دنیای هونەر؟**

**زوبێر ساڵح:** ئەوەی لەبیرم ناچێ خۆشەویستی دایکم بوو، کاتێک تەمەنم 13 ساڵ بوو لێی دوورکەوتمەوەو دواتر کۆچی دوایی کرد و نەمتوانی بیبینمەوە. ئەوە تا ئەو ڕۆژەی دەمرم وەکو حەسرەتێک لە دڵمدا دەمێنێ.

بەخۆشم نازانم چۆن تێکەڵ بە کاری هونەری بووم، چونکە کە چاوم کردەوە ساز لە ماڵی ئێمە هەبوو، نازانم چۆن فێری بزق بووم، کە چاوم کردەوە هونەرمەند بووم، تا ئێستا نزیکەی 230 گۆرانیم هەیە، بەشێکیشیان هەڵبەست و ئاوازەکەی بە خۆم دامناون.

**ڕووداو: هونەرمەندێک هەیە بۆ تۆ نموونەی باڵا بێ؟**

**زوبێر ساڵح:** سەرەتا کاریگەری زۆر هونەرمەندم لەسەر هەبوو، بەڵام کەسێکی تایبەت نییە، چونکە زوو بە زوو دەستم بە ئامادەکردنی گۆرانی کرد و ڕێگایەکی تایبەتم گرتەبەر، بە گۆرانی و ستایلی ناسک و نەرم تایبەت بەخۆم ناسرام و هەموو کەسێک حەزی لە ڕەنگی گۆرانییەکانم کرد.

**ڕووداو: هونەری عەرەبی هیچ کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو؟**

**زوبێر ساڵح:** کاریگەری موزیکی عەرەبیم لەسەر نییە، چونکە زۆر پەیوەستم بە فۆلکلۆری کوردی.

**ڕووداو: زۆر لە هونەرمەندان کاروانی هونەری بە گۆرانی خێرا دەستپێدەکەن و ناوبانگ بەدەستدێنن. بەڵام ئەمە لەگەڵ تۆ جیاواز بوو، بە ئاوازی لەسەرخۆ و هەڵبژاردنی شیعرێک کە واتای قووڵی هەیە دەستتپێکرد. ئەوە چۆن بوو؟**

**زوبێر ساڵح:** موزیکی من دوو ڕەنگ بوو، یەکێکیان موزیکی کلاسیکی بوو کە لە هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ و نەورۆزدا هەبوو، ئەوەی دیکەش هەرە گرنگ بوو کە وەکو پرۆژەیەک لەسەری ڕۆیشتم، ئەو ڕەنگە موزیکی ڕەسەنە و بۆ پێشکەوتنی کولتوور و موزیکی کورد بووە نموونەیەک. هەڵبەستی تیرێژ و بێ بوخار و مەلای جەزیری بۆ من بوونە سەرچاوە و خۆم لەسەر ئەوە دروستکرد. ئاوازم بۆ 8 هەڵبەستی جەزیری دانا و یەکێکیان (سەباحولخەیری خانا من) زۆر دەنگی دایەوەو لە هەر چوار پارچەی کوردستان ناسرا. ئێستاش خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکم لە هەڵبەستی جەزیری، فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی. بە ڕەنگی تایبەتی موزیک دەناسرێمەوە کە ڕەنگێکی لەسەرخۆ و بێ قەرەباڵغییە، گۆرانییەکانم بێ دەستوور دەچێتە ناو دڵی مرۆڤ، ئەوە تایبەتمەندی منە.

**ڕووداو: لە گۆرانییەکانتدا خەمبارییەکی گەورە هەیە. ئەو خەمبارییە چییە؟**

**زوبێر ساڵح:** ڕاستە گۆرانییەکانم زۆر خەمبارن، لە ژیانمدا زۆر دەرد و خەمم بینی، یەکێک لەوانیش خەمی وڵات بوو، هەڵبەتە بە ئەڤینداریشدا تێپەڕیم و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەجێهێشتم و بووە هۆکاری ئەوەی گۆرانییەکانم خەمبار بن. هۆکارێکی دیکەش ئەوەبوو برایەکم لە ساڵی 1988 بەدەستی زوڵم کوژراو ژیانی منی سەروبن کرد و ڕەنگی گۆرانییەکانی گۆڕیم.

**ڕووداو: چۆن سەیری جموجۆڵی کورد لەناو شۆڕشی سووریا و داواکارییەکانیان دەکەی؟**

**زوبێر ساڵح:** من سیاسەتمەدار نیم، بەڵام لە سیاسەتیش دوور نیم. وەکو هونەرمەندێکی کورد پێموایە دەبوو حیزب و ڕێکخراوەکانمان یەکگرتوو بوونایە، چونکە ڕۆژئاوا بە بارودۆخێکی ناسکدا تێپەڕدەبێ و پێویستە ئەوان ئەو دەرفەتە نەفەوتێنن، بەڵام بەداخەوە هەر پارتێک لە ئاشێک لێی دەکات، ئەمەش جێگای نیگەرانییە، بەوەش زۆر ئازار دەکێشم.

**ڕووداو: لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ڕۆژئاوای کوردستان، گۆرانییەکتان ئامادە کردووە. دەتانەوێ چی بڵێن؟**

**زوبێر ساڵح:** ئەو گۆرانییە ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە، کلیپەکە و ئاوازەکەشی لە ئامادەکردنی منە و هەڵبەستەکەش ئەرشەفێ ئۆسکان دایناوە. گۆرانییەکە لەسەر شۆڕشی ڕۆژئاوایە و مەبەستیشم مۆڕاڵ بەخشینە بە گەل و داوا لە پارتەکان دەکەین لە یەکدی نزیک ببنەوە، دەڵێین وەکو هونەرمەند پشتگیری لەو شۆڕشە دەکەین. 8 هونەرمەندم گەیاندووەتە یەکدی تاوەکو ئەو کارە بکەین.

**ڕووداو: بەڕای تۆ سەردەمی گۆرانی شۆڕشگێڕی ماوە؟**

**زوبێر ساڵح:** گۆرانی شۆڕشگێڕی لەکاتی شۆڕشدا زۆر گرنگە، هونەر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر گەنجانی ناو شۆڕش. هونەر لەو چەکە کەمتر نییە کە لە شانی شۆڕشگێڕێکدایە.

**ڕووداو: گۆرانیبێژی کورد بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانییەک زۆر زەحمەتی دەبینێ. کێ گۆرانییەکانی زوبێر ساڵح بەرهەم دێنێ؟**

**زوبێر ساڵح:** ڕاستە زۆر زەحمەتی دەبینین تاوەکو بەرهەمێک ئامادە دەکەین، چونکە من تاوەکو ئەمڕۆ هیچ هاوکارییەکم لە هیچ کەس و ڕێکخراوێک وەرنەگرتووە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی درەنگ بەرهەمم هەبێ. وەکو میللەتی کورد قیمەتی هونەر نازانین، هەموو شتەکانم بەخۆم دەکەم بێ هاوکاری هیچ کەسێک. بۆ نموونە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکم لە هەڵبەستی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران، بەداخەوە هەندێک هاوکاریم بۆ ئەو بەرهەمە پێویستە، لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەمە لە ئەستەنبوڵ ئامادە دەکرێت و بەتەنیا ناتوانم خەرجیەکانی دابین بکەم. هیوادارم کەسانێک هاوکاریم بکەن تاوەکو ئەو بەرهەمە بە قیمەتە بکەوێتە ناو ئەرشیفی گۆرانی کوردی.

**ڕووداو: بەو دواییە چەندین کلیپت بۆ هونەرمەندانی کورد بەرهەمهێناوە. ئایا ئەوە بەهرەیەکە یان شتێکی ناچارییە؟**

**زوبێر ساڵح:** هونەر هەمووی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، دەرهێنەر نیم، بەڵام بۆچوونێکی خراپیشم لەسەر دەرهێنەران نییە. 20 ڤیدیۆ کلیپم مۆنتاژ کردووە و دەرهێناوە. ئەوانەم هەموو بێ پارە کردووە بۆ هەڤاڵە هونەرمەندەکانم، لێشی پەشیمان نیم.

**ڕووداو: بەرهەمی نوێت چییە؟**

**زوبێر ساڵح:** ڤیدیۆ کلیپێکی نوێم هەیە، کە لەو ماوەیەدا بڵاودەکرێتەوە، هیوادارم بە دڵی گەلەکەم بێ.

سیاسەتمەدار نیم بەڵام لە سیاسەتیش دوور نیم

کە چاوم کردەوە ساز لە ماڵی ئێمە هەبوو



- جەستەم لە ئەوروپایە و ڕۆحم لە وڵات
- هونەر لەو چەکە کەمتر نییە کە لە شانی شۆڕشگێڕێکدایە



### جگە لە سیدی، ترش و خوێ بە نوکتەدا دەکات

# تۆمارگایەکی هەولێر فریای زاهیر جەلال دەکەوێت

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو-سلێمانی**

"هێشتا توانام هەیە بەردەوام بم" دیدار لەگەڵ زاهیر جەلال جیاوازە لەگەڵ هەر کەسێکی دیکە، ئەو ئێستا لە دەرگایەکی دیکەوە دێتەوە ناو خەڵک و وەک خۆی دەڵێ "ئەو کتێبی نوکتەیەی لە بازاڕدا هەیە، زیاتر لە 150 نوکتەیان هی منن".

بە درێژایی ئەو کاژێرەی (ڕووداو) لەگەڵی دانیشت، زۆری وشەی "نەبوونی" دووبارە کردەوە وەک ئاستەنگێک لەبەردەم کەم دەرکەوتنی. لە کوردستان خەڵکێکی زۆر دەیناسن، قسەکانی بۆ ئەوەبوو تاوەکو بزانن بۆچی وەک جاران زوو زوو بە گۆرانی نوێوە دەرناکەوێتەوە.

کاتێک خەڵک دەپرسن بۆچی بەرهەمی نوێی نییە، بەو پرسیارانە دڵخۆش دەبێ و پێیوایە لە زیندوێتی هونەرەکەیەتی، بەڵام دەڵێت "7-8 هەزار دۆلار لە کوێ بهێنم بۆ ئامادەکردنی سیدییەک، ئەوە پارەی دەوێ، ئاواز و هۆنراوەم هەیە، بەڵام هاوکاری داراییم دەوێ بیانکەمە گۆرانی و بڵاویان بکەمەوە".

گۆرانیبێژێکی ناسراوە، ڕووخۆشە، بە پێچەوانەی بەشێک لە گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی دیکە لە نێو خەڵکدا قسەی خۆشدەکات و بە نوکتە و پێکەنینەوە خەریک دەبێ. بەڵام لە گۆرانییەکانیدا هەمیشە ئاواز و هۆنراوەی خەمگین هەڵدەبژێرێ.

زاهیر جەلال گوتی "تۆمارگای ناز لە شاری هەولێر بەهاوکاری هاوڕێیەک بە ناوی سەرکەوت هەولێری بەڵێنیان پێداوم، سیدییەکم بۆ تۆمار بکەن"، گوتیشی "ئەو سیدییە هەر بە ریتم و ستایلە کۆنەکانە، خەمباری و دابڕانە لە جوانیی سروشت و ئەمساڵ بڵاودەبێتەوە".

بڕوای تەواوی بە تێکەڵی خەڵک و بەرهەمهێنانی قسەی خۆش هەیە "هەمیشە واهەست دەکەم لەناو خەڵکدا زیندووم"، ناوبراو نزیک لە گوتە بەناوبانگەکەی (چارلی چاپلن) کە دەڵێ "هەموو ئەوەی کردم بۆ ئەوەبوو خەڵک بگرین، بەڵام پێدەکەنین"، دەڵێ "بەردەوام بۆ هەر شتێک خەم دەخۆم و تەنیا بە ڕواڵەت پێدەکەنم، زۆربەی خەمەکانم بە پێکەنین و نوکتە دەردەبڕم".

زاهیر جەلال ساڵی 1961 لە سلێمانی لە دایکبووە. تاوەکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و ئێستا لە خوێندنگەی پێشکەوتن لە هەوارە بەرزە، نووسەری خوێندنگەیە.

وەک زۆر گۆرانیبێژی دیکە، گلەیی لەو دۆخ و ڕۆژگارە کرد کە هونەر و میوزیکی پێدا تێدەپەڕێ، لە ستایلەکان و ئاوازە نامۆکان و سەرهەڵدانی لێشاوێک لەوانەی هێشتا ئاستی لاوازیان هەیە ئینجا گازاندەی لە دەست ئەو گەنجانە هەبوو کە بەشێوەیەکی نادروست و نەگونجاو لاسایی دەکەنەوە "ئەو تازانە کۆنەکانیشیان شێواندووە".

وەک خۆی گوتی هەر لەمنداڵییەوە شەیدای هونەری نواندن بووە، هەروەها دەڵێت زۆر حەزیشی لە نوکتەیە "ئەگەر بتوانی چۆن ترش و خوێ نوکتە بکەیت، ئەوا پێت ناگوترێت قەرەباڵغ، لەوانەیە بگوترێت لێزانە". زاهیر جەلال هەروەها دەڵێ "نوکتەش وەکو کولتورێکی ئەو میللەتە وایە، نابێت دەستکاری بکەیت، ئەگەر دەستکاریشت کرد بە شێوەیەکی وا دەستکاری بکەیت، بە نوکتەیی بمێنێتەوە".

تاراوگە



## ئایدن دوورخرایەوە

**روودلو- کۆلن**

مەحموود ئایدن، کوردێکی خەڵکی ئەرزەمە و لە شاری دۆرتموند مامۆستای زمانی تورکییە بە (رووداو)ی راگەیاند بەهۆی ئەوەی وتارێکی سیاسی لە ماڵپەڕی یەکێتی مامۆستایانی کورد بڵاوکردووەتەوە لە قوتابخانەکەی خۆی گواستراوەتەوە. ئایدن گوتی "مەلایەکی تورک لە دژی من وتاری خوێندبوووەوە، دواتر ئیمزایان کۆکردەوە. بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەش کەوتبوونە دۆخێکی نالەباردا و نەیاندەویست کێشەکە گەورە ببێت، بۆیە بە بیانووی پاراستنم گواستمیانەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە."

### کچە گەنجە کوردەکەی نێو (دی لینکە)ی ئەڵمانیا

# دەبێ لە هەموو شوێنێک خۆمان وەک کوردستانی بناسێنین



**سەردار عەگید بۆزتەموور**
**رووداو- ئەڵمانیا**

چیگدەم کایا، کچێکی کوردی خەڵکی ئەرزنجانە و بۆ زۆر لەو گەنجانەی لە ئەورووپا لە دایکبوونە، بووەتە نموونەیەکی سەرنجراکێش. ئەو ئێستا شانبەشانی ئەڵمانەکان لە نێو پارتێکی ئەڵمانی کاری سیاسی دەکات.

کایا ماوەی سێ ساڵ لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی دویزبۆرگی ئەڵمانیا خوێندوویەتی، دواتر چووەتە زانکۆی فرانکفۆرت، ئەوە ماوەی دوو ساڵیشە لەوێ درێژە بە خوێندنەکەی دەدات و بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ ماستەر لە زانستە سیاسییەکان وەربگرێت.

چیگدەم کایا، تەمەنی 25 بەهارە، لەلایەک بە خوێندنەکەیەوە خەریکە و لەلایەکیش خەریکی کاری سیاسەتە، ئەو سیاسەتمەدارێکی گەنجی نێو پارتی (دی لینکە)ی چەپڕەوە. سەرەتا لەناو لیستی پارتی (دی لینکە)دا بەشداری کاری سیاسی بوو لە شارەوانی شارۆچکەی دینسلاکنی نزیک شاری دویزبۆرگ. دواتر وەکو سەرۆکی لقی لاوانی ئەو حیزبە لە گەورەترین ویلایەتی ئەڵمانیا، نۆردراین ویستڤالن هەڵبژێردرا.

دوای دوو ساڵ کایا بووە بەرپرسی (دی لینکە-SDS) لەسەرجەم زانکۆکانی ئەڵمانیا. پێشتر چیگدەم کایا لەگەڵ شاندێکی پارتەکەی کە لە 35 کەس پێکهاتبوو، سەردانی باکووری کوردستانی کرد بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی 12ی حوزەیرانی 2011. کایا لەو سەردانەیدا بۆ شارەکانی مێردین و ئامەد دوو کەسی ناسی کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دانا: دایکی ئۆگور کایماز و ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتیک KCD.



کایا باسی ئەو سەردانە دەکات و دەڵێت "رۆژێکیان میوانی ئەحمەد تورک بووین، زۆر کەس دەهاتن سەردانیان دەکرد، سیاسەتمەدار، مامۆستا، منداڵ، پیر و ژن. بەڵام لەناو ئەو میوانانەدا ژنێکم بینی کە بووە نموونە بۆ من. من قسەم لەگەڵ مەقبوولە کایماز، دایکی ئۆگور کایماز کرد".

ئۆگور کایماز منداڵێکی تەمەن 12 ساڵان بوو، لە پۆلی پێنجی بنەڕەتی بوو، رۆژی 2004/11/21 لە ناوچەی قۆسەری سەر بە ماردین لەگەڵ باوکی لە پشت ماڵەوەیان لەلایەن پۆلیسەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژران.

کایا کە لە ئەورووپا لەدایکبووە و یەکەمین جاری بووە سەردانی باکووری کوردستان بکات، دەڵێ زۆر سەرسام بووە بە دایکی ئۆگور کایماز "ئەو وەک دایکێکی کورد کوڕ و هاوسەری لەدەستداوە. ئەم دیدارەمان وەکو وێنەیەکی دەوڵەمەندی ژنی کورد بوو. دایکی ئۆگور سەرباری هەموو ئازار و مەینەتییەکان، رووپەکی خۆش و بەپێکەنینی هەبوو، کاریگەری پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر من و بۆ من وزەیەک بوو کە بتوانم بەردەوام بم لە سیاسەت و پەرە بەخۆم بدەم".

کایا بێجگە لە سەردانی کوردستان، لە ئەیلولی 2011 لەگەڵ شاندێکی حیزبەکەی سەردانی ئیسرائیل و فەلەستینیشی کرد. لەوێ ئاشنابوو لەگەڵ کێشەی ژنانی فەلەستین و کولتووری جولەکە بە رەچەڵەک کوردستانیەکان. سەردانی کوردستان و فەلەستین بووە هاندەرێکی بەهێز بۆ بەردەوامیدان بە کاری سیاسی و دەشڵێ "گەنجی کورد لە دەرەوەی وڵات دەبێ هەموو شتێک بکەن، بخوێنن، کاری سیاسی لەناو پارت، سەندیکا و دەزگاکانی راگەیاندندا بکەن. چونکە بەو هۆیەوە دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر و ئاسانتر کێشەی گەلەکەیان بناسێنن".

ئەوەی بەلای ئەو کچە کوردەوە گرنگە، وەک خۆی دەڵێ "دەبێ ئێمە لە هەموو شوێنێک خۆمان وەکو کوردستانی بناسێنین".

# دەوران دێتە کوردستان



**رووداو- بەرلین**

دەوران، هونەرمەندی تاراوگەنشین رایگەیاند کە بە نیازە لەمانگی ئایاری ئەمساڵ سەردانی باشووری کوردستان بکات و لەگەڵ هونەرمەنێکی باکووری کوردستان کۆنسێرتێک ساز بکەن.

گۆرانیبێژ دەوران گەنجێکی باکووری کوردستانە، ماوەی 10 ساڵە خەریکی گۆرانی گوتنە، ماوەی دوو ساڵیشە لە بەرلین ژیان بەسەردەبات. دەوران بە (رووداو)ی راگەیاند لە مانگی ئایاردا سەردانی باشووری کوردستان دەکات و لەگەڵ هونەرمەند رۆژین کۆنسێرتێکی گۆرانی لە شاری هەولێر سازدەکەن.

ئەو گۆرانیبێژە دوو مانگ لەمەوبەر ئەلبوومێکی بەناوی "Bir zemanler duşti" دەرکرد کە لە ١٤ تراک پێکهاتووە. دەوران هەوادارێکی زۆری هەیە لەناو لاوانی کورددا، هەروەها گەنجانی بیانیش گوێ لەو هونەرمەندە دەگرن.

دەوران باسی بەرنامەی ئەو سەردانەی کرد بۆ باشووری کوردستان و گوتی جگە لە سازدانی کۆنسێرتێک بەنیازە گۆرانییەکیش کلیپ بکات، هەروەها گوتی "گۆرانی دەلالێ، کە لە هۆنراوە و ئاوازی خۆمە، لەگەڵ هونەرمەند رۆژین بە یەکەوە دەیڵێین و هەر لە شاری هەولێر کلیپی دەکەین". هەروەها دەڵێت "ئەو گۆرانییە بۆیە کلیپ دەکەم بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ گوێی لە میوزیکی کوردی بێت".

# خەزاڵ دوای 8 ساڵ دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا





**رووداو- کۆلن**

خەزال سەلامە دووگیان بوو کاتێک لەگەڵ کچە یەک ساڵییەکەی دیپۆرتی باکووری کوردستان کرایەوە، بەڵام هاوسەرەکەی و دوو منداڵی دیکەی لە ئەڵمانیا مانەوە. دوای 8 ساڵ خەزال جارێکی دیکە گەڕایەوە ئەڵمانیا.

مەسەلەی لێکجیاکردنەوەی ئەندامانی ئەو خێزانە کوردەی باکووری کوردستان وایکرد زۆر کەس هەوڵی گەڕاندنەوەی خەزال و منداڵەکانی بدات بۆ ئەڵمانیا. تەنانەت ئوە شوونەمان، وەزیری ناوخۆی ویلایەتی نیدەرزاکسنی ئەڵمانیا بەهۆی ئەم رووداوە لەسەرانسەری ئەڵمانیا بەناوبانگ بوو و رەخنەی لێگیرا. خەزال لە گوندێکی نزیک شاری هیلدسهایم لە باکووری ئەڵمانیا لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژیا، لەلایەن فەرمانگەی پەنابەرانی ئەڵمانیا دیپۆرتکرایەوە. لەکاتێکدا هاوسەر و دوو منداڵی دیکەی خەریکبوون دەست بە خوێندن بکەن لەو شارەدا.

خەزال و منداڵەکانی ماوەی 8 ساڵ چاوەڕێیان کرد. دوای کۆششێکی زۆری ئەو خێزانە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەزارەتی ناوخۆی ویلایەتی نیدەرزاکسن داواکاری خەزال و هەردوو منداڵەکەی قبووڵکرد. داواکارییەکە بەهۆی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە شاری ئیزمیر پێشکەش کرابوو.

هۆکاری دیپۆرتکردنی خەزال ئەوە بوو کە دایک و باوکی لەکاتی هاتنیان بۆ ئەڵمانیا زانیاری هەڵەیان دابووە فەرمانگەکانی ئەڵمانیا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوو پەرلەمانی ویلایەتەکە بڕیاری گەڕانەوەی خەزالی دابوو. لە مانگی کانوونی دووەمیشدا قایمقامیەتی شاری هیلدسهایم ئاشکرای کردبوو کە هەلومەرجی پێدانی ڤیزە بۆ خەزال گونجاوە، بەهۆی ئەوەی منداڵێکی مافی مانەوەی هەیە لە ئەڵمانیا.

### چونکە زمانی ئەڵمانی نەدەزانی

# نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا پەنابەرێکی کورد چارەسەر ناکات



**رووداو- کۆلن**

نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا رەتیکردەوە ناوی پەنابەرێکی کورد بخاتە لیستی ئەو نەخۆشانەی لەوێ نەشتەرگەری دڵیان بۆ دەکرا، بە بیانووی ئەوەی پەنابەرە کوردەکە زمانی ئەڵمانی نەزانیوە.

ئەو پەنابەرە کوردە کە لە شاری پاینەی نزیک هانۆڤەر دەژیت، خەڵکی باشووری کوردستانە و 13 ساڵ لەمەوبەر چووەتە ئەڵمانیا و یەکسەر مافی پەنابەری وەرگرتووە، بەڵام لەو ماوەیە نەیتوانیوە خۆی فێری زمانی ئەڵمانی بکات. ئەوەش دواجار بە زەرەری خۆی شکایەوە.

بەڵام ئەو کوردە تەمەن ٦١ ساڵە سکاڵای لە دژی بڕیاری نەخۆشخانەکە تۆمارکردووە و دۆسیەکەی بردووەتە دادگەی ئیداریی فیدراڵ. دادگای شاری (کارلسروهە)ش پشتیوانی ئەو پەنابەرە کوردەی کردووە.

ئیدارەی نەخۆشخانەکە بەڕاشکاوی باسی هۆکاری ئەنجامنەدانی نەشتەرگەرییەکەیان کردووە بۆ ئەو پەنابەرە و دەڵێن "ئەو پەنابەرە زمانی ئەڵمانی نەزانیوە". وەک ئەوەی زمانی ئەڵمانی مەرج بێت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری لەو نەخۆشخانەیە، بەرپرسانی نەخۆشخانەکە دەڵێن "بەبێ زانینی زمانی ئەڵمانی ئەو نەخۆشخانەیە ناتوانێت بەشداری لە پرۆسەی چارەسەری ئەو پەنابەرە کوردە بکات".

جیهاد تۆلان، پارێزەری ئەو پەنابەرە کوردە بە ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیا DPAی راگەیاندووە ئەو کارەی نەخۆشخانەکە کردوویەتی بەرامبەر ئەو پەنابەرە کوردە "دەچێتە خانەی تاوان". هەروەها دەڵێت "هەڵبەت پێویستە پزیشک دانوستاندن لەگەڵ نەخۆشەکە بکات، نەخۆشخانەکە دەیتوانی ئەو نەشتەرگەرییە ئەنجام بدات، ئەویش بە دابینکردنی وەرگێڕێک بۆ پەنابەرەکە".

لەو ماوەیەدا نەخۆشخانەیەکی دیکە پێشوازی لەو نەخۆشە کوردە کرد و ناوی خستە ناو لیستی ئەو نەخۆشانەی کە چاوەڕێی دۆزینەوەی دڵێک دەکەن بۆ ئەوەی بۆی دابنێن. پەنابەرە کوردەکەش داوای قەرەبوو لە نەخۆشخانەکەی دیکە دەکات.


RÛDAW
تۆڕی میدیایی ڕووداو
گوڵستان پەروەر
بیرتان دەکەم


www.Rudaw.net
RÛDAW
تۆڕی میدیایی ڕووداو
نەشمانبینن
دەمانبیستن
102.7 FM


RÛDAW
تۆڕی میدیایی ڕووداو
legel Ranj
بەردەوامین
www.Rudaw.net


www.Rudaw.net
کوا ئامێرەکەت؟
پۆرتاڵێکی دیجیتاڵت بۆ ئامادەکراوە
RÛDAW

## هەوڵی ڕفاندنی کچێک دەدرێت



**ڕووداو- هەولێر**

بەیانی 2013/3/2 له گەڕەکی سێتاقانی هەولێر هەوڵی ڕفاندنی کچە قوتابییەک دەدرێت. ئەو کچە ناوی (م.ب)ە و تەمەنی 8ساڵەو پۆلی دووی بنەڕەتییە. بەپێی وتەی شـــاهێدحاڵێک بۆ (ڕووداو)، لەکاتی ڕۆیشـــتنی بۆ قوتابخانە هەوڵی ڕفاندنی (م) دراوە "گەنجێکی نەناسراو له ڕێگەی پیشاندانی پارە هەوڵیدا ئەو کچە بڕفێنێت، بەڵام گەنجێکی دیکەی دانیشتووی هەمان گەڕەگ کچەکەی له ڕفاندن ڕزگار کردووە، تائێستا تۆمەتبارەکە نەناسراوەو نەگیراوە".

# ساڵی ڕابردوو 811 ژن لێیاندراوە

### بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان له هەولێر:

## ژن هەیە دێتە لامان دەڵێت سکاڵا تۆمار ناکەم تەنیا بە پیاوەکەم بڵێن لێم نەدات

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو–هەولێر**

له ماوەی یەک ساڵدا له کوردستان 811 ژن لێیاندراوەو ئەشکەنجەدراون. بەڕێوەبەرێکی پۆلیس لەوبارەوە دەڵێت پیاو هەیە دەست و پێ و لووتی ژنەکەی شکاندووە.

بەپێـــی ئامارەکانـــی بەڕێوەبەرایەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژ بـــە ئافرەتان له کوردســـتان، له ماوەی ســـاڵی ڕابردوودا 47 ژن کـــوژراون. 43 ژن خۆیان کوشتووە. 98 ژن خۆیان سووتاندووە. 263 ژن ســـووتاون. 811 ژن ئەشکەنجە دراون. 167 ژن دەســـتدرێژی سێکســـییان کراوەتە سەر، هەروەها 3375 ژنیش سکاڵایان تۆمار کردووە.

ڕائیـــد ژیلەمۆ عەبدولقـــادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژ بـــە ئافرەتان له هەولێر دەڵێت، ئەشـــکەنجەدان ئەوانـــە دەگرێتەوە کە لێیان دراوەو ڕاپۆرتی پزیشـــکییان هەیە "ئەوانە سکاڵاشیان تۆمار کردووە. زۆربەشیان لەلایەن مێردەکانیانەوە لێیـــان دراوە، بـــەڵام هەیە له لایـــەن براو باوکییـــەوە لێـــی دراوە. کێشـــەی بووک و خەسووشـــمان هەیـــە، هەندێـــک حاڵەتمان هەبووە ژن له ژنی داوە".

### ڕەوشی ژنانی کوردستان لەساڵی 2012:

| پارێزگای هەولێر: | پارێزگای سلێمانی: | پارێزگای دهۆک: | ئیدارەی گەرمیان: |
|---|---|---|---|
| 22 ژن کوژراون | 9 ژن کوژراون | 11 ژن کوژراون | 5 ژن کوژراون |
| 9 ژن خۆیان کوشتووە | 16 ژن خۆیان کوشتووە | 13 ژن خۆیان کوشتووە | 5 ژن خۆیان کوشتووە |
| 45 ژن خۆیان سووتاندووە | 27 ژن خۆیان سووتاندووە | 21 ژن خۆیان سووتاندووە | 5 ژن خۆیان سووتاندووە |
| 114 ژن سووتاون | 80 ژن سووتاون | 41 ژن سووتاون | 28 ژن سووتاون |
| 168 ژن ئەشکەنجە دراون | 517 ژن ئەشکەنجە دراون | 28 دەستدرێژی سێکسی | 126 ژن ئەشکەنجە دراون |
| 22 دەستدرێژی سێکسی | 108 دەستدرێژی سێکسی | 733 ژن سکاڵایان تۆمارکردووە | 9 دەستدرێژی سێکسی |
| 1213 ژن سکاڵایان تۆمارکردووە | 1175 ژن سکاڵایان تۆمارکردووە | | 254 ژن سکاڵایان تۆمارکردووە |

### "دوو ساڵە له ژنەکەی دەدات"

ئەو ئامـــارەی بڵاوکراوەتەوە، ئـــەو ئافرەتە ئەشـــکەنجەدراوانەن کە سکاڵایان تۆمار کردووە. ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت ژن هەیە ئەشکەنجە دەدرێ و سکاڵا تۆمار ناکات "دەڵێت تەنیا بە پیاوەکەم بڵێن چیدی لێم نەدا. ســـوڵح له نێوانمان بکەن. ئێمەش ئەگەر مافی گشتی تێدا نەبێت هەوڵدەدەین کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەین بێ ئەوەی بگاتە دادگا". هەروەها دەڵێ "ژن هەیە هاتووەتە لامان دەڵێ دوو ساڵە مێردەکەم لێمدەدات. بەڵام هەر خۆم بێدەنگ کردووە، تا کێشەکە گەورەتر نەبێت لەبەر خاتـــری منداڵەکانم. ماڵم لێ تێکدەچێت. مێردەکەیشی بە لاوازی زانیوەو هەر لێیداوە".

بەپێـــی لێکۆڵینەوەیەکـــی بەڕێوەبەرایەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی، ئەو ژنانەی له ساڵی 2011 له هەولێر ئەشکەنجە دراون 89%یان بێکارن و 85% یان شـــوویان کـــردووەو 63%ی کێشەکان له نێوان ژن و مێرد بووە.

ئامانج سەدرەدین، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە ئەشـــکەنجەدان و سوکایەتیکردن بە ئافرەتان له کۆمەڵگەی کوردیدا "کەلتـــوورە" و لەناو زۆر له خێزانەکاندا بەشـــێک له پیاوی کورد بە سووک ســـەیری ئافرەت دەکەن "پیاو هەیە لێدانی ژن و خوشک و دایکی له باوکییەوە بۆ ماوەتەوە. بەڵام لێدان کێشەی گەورەتری بەدوادا دێت، وەک تەڵاق و خیانەت و کوشـــتن و خۆسووتاندن و هەڵاتن و دەیان کێشەی دیکە بۆیە ژن و پیاو به ڕێزگرتنەوە ئاسوودە دەبن".

### "لوتی ژنەکەی شکاندووە"

ژن هەبووە بە دەست و پێی شکاوەوە چووەتە لای ڕائید ژیلەمۆ. ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس گوتی "ژن هەیە لەگەڵ لێدان لووتی شکاوە. دەموچاوی شین بووە. ئەو لێدانە وەکو کەلتوورێکی لێهاتووە، بۆ ئەوەی پیاو وەکو باڵادەســـت بەدەرکەوێت له ژنەکەی دەدات. لەگەڵ ئەوەش ئەشکەنجەو لێدانی ئافرەتان کەمبووەتەوە".

ڕائیـــد ژیلەمۆ دەڵێت " ئەو ژنانەی لێیاندراوە و ڕاپۆرتی پزیشکییان هەیە دەتوانن داوای تەڵاق بکەن. له دادگا بیسەلمێنن کە لێیان دراوەو مافی خۆیان وەربگرنـــەوە. ژن هەبووە لێیدراوە خۆی سووتاندووە. له ئیفادەکەیدا گوتوویەتی له داخی مێردەکەم خۆم سووتاندووە، چونکە لێمدەدات".



## کەس نابێتە کەفیلی ژنە زاخۆییەکەی سلێمانی

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو–سلێمانی**

لـــە ژوورێکی بێ پەنجـــەرەی تەنگەبەردا، گڵۆپەکان ڕووناکییان دەخستە سەر چاوە پڕ لەفرمێسکەکانی، جارجارێکیش بە نیگایەکی نامۆوە ســـەیری ژنەکانـــی دەوروبەری خۆی دەکرد کە بە عەرەبی قســـەیان دەکرد. ئەوان قاقا پێدەکەنین و ئەویش دڵتەنگ و خەمبار.

"جێگایـــەک نەبوو شـــەوان بتوانـــم تێیدا بمێنمەوە" ڕووبار، 28 ســـاڵ لـــە زاخۆ ژیانی بەســـەر دەبرد و یەکێک بـــوو لەو کچانەی لە هیچی کـــەم نەبوو. ڕازی نەدەبوو بەوەی ناوی باوکی بەزاریدا بێت "نامەوێ ناوی باوکم پیس بکەم، گرنگ ئەوەیە کەسێکی میهرەبان و باش بوو".

بەدەســـتپێکردنی گێڕانەوەی بەسەرهاتی هاتنـــە زیندانـــی بە کوڵمـــە ســـوورەکانیدا فرمێســـکەکانی هاتنە خوارەوە " باوکم مردو دایکم شـــووی کردەوە". بـــەڵام ڕووبار لەگەڵ مێـــردە تازەکەی دایکی نەگونجـــاوە و هەموو ئێوارەکانی سەر ســـفرەی بەشەڕ و دەمەقاڵە بەڕێکردووە "ئێواران لە ئیش دەهاتمەوە پارەی ئەو ڕۆژەی لێدەستاندم".

ڕووبار، بـــۆ پەیداکردنی بژێـــوی ڕۆژانەی خۆی لە ســـاڵی 2010 لە کافتریایەکدا دەست بـــەکار دەکات تـــا ئـــەو ڕۆژەی بڕیـــاردەدات ژیانی هاوســـەری پێکبهێنێ، بەڵام تەنیا یەک ســـاڵ لەگەڵ مێردەکەی دەمێنێتەوە و پاشان مێردەکەی بڕیار دەدات لەگەڵ خۆشەویستەکەی پێشوویدا هاوسەرگیری بکەن، بەڵام ڕووبار بەو کارە ڕازی نابێت و لێی جیادەبێتەوە.

دووبارە دەست دەکاتەوە بەکارکردن، بەڵام ئەمجارە لەکافێیەک ئەویش بەرۆژانەیەکی کەم تاوەکـــو ئەو ڕۆژەی پیاوێک پێیدەڵێت "ئەگەر دەتەوێـــت پارەت زۆر دەســـتبکەوێت وەرە بۆ ســـلێمانی". کاتێک ئەو قسەیەی کرد بێدەنگ ڕووی لە دیوارەکە کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشـــا و دووبارە دەستیکردەوە بە گریان، دەیویست بەردەوامی بە قسەکانی بدات بەڵام هەنسکەکانی ڕێگەیان نەدەدا.

لـــە ســـلێمانی زۆر بەئاســـانی ئـــەو ماڵە دەدۆزێتـــەوە "ئـــەو پیاوەی پێیگوتـــم وەرە بۆ ســـلێمانی ژمارە تەلەفۆنـــی ژنێکی پێدام". کاتێـــک دەگاتە ماڵەکە ئـــەو ژنە زۆر ڕێزی لێدەگرێت و پێیدەڵێت "ژوورێکت پێدەدەم، بە مەرجێک ئیش بۆ من بکەیت".

ڕووبـــار، نازانێـــت چ ئیشـــێکە و بەوەی ژوورێکی پێـــدەدات بەبێ بەرامبەر تێیدا بژی، بێ پرســـیارکردن لەوەی ئیشەکە چییە ڕازی دەبێت، مانگێک دەمێنێتەوە، هیچی پێ ناڵێن تا ئەو ڕۆژەی دەڵێت "پێویســـتم بە پارەیە و دەبێ ئیشێک بکەم".

"ژمارە تەلەفۆنێک منی گەیاندە ماڵێک کە تەنیا پیاوێک چاوەڕێی دەکردم" ئەوە سەرەتا بـــوو بۆ ڕووبار، بـــەرەو ئەو ژیانـــەی برد کە بەهۆیەوە ئەمڕۆ لە بەندیخانەیە "تێگەیشـــتم بازرگانیم پێوە دەکەن، ئیدی بێدەنگ بووم لە پێناو ئەو ژوورەی کە پێیاندابووم شەوانە تێیدا بمێنمەوە".

لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا بەردەوام دەگریـــا "دوای ڕابواردنم لەگەڵ هەر پیاوێکدا، دەگەڕامەوە و ئەو ڕۆژەم بە گریان بەسەردەبرد". ڕووبار دوو ساڵ لەســـەر ئەو کارەی بەردەوام دەبێت "مـــاوەی مانگێک 2 کچی عەرەبیان لە ژوورەکەمدا دانا" ئەو ماڵـــەی کە تێیدا دەژیا لە یەکێک لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکان بوو، بۆیە کەمتر جێی سەرنجی خەڵکی بوو.

ڕووبار، بەدەم ئاخ هەڵکێشـــانەوە باســـی ڕۆژی دەستگیرکردنی خۆی کرد "6 پیاو لەگەڵ کچێکی عەرەبدا بردیانین بۆ کابینەکانی دووکان و دوای 2 کاژێر پۆلیس دەستگیری کردین".

ڕووبار سێ مانگە لەزیندانە و کەسێک نییە کەفالەتی هاتنە دەرەوەی بکات "تەنانەت ئەو ژنەی کارم بۆ دەکـــرد لەو گەڕەکە نەماوە کە پێشتر لێی بووە و ژمارەکەشی گۆڕیوە".

ڕووبار ئێســـتا چاوەڕێی بڕیاری دادوەرە و دەڵێ "ئەو 6 پیاوە و کچە عەرەبەکەی لەگەڵ مندا دەســـتگیرکران دوای تەنیا شـــەوێک بە کەفالەت ئازادکران".

لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی ئەگەر ئازاد بکرێ شوو دەکات.

# پەچە خەریکە ماڵئاوایی لە ئاکرێ دەکات

### بەرگدرووییەک: ئێستا 60%ی ژنانی ئاکرێ پەچە ناپۆشن



**کاوار ساڵح و ئادەم بێدار**
**ڕووداو- ئاکرێ**

لەناو خەڵکی ئاکرێ بە (خێلی، یان پۆشـــی) ناودەبرێ، لە شـــوێنەکانی دیکەش بە پەچە یان نیقاب ناودەبرێ. پەچە نیشانەیەکە بۆ ناسینەوەی ژنانی ئاکرێ.

پەچە، پارچە پەڕۆیەکی ڕەشـــە، ژنان بەسەر دەموچاویانـــدا دەدەن. لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ئەو پەچە پۆشـــینە پێشـــتر بە دەگمەن دەبینرا جگە لە ژنانی ئاکرێ. بەڵام لەگەڵ هەڵکشـــانی ڕەوتی ئیســـلامی لە هەرێمی کوردستان هەست بە زیادبوونی دەکرێت، هەمیشەش حوکمی دانانی پەچە بووەتە خاڵی مشتومڕی نێوان مامۆستایانی ئاینی و شەرعناسانی ئیسلام.

پەچە، کە لە نێو عەرەب پێیدەگوترێ نیقاب، نەریتێکی عەرەبیە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، زیاتر لە نێو خێڵەکییەکاندا بـــاو بووە، چونکە لە شـــەڕی خێڵەکاندا ئافرەت وەک دەستکەوت سەیر کراوە و ڕەمزی شەرەف و کەرامەت بووە، خێڵەکان بۆ ئەوەی ئافرەتەکانیان تاڵان نەکرێن پەچەیان لەسەر دەموچاویان داناوە. عەرەبەکان ئەو نەریتەیان تێکەڵ بە ئاین کردووە و بیانووی ئاینی بۆ دێننەوە.

حەمدیە عەبدوڵڵا، قوتابی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددینە و پەچە دەپۆشێت، ئەو سوپاســـی خوا دەکات ڕێنمایی و هیدایەتی داوە بـــۆ ئەوەی پەچە دابنـــێ "بە واجبی دەزانم و دەمەوێ خوای گەورە لێم ڕازی بێت". حەمدیە زۆرجار ڕووبەڕووی تانەو تەشەری دەوروبەرەکەی بووەتەوە، بەڵام گوێی پێنادات.

بەڵام بەشـــێک لـــە ژنانی ئاکـــرێ کە پەچە دەپۆشـــن دەڵێن مەســـەلەکە ئاین نییە و تەنیا چاولێکەرییە. جەمیلە قاسم، 28 ساڵ، کە پەچە دەپۆشـــێ. بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە کلتوورێکی کۆنی ئێمەیە و لە کۆنـــەوە بۆمان ماوەتەوە، بە کورتی چاولێکەرییە".

ژنێکی دیکە کە چەند مەترێک لەولای جەمیلە وەســـتابوو لە نێو بازاڕی ئاکـــرێ، بەڵام پەچەی لەسەر نەبوو پێیوایە هەندێک ژن هەن بە حەزی خۆیان پەچە دەکەن، بەڵام هەندێکیشیان بە زۆر پێیان دەکرێ".

هەندێک لـــە دووکاندارانی ئاکرێ خۆیان هانی پەچە پۆشـــین دەدەن. میکائیـــل نیعمەت، کە قوماش دەفرۆشێ دەڵێ "من بەبێ بەرامبەر پەڕۆ دەدەمە ژنان، بۆ ئەوەی پەچە بپۆشـــن، چونکە دیاردەیەکی جوانە و نیشانەی ڕەوشت بەرزییە بۆ ژنان، لەلایەنی شەریعەتیشەوە کارێکی پیرۆزە".

نیعمەت پێیوایە پەچە پۆشـــین سوودی هەیە "چونکـــە ئاکرێ شـــوێنێکی بچووکـــە و هەموو خەڵکەکە یەکدی دەناسن، کاتێک ژن بەبێ پەچە بچێتە بازاڕ دەبێ ســـڵاو لە زۆربەی خەڵک بکات، بەڵام ئەگەر پەچەی لەســـەر بێ، سڵاو لە کەس ناکات و کاتێکی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە".

سەردار محەممەد، کە بەرگدرووە لە نێو بازاڕی ئاکرێ خەم بۆ ئەوە دەخوات کە پەچە پۆشین لە نێو ژنانی ئاکرێ ڕوو لە کەمبوونە و دەڵێت "ئێستا پەچە پۆشین بە ڕێژەی 60% کەمبووە بە بەراورد بە ڕابردوو، بە داخەوە ئێســـتا کچان لە شـــوێنە گشتییەکان پەچە ناپۆشن".

لە پەچە پۆشیندا چیرۆکی خۆش هەن، پیاوێکی بەتەمەنی شـــاری ئاکرێ بەســـەرهاتێکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایـــەوەو گوتی "ڕۆژێکیان ژنێکی پەچەپـــۆش هەر خۆی لە من نزیـــک دەکردەوە، من نەمزانی کێیە، بەڵام کاتێک گەڕامەوە ژنەکەم پێیگوتم ئەوە من بووم".

پەچە پۆشین ڕەنگە کێشەی یاسایی و ئەمنی بـــەدواوە بێ، بەهۆی ئەوەی دەموچاوی کەســـی پەچەپـــۆش دیار نییە، بەڵام عەمید شـــەوکەت ســـلێمان، بەڕێوەبەری پۆلیســـی ئاکرێ دەڵێت تا ئێســـتا بەهۆی پەچەوە کێشەیان بۆ دروست نەبووە.

مامۆستایانی ئاینی بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەســـەر پەچە پۆشین و هەندێکیان بە واجبێکی شەرعی دەزانن و هەندێکیشیان دەڵێن پەیوەندی بە ئاینەوە نییە.

مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەد، خۆداپۆشینی ژنان بە پێشـــکەوتن دەزانێت "چونکە داکۆکی کردنە لە کەرامەت و شـــەرەفی ژنان و قورئانی پیرۆزیش داکۆکی لە خۆداپۆشینی ژنان دەکات". هەروەها دەڵێت "کولتووری پەچە پۆشـــین لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیســـلام لە نێو ژنانی ئاکرێ جێگیر بووە".

فیدا، قوتابی ماستەر لە زانستە ئیسلامییەکان لە کۆلێژی دار ئەلعلوم لە زانکۆی قاهیرە دەڵێت "پەچە پێش ئیســـلامیش هەر هەبووە و بووەتە دابونەریتێکی بیابانشـــینەکان، بـــە بڕوای من هیچ پەیوەندی بە ڕەوشـــت و ماف و پاراســـتنی کەسایەتی ئافرەتەوە نییە، بەڵکو نەریتێکە فەرز کراوە بەسەر ئافرەتدا".

ســـەبارەت بە زیادبوونی پەچـــە لە هەرێمی کوردســـتان فیدا دەڵێت "پێشـــکەوتنی میللەتی ئێمە هەمووی لە ڕوخسارەوە دەستپێدەکات، بۆیە بێسوودەو زوو لەناو دەچێت و بێ بەرهەمە". فیدا هەروەها دەڵێت "کارەســـاتە ئافرەت بە دەقێکی ئاینی هەزار ســـاڵ پێش ئێستا خۆی پەچەپۆش بکات لەکاتێکدا نازانین ئەو دەقە ڕاستە یان نا".

هەروەها د.حەســـەن موفتی، سەرۆکی بەشی شەریعەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین حوکمی پەچەی ڕوونکردەوەو گوتی "ئەســـڵ وایە دەموچاوی دانەپۆشـــێت، ئەمەش مانای وانییە کە سەیری بکرێت". موفتی بابەتی فیتنە وەک بانگەشەی داپۆشین بە ڕاست نازانێت و دەڵێت "بنەمای هەموو شتێک ئەوەیە دروستە، ئـــەو پەچەیە بەر لەهاتنی ئیســـلام هەبووە، کە ئیســـلامیش درێژەی پێداوەو دژی نەبووە مانای ئەوە نییە ئیدی لەسەر گەلانی دیکە بسەپێندرێت، بۆیە ئەگەر لە شـــوێنێک پەچـــە نەریت نەبوو، فیتنەشی لێدروست نەبوو، ئەوە پێویست ناکات پەچە دابنرێت".

### حوکمی پەچە لە فیقهی ئیسلامدا

شارازایانی بواری فیقهی ئیسلامی لەبارەی حوکمی پەچە دابەش بوونەتە سەر دوو بەرە:

یەکەم: ڕەوتی ســـەلەفیەت بە واجبی دەزانن و بۆ ئەمەش ئاماژە بە ڕای هەردوو مەزهەبی حەنبەلی و ڕایەکیش لە مەزهەبی شافیعی دەکەن، بەڵگەکانیشان بریتین لە:

ئایەتی جیلباب (يا أيها النبي قل لأزواجك وبناتك ونساء المؤمنين يدنين عليهن من جلابيبهن ذلـــك أدنى أن يعرفن فلا يؤذين ) {الأحـــزاب:59}، بەپێی بۆچوونی ئەوانە جلباب بریتیە لەو پەڕۆیەی ئافرەت ســـەری خۆی پێدادەپۆشێت و دەموچاویشی دەگرێتەوە. ڕاڤەی ئەو بەشەی دیکـــەی ئایەتەکەش کە(إلا ما ظهر منها) ی تێدایە بـــەوە لێکیدەدەنەوە کە ڕووی دەرەوەی جلوبەرگ و ئەو پەڕۆیەیە کە خۆی پێ دادەپۆشێت و ئەمەشیان دروستە دیار بێت.

هەروەها ئایەتی (وليضربن بخمرهن على جيوبهن) {النور:31} بەپێی تێگەیشتنی ئەوان وشەی (خمار) داپۆشینی دەموچاویش دەگرێتەوە.

لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە "المرأة عورة فإذا خرجت استشـــرفها الشـــيطان" بەو پێیە تەواوی لەشی ئافرەت بە "عەورەت" ئەژمار دەکرێت و پێویستە لەسەری داپپۆشێت.

دووەم: زۆرینەی شـــەرعزان و فیقهناسان پێیانوایە داپۆشـــینی دەموچاوی ئافرەت واجب نییە، بۆ ئەمەش پشتئەستوورن بەو قسەیەیان کە دەڵێن هیچ دەقێکی شەرعی لە قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری ئیســـلام و کۆی زانایاندا نەهاتووە داپۆشینی دەموچاوی ئافرەت واجب بکات، چونکە دەســـت و دەموچاوی ئافرەت بە "عەورەت" ئەژمار ناکرێت. بەو پێیەش هەموو ئەو ئایەتانەی باس لە حیجاب و خۆداپۆشـــینی ژنان دەکەن دەموچاو ناگرێتەوە. بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونەشیان وەڵامی ڕای یەکەم دەدەنەوە کە (إلا ما ظهر منها) لەلایەن گەورە زاناو شارەزایانی بواری ڕاڤەی قورئان و زمانناسان بەوە لێکدراوەتەوە مەبەست لێی دەست و دەموچاوە. لەبارەی ئایەتی "خیمار" هەندێک لە زانایان پێیانوایە دەموچاو ناگرێتەوە.

## پۆلیس ڕاوچییەکی کوشت



ڕووداو – سیدەکان

شەوی 2013/2/28 لە گوندی میناى سەر بە ناحیەی سیدەکان پیاوێک بەناوی شێرزاد حارس مەولود، لە نزیک ماڵی خۆیان کوژرا. شێرزاد لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی پاراستنی ژینگەوە کوژرا. یەکێک لە هاوولاتیانەی ئەو دەڤەرە بۆ (ڕووداو) گوتی "شێرزاد بە پاساوی ڕاوکردنی کەو کوژرا". بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی پاراستنی ژینگە، شێرزاد لە دەستیان هەڵاتووەو تەقەیان لێکردووەو کوژراوە "لەکاتی ڕاوکردن بوو، بانگمان کرد ڕانەوەستاو تەقەی کرد. هێزەکانمان تەقەیان لێکرد. گوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لە دەستدا".



تامان شاکر- قاهیرە

tamanshakir@yahoo.de

# چادرێک و دوو چڵە دارخورما حەشر دەکات

ئەبولهۆل پاش زیاتر لە حەوت هەزار ساڵ بە جرتێک بێدەنگی بە حکومەتی ئیخوان شکاند، ئەبولهۆل نایەوێ سەفەر بکات نە بە هاوڕێیەتی ئەبوسومبول نە بە هاوڕێیەتی ئەخناتوون و ئەمنحوتب و نەفەرتیتی.

لەسەردەمی جەمال عەبدولناسردا، قەتەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ میسر پچڕاند، جەمال عەبدولناسر بە پێکەنینەوە گوتبووی چادرێک و دووچڵە دارخورما لە میسر تووڕە دەبن! کەچی ئەمڕۆ قەتەر بە یارمەتی ئیخوان میسریان کردووەتە مەزادخانە. سێیەکی شوێنەواری دونیا لە مەزادێکی نهێنی هەراج دەکرێت. مورسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بە خەڵکی میسری ڕاگەیاند کە 200 ملیار دۆلار بۆ خەزێنەی دەوڵەت دابیندەکات، بەڵام ئەو سەرچاوەکەی ئاشکرا نەکرد کە ئەو 200 ملیارەی لێوەردەگرێت تاوەکو ڕۆژنامەکان ئەو نهێنییەیان بۆ ڕای گشتی خستەڕوو.

بیرکردنەوە لە فرۆشتنی وڵات شەرمە

لەسەر کاغەز بینووسیتەوە شەرمێکی گەورەترە

بیکەی بە نووسراوی فەرمی و بینێری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان شوورەییە، کاتێک وەزیری دارایی بە مۆر و ئیمزای خۆی نووسراوی فەرمی بۆ وەزارەتی شوێنەوار دەکات سەبارەت بە بەکرێدانی شوێنەوارەکانی میسر و قەناتی سویس بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەرامبەر بە 200 ملیار دۆلار.

تاوەکو دوێنێ و لەسەردەمی حوسنی موبارەک خەڵکی میسر ڕازی نەبوون بە ناردنی شوێنەوارەکانی میسر بۆ نمایشکردن لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان، کەچی ئەمڕۆ بە ئاسانی دەفرۆشرێن و بەکرێدەدرێن.

لە میسر هەموو شتێک قابیلی فرۆشتنە، هەندێک لە باوکان کچەکانیان لە مانگێکدا چەندین جار دەفرۆشنە پیاوانی خەلیج بەناوی زەواجی عورفی و مسیار و مسیاف، بەرامبەر چەند وەرەقەیەک، حکومەت هیچ کاردانەوەیەکی نییە بەرامبەر فرۆشتنی کچان و سووکایەتی پێکردنیان بەناوی زەواجی کاتی و سەفەری.

میسر لەسەر دەستی ئیخوان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو نابووتی دەچێت، هەموو شتێک قابیلی فرۆشتنە، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک چاوەڕوانی شۆڕشی برسییەکان دەکرێت ، میسرییەکان کاتێک چوونە سەرشەقام داوای نان و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیان دەکرد، کەچی ئەمڕۆ چاوەڕوانی سەفەری ئەبولهۆل دەکەن. پرسیارەکە لەوەدایە ئەگەر ئەبولهۆل سەفەر بکات دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر ئیخوان شوێنەوارەکان بە بت دەشوبهێنن لەبەرئەوەی میسر وڵاتێکی ئیسلامییە، ئەی قەتەر لەسەر چ ئاینێکە؟

رۆژانە 8 هەزار دیناری لە هەر منداڵێک وەرگرتووە

# شۆفێرێک لە هەولێر لەسەر بازرگانیکردن بە منداڵانی سواڵکەر دەگیرێ



شوفێرەکە دوای دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە

بارزان محەممەد
ڕووداو-هەولێر

"هەموو بەیانییەک شوفێرەکە لەبەر دەرگا هەڵماندەگرێت و لە ترافیکەکاندا داماندەنێ، ڕۆژانەش 8 هەزار دینارمان لێوەردەگرێ، کە ئێوارەش دادێ دەمانباتەوە ماڵەوە"، (ز،ف) تەمەن 9 ساڵ، لەلایەن پۆلیسی شارەوانی هەولێر لەسەر سواڵکردن دەستگیرکراوە.

ڕۆژی 2013/2/21، پۆلیسی شارەوانی هەولێر کەسێکیان دەستگیرکرد، کە بازرگانی بە چەند منداڵێکی شاری هەولێرەوە دەکرد، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر دەڵێ نزیکەی 13 مانگە زانیویانە کەسێک بازرگانی بەو منداڵانەوە دەکات، چاودێرییان کردووە و پاشان دەستگیریان کردووە.

بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، پیاوەکە منداڵەکانی لە ترافیک لایتەکان دابەش دەکرد و خۆشی لە نێو سەوزایی لێواری شەقامەکە پاڵدەکەوت، ئۆتۆمبێلەکەشی لە قەراخ شەقامەکان ڕاگرتووە، چاوەڕێی منداڵەکان دەکات بیانباتەوە ماڵەوە، بەڵام پۆلیس دەستگیری دەکات.

بەپێی ئیفادەی منداڵەکان لەلای پۆلیس، ئەو پیاوە ماڵی لە ناحیەی کەڵەکی سەر بەقەزای خەباتە و منداڵەکانیش نزیکی ماڵی ئەو پیاوەن. سێ لەو منداڵانە کە کچن، لە ترافیکی گەڕەکی کوێستانی شاری هەولێر دەستگیر کراون.

ڕائید فەخرەددین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "پیاوەکە هەر ڕۆژێک دەیبردنە ترافیک لایتێک، بەڵام ئەو ڕۆژە کەسێکی ئەو گەڕەکە هەواڵی پێدراین کە ئێستا لەوێ منداڵەکانی داناون و چاوەڕێ دەکات دوای ماوەیەکی دیکە بیانباتەوە".

کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ، منداڵەکان لەو شوێنەی سواڵیان دەکرد، قەمسەڵەکانیان لەسەر شۆستەی نێوان جووتسایدەکە دانابوو، کە چاویان بە پۆلیس دەکەوێ دەیانەوێ ڕا بکەن، بەڵام پۆلیس دەستگیریان دەکات، بۆ ئەوەی پیاوەکەش ڕانەکات پۆلیسێک چاودێری دەکات، کە منداڵەکان دەستگیردەکرێن پیاوەکە دەیەوێ بڕوات، بەڵام پۆلیس ڕێگەی لێدەگرێ. ڕائید فەخرەددین گوتی "پیاوەکەمان دایە دادگا، دادوەریش بەپێی ماددەی 292 ڕایگرت".

بەپێی ماددەی 339 لە یاسای سزادانی عێراقی، بازرگانیکردن بە منداڵ بە تاوان دادەنرێت و سزاکەشی غەرامەو زیندانیکردنە بە 10 ساڵ، ئەو کەسەش کە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە منداڵ دەستگیرکراوە، ئێستا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

پێناچێت ئەوە تەنیا کەس بێت بازرگانی بە منداڵانەوە بکات، بەڵکو پێشتریش چەند کەسێک خەبەریان داوەتە پەرلەمانتارانی لێژنەی مافی مرۆڤ کە چەند باندێکی بازرگانیکەر بە منداڵان هەن.

هاژە سلێمان، ئەندامی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "چەند جارێک خەبەرمان بۆ هات، کە چەند کەسێک بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن و لە مووسڵ و کەرکووک منداڵان دەهێنن و لێرە سواڵیان پێدەکەن، ئێمەش بەدواداچوونمان کرد، بەڵام هیچمان دەستنەکەوت".

کاتێک پۆلیس لە (ج،ف. ز،ف. م،ف) دەپرسێ تەمەنتان چەندە، دەڵێن نازانین تەمەنمان یان 9 ساڵە یان 10 ساڵە. ڕائید فەخرەددین نووری گوتی "سەرەتا دڵنیا نەبووین ئەو پیاوە هاتوچۆیان پێدەکات، بەڵام لەژێر چاودێریمان دانان، کە لە منداڵەکانمان پرسی لەگەڵ کێ هاتوون، دەستیان بۆ ئەو پیاوە درێژکرد و گوتیان ئەو هاتوچۆمان پێدەکات".

کاتێک پۆلیس لە پیاوەکە دەپرسێ چۆن هاتوچۆ بەو منداڵانە دەکەیت، پیاوەکە دەڵێ "ئەوانە منداڵی من نین، منیش ئەوانم نەهێناوە، هەر ناشیانناسم، بەڵام دواتر دەڵێ تەنیا 4 جار هاتوچۆم پێکردوون".

لە ماوەی دەستگیرکردنی تاوەکو ئیفادە وەرگرتنی، کە تەنیا 2 کاژێری پێچوو، پیاوەکە دووجار کاری خۆی گۆڕی، جارێکیان دەیگوت وەستای کاشییە، جارێکیش دەیگوت شوفێرە و هاتوچۆ بە کرێکاران دەکات.

لە یەکێک لە گرتە ڤیدیۆییەکاندا منداڵەکان لەگەڵ پۆلیس قسە دەکەن، یەکێکیان دەڵێ "کە دەمانهێنێ 4 هەزار و کە دەشمانباتەوە 4 هەزاری دیکەمان لێوەردەگرێ". یەکێک لە پۆلیسەکان لە نێو گرتە ڤیدیۆییەکە دەڵێ "تەنیا ئەو منداڵانە نین، بەڵکو چەندین منداڵی دیکەش دێنێ و پارەیان لێوەردەگرێ، بەو کارەش ڕۆژانە پارەیەکی زۆری دەستدەکەوێت". پیاوەکە دەڵێ "بەسەری ئەولادەکانم یەک دینارم لێوەرنەگرتوون". بەڵام منداڵەکان دەڵێن "بە قورئان هەموو ڕۆژێک 8 هەزار دینارمان لێوەردەگرێ".

لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا ڕائید فەخرەددین بە پیاوەکە دەڵێ "لەبەرچی بازرگانی بەو منداڵانە دەکەی، ئەویش دەڵێ با بازگەکان قەدەخەی بکەن، منیش بازرگانییان پێوە ناکەم". بەڵام کاتێک پۆلیس پێیڕادەگەیەنن کە دۆسیەکەی دەدەنە دادگا، پیاوەکە داوایان لێدەکات کە نەیدەنە دادگا و جارێکی دیکە ئەو کارە ناکات.

# غازی بۆ 36 دەفتەر دۆلار کوژرا

هەڵۆ محەممەد
ڕووداو- کەلار

بە خەیاڵی ئەوەی چەند هەزار دینارێک قازانج بکات، غازی جانتا پڕ لە دۆلارەکەی هەڵدەگرێت و بەرەو ئەو ماڵە بەڕێدەکەوێ کە پێویستیان بە دۆلارە بۆئەوەی بۆیان بگۆڕێتەوە، بەڵام هەر لەو ماڵەدا بە گوللەیەکی دەمانچە دەکوژرێ.

ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2013/2/27 لە ناحیەی ڕزگاری لە گەرمیان ڕوویدا. غازی محەممەد، کە قوربانییەکەیە و دووکانی فرۆشتنی مۆبایلی هەبووە و ئاڵوگۆڕی دراویشی دەکرد، کاژێر 11ی سەر لەبەیانی لەلایەن هاوڕێیەکی بە ناوی (ح.ق.م) پەیوەندی پێوەدەکرێ کە گوایە پێویستی بە 360 هەزار دۆلار هەیە بۆی بگۆڕێتەوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە دەبێتە تەڵەی مەرگ بۆ غازی و ئیدی ناگەڕێتەوە نێو کەسوکارەکەی. هەر لەوێ بە گوللەیەکی دەمانچە لەلایەن هاوڕێکەیەوە دەکوژرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بکوژ دوای ئەنجامدانی کارەکە، تەرمی غازی دەخاتە نێو بەتانییەک و پاشان دەیخاتە نێو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەی غازی خۆی و ئینجا ئۆتۆمبێلەکە لە نزیک دووکانەکەی جێدەهێڵێ.

ئەحمەد عەزیز، کە ناسیاوی غازییە، لەسەر زاری برایەکی غازی، چۆنیەتی کوشتنی ئەو کوڕەی گێڕایەوەو گوتی "ئاسۆی برای غازی بۆی باسکردم، براکەی پێش ڕۆیشتنی پەیوەندی پێوەکردووە و پێیگوتووە کەسێک بە ناوی (ح.ق) داوای 36 دەفتەر دۆلار دەکات و دەچێت پارەکەی بۆ دەبات".

ئاسۆ دوای نیو کاژێر تەلەفۆن بۆ براکەی دەکات، بەڵام مۆبایلەکەی داخراوە، بۆیە دەستبەجێ بنکەی پۆلیسی ڕزگاری ئاگادار دەکاتەوە. بەڵام ئەو چاوەڕێی پۆلیس ناکات و یەکسەر دەچێ بۆ ماڵی (ح.ق) "ئاسۆ بینیبووی کە (ح) خەریکە خوێنی ڕژاوی براکەی پاک دەکاتەوە". ئەحمەد وایگوت.

عەقید حەسەن محەممەد، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " (ح.ق.م) لە دایکبووی ساڵی 1984 کە کاسبەو وەستای گەچکارییە لەماڵەکەی خۆیدا کەسێکی بەناوی (غازی محەممەد) لە دایکبووی 1978 کوشتووە بە دەمانچە، دەستبەجێ تیمەکانی پۆلیس ئاگادار کراونەتەوە و چوونەتە ماڵی بکوژەکەو لە کاتی پاککردنەوەی خوێنی کوژراوەکەدا دەستگیرکرا".

بەپێی قسەی عەقید حەسەن "تاوانبارەکە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و دەڵێت کوشتوومە، پاشان لە نێو بازاڕ لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی کە جۆری پرادۆ بوو فرێمدا". هەروەها دەڵێت "تاوانبارەکە بەپێی ماددەی 406 دەستگیر کراوە و لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دەڵێت ماوەی پێنج ڕۆژ خەریکی دانانی پیلان بووە بۆ کوشتنی غازی، بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەشی خێزانەکەی ناردووەتەوە ماڵی باوکی".



سێ کەسی دیکە لەسەر سەربڕینی خێزانەکەی کەرکووک دەستگیر دەکرێن

# لە هەولێر خۆیان شاردبووەوە

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-کەرکووک**

بە تۆمەتی سەربڕینی خێزانێک لە کەرکووک، سێ کەسی دیکە (کوڕێک و دوو ژن) دەستگیر کران. ئاسایشی پارتی لە کەرکووک رایدەگەیەنێ، ئەو 3 کەسە دوای ئەنجامدانی تاوانەکەیان روویان لە هەولێر کردووە بۆ خۆحەشاردان.

خێزانە سەربڕدراوەکە پێکهاتبوون لە ئەحلام حوسێن (دایک) هاشم فازڵ (باوک) و هەردوو کچەکەیان بەناوەکانی سۆزان و دیلین. ئەو خێزانە تورکمان بوون و ئێوارەی 2012/8/2 لە مانگی رەمەزاندا بە چەقۆ سەربڕدران. سۆزان قوتابی قۆناخی سێیەمی بایۆلۆژی کۆلێژی جیهان بوو لە هەولێر.

هاشم فازڵ، پیاوێکی دەوڵەمەندی ناوچەکە بوو، خاوەنی کارگەیەکی پیپسی و ئاشێک بوو لە کەرکووک. دوای کوژرانیان لە ماوەی 24 کاژێر ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک هەواڵی گرتنی تۆمەتبارێکی بڵاوکردەوە. هەڵکەوت عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک، بە (رووداو)ی گوت "یەکێک لە تاوانبارەکان ویستوویەتی بچێت بۆ سلێمانی لە بازگەی عەربەت دەستگیر کراوە". هەروەها گوتی "پیاوەکە ناوی عەدنان بوو. لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی عیماد تاوانەکەیان ئەنجامداوە. عەدنان نزیکەی 60 ملیۆن دینار و 2 کیلۆ زێڕ و دۆلار و هەندێک پارەی تورکی پێگیراوە. عیمادیش نزیکەی 30 هەزار دۆلاری لایە".

### لە هەولێر خۆیان شاردبووەوە

رۆژی 2013/2/24 لە هەولێر سێ کەس دەستگیر کران. بە ناوەکانی (ر. ن. ع) و (م. ا) و (س. ا). دوای گرتنی ئەو سێ کەسە، هەڵۆ نەجات بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، وردەکاری ئەو تاوانەی بۆ (رووداو) باسکردو گوتی "ئەو کەسانە لە دادگا فەرمانی گرتنیان هەبوو. ئێمە شوێنەکانیانمان دۆزییەوە لە ناو هەولێربوون. لەگەڵ ئاسایشی هەولێر تەنسیقمان کرد. دەستگیریان کردن و بۆیان رەوانە کردینەوە. ئەو 3 کەسە لە دوای تاوانەکە بەشێوەی کاتی بۆ خۆشاردنەوە چووبوونە هەولێر".

فەرهاد حەمەعەلی بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو سێ کەسە خزمی خێزانە سەربڕدراوەکەی کەرکووکن و ئەوانیش تورکمانن "کەسوکاری کوژراوەکان سکاڵایان لە دژیان تۆمار کردبوو. ئەو سێ کەسەش دەستیان تێکەڵە لەگەڵ ئەوانەی کە سەری ئەو کەسانەیان بڕیوە. ئەو سێ کەسە لە یەک خێزانن و بریتین لە کوڕێک و دایکی و نەنکی". فەرهاد گوتیشی "هەرسێکیان ئیعترافیان کردووە کە دەستیان هەبووە لە کوشتنی ئەو خێزانە. رەوانەی دادگامان کردوون، هێشتا نازانین ئەوانە چەقۆیان وەشاندووە یان نا".





### "کەس ئاگای لە کەس نییە"

ئاسایشی پارتی ئەو سێ تۆمەتبارەی گرتووە، بەڵام پۆلیسی کەرکووک و ئاسایشی یەکێتی کە سەرەتا تۆمەتبارێکیان گرت، بێ ئاگان لەو سێ تۆمەتبارە. هێمن بەکر 29 ساڵ، دانیشتووی کەرکووک دەڵێت "گەورەترین کێشەی کەرکووک هێزە ئەمنییەکانە. کەس ئاگای لە کەس نییە و هەر کەسەو بە دوای چالاکی حیزبی خۆیەتی".

دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە. هەڵکەوت عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک بە (رووداو)ی گوت "عیماد تاوانبارە سەرەکییەکەیە. ئەو کارەکەی کردووە و هەڵاتووە. هەموو لایەکی بە دوادا گەڕاوین و لە پۆلیسی ئینتەرپۆلیش داوامان کردووە. بەڵام نازانم ئەو سێ کەسەی ئاسایشی پارتی دەستگیری کردوون، تا چەند پەیوەندیان بە تاوانەکەوە هەیە، ئاگام لێ نییە".

بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک دەڵێت ئەو سێ کەسەی گیراون لەگەڵ عەدنان و عیماد ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە. "هێشتا دوو کەسی دیکەش ماون دەستگیر بکرێن، واتا چوار پیاو و 2 ئافرەت لەو تاوانە بەشدارن". گوتیشی "هەماهەنگیمان لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکانی دیکەدا هەیە، بەڵام بۆ هەندێک چالاکی پێویست ناکات هێزێکی هاوبەش بڕوات".

بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاسایشی پارتی لە کەرکووک دەڵێت، کاتی خۆی ئاگاداربوونە کە ئاسایشی یەکێتی کەسێکی دەستگیر کردووە، بەڵام "هەر دەزگایەک لێکۆڵینەوەی خۆی جیاوازە". فەرهاد حەمە عەلی، رەتیکردەوە ئەوە کردەوەیەکی تیرۆریستی بێت و گوتی "تەنیا لەسەر پارە بووە. بکوژ و کوژراویش خزمی یەکدین. پارە و زێڕێکی زۆریان بردبوو. ئەو پیاوە یەکێک بوو لە سەرمایەدارە بەناوبانگەکانی کەرکووک. دیار نییە ئەو سێ کەسە چەند پارەیان بردووە. هەر کەسەو بەشی خۆی بردبوو. هەتا عیمادیش هەندێکی بردووە کەس نازانێت چەندە".

## یەکەم شەهیدی راپەڕین کێیە؟

# قەڵادزەیی دەڵێن بەختیارە و رانیەیی دەڵێن محەممەدە



بەختیار عومەر



محەممەد حەمزە



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو-رانیە**

رۆژی سێشەممە 2013/3/5، 22 ساڵ بەسەر راپەڕینی گەلی کورد لە دژی رژێمی بەعس تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا قەڵادزەیی و رانیەیی مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی کێ یەکەم شەهیدی ئەو راپەڕینەی داوە.

بەشێک لە دانیشتووانی شارۆچکەی قەڵادزێ، کە لە ساڵی 1989 راگوێزرابوون بۆ قەزای خەباتی سەر بەشاری هەولێر، دەڵێن ئەوان لە رۆژی 1991/3/4 لە دژی دەزگاکانی رژێمی بەعس لە قەزای خەبات راپەڕیون و کەسێکیان لێ شەهید بووە بە ناوی بەختیار عومەر، کە بە بەختیار هورێوەیی ناسرابوو، بەڵام رانیەییەکان دەڵێن یەکەم شەهیدی راپەڕین لە 5ی ئاداردا "شەهید محەممەد حەمزە بووە".

ئومێد عومەر، کە برای بەختیارە دەڵێت "چەندین بەڵگەم هەیە کە بەختیار یەکەم شەهیدی راپەڕینە و داواکاریشم ئەوەیە براکەم وەک یەکەم شەهید بناسێنرێت". ئومێد دەڵێت ئەوان رێزی تایبەتیان هەیە بۆ خانەوادەی شەهید محەممەد هەمزە، بەڵام دەڵێت "بەختیاری برام لە رۆژی 4ی ئادار شەهید بوو، محەممەد لە 5ی ئادار شەهید بووە". گوتیشی " من گرفتم نییە کە ئەو لەو رۆژەدا شەهید بووە، بەڵام چەند رەگەزێک هەیە بۆ سەلماندنی مێژوو کە ئەوانیش (مرۆڤەکان و کات و شوێن)ە و ئەوانەش بۆ سەلماندنی یەکەم شەهید کە بەختیاری برامە لەبەردەست ئامادەن، دانیش بەو راستیە مێژووییە دادەنێم ئەگەر لە (رانیە) رۆژی 5ی ئادار راپەرین نەکرایە بێگومان قەڵادزەییەکانی قەزای خەبات ئەنفال دەکران، چونکە نزیک بوون لە موسڵ کە مەڵبەندی بەعسیەکان بوو".

هەروەها گوتیشی "شانازی بەوە دەکەم کە رانیە دەروازەی راپەڕینە، بەڵام ئومێد دەکەم بۆ جوانکردنی ئەو شوناسە، خەڵکی رانیە خۆیان شوناسی یەکەم شەهیدی راپەڕین ببەخشنە (بەختیار)ی برام، چونکە چەندین بەڵگە و دۆکومێنت هەیە کە ئەو یەکەم شەهیدی راپەڕینە، لەوانەش رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان".

بەختیار لەدایکبووی ساڵی 1974 و یەکێکبووە لە ئەندامانی رێکخستنەکانی ناوشارو چەند رۆژێک بەر لەشەهید بوونی لەزیندانەکانی رژێمی بەعس ئازاد کراوە، برای بەختیار دەڵێت "بەڵگەیەکی رژێمی بەعسم لەلایە کە لەلایەن ئەمنی خەبات بۆ ئەمنی هەولێر نێردراوە و تێیدا ئاماژە بەوەکراوە لە 1991/3/4 لە خەبات خۆپیشاندان و راپەڕین کراوە و خۆپیشاندەرێک کوژراوە و ئێمەش لێمان کوژراوە".

ئیبراهیم محێدین، دانیشتووی قەزای پشدەر و یەکێک لە شایەتحاڵەکانی راپەڕینی قەڵادزەییەکان لە خەبات دەڵێت "ئێمە لە خەبات راپەڕین و شەهید بەختیاریش یەکەم شەهیدە، بەڵام ئەگەر خەڵکی رانیە رانەپەڕیبان، بەدڵنیاییەوە ئێستا هیچمان نەدەماین و هەموومان لەناو دەچووین".

لە هەرێمی کوردستاندا رۆژی 1991/3/5 بە یەکەم رۆژی راپەڕین دیاریکراوە و ئەو رۆژەش دەکرێ بە پشوو، ئەوەش بەلای خەڵکی رانیەوە بەڵگەیەکی بەهێزە کە ئەوان خاوەنی یەکەم شەهیدی راپەڕینن و ئەویش محەممەد هەمزە خدرە.

خدر هەمزە، برای محەممەد هەمزە، لەبارەی براکەیەوە دەڵێت "براکەم تەنزیمی ناو شار بووە و لە رۆژی راپەڕین بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو، بە نارنجۆک هێرشی کردە سەر داوودەزگاکانی بەعس، بەڵام کە گەیشتە لای مونەزەمە ویستی بچێتە سەر بینای مونەزەمەکە و دەست بەسەر ئەو دۆشکەیەدا بگرێ کە لەسەر بینای مونەزەمەکە دانرابوو، بەڵام لەوێ شەهیدبوو". خدر پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە براکەی یەکەم شەهیدی راپەڕینە.

کەسوکاری ئەو دوو شەهیدە مانگانە مووچەی شەهیدانە وەردەگرن و پارچەیەک زەویشیان پێدراوە.

سەبارەت بە یەکەم شەهیدی راپەڕین، محەممەد حوسێن، بەڕێوەبەری شەهیدانی راپەڕین بە (رووداو)ی راگەیاند "لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیمان 68 شەهیدی راپەڕینمان هەیە، هەموویان وەکو یەک تۆمار کراون و هیچ کەسێک وەک یەکەم شەهید ئەژمار نەکراوە".

# تانکەری نەوت کچە قوتابییەکی زانکۆی سەلاحەددینی کوشت




**سۆران بەهائەددین و بەسۆز تۆفیق**
**رووداو- هەولێر**

رۆژبین ساڵی یەکەمی کۆلێژی بە نمرەیەکی بەرزەوە تەواو کرد. بەڵام کارەساتی ئۆتۆمبێل نەیهێشت بەهارێکی تازە ببینێ و لەناو بەشە ناوخۆییەکەی گیانی لەدەستدا. هێشتا روون نییە ئەو کچە چۆن مردووە. خۆی هاویشتووەتە ژێر ئۆتۆمبێلەکە یان ئۆتۆمبێل لێیداوە. بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکە دەڵێ "پێنج مانگ لەمەوبەر خاڵی رۆژبین کە گەریلای PKK بوو شەهید بووە، رۆژبین بە مردنی خاڵی باری دەروونی تێکچووبوو".

کاژێر 2ی دوای نیوەڕۆی 2013/2/27 لەناو بەشە ناوخۆیی لەیلا قاسمی کچان لە هەولێر کچە قوتابییەک بەناوی رۆژبین مستەفا سەعدی، 19ساڵ، کەوتە ژێر ئۆتۆمبێل و گیانی لەدەست دا. ئێستا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە دەستگیر کراوە.

رۆژبین، قوتابی قۆناخی دووەمی کۆلێژی یاسابوو لە زانکۆی سەلاحەددین. دانیشتووی کەمپی مەخموور بوو. رۆژبین، یەکێکە لەو هەزاران باکوورییەی بەهۆی شەڕی نێوان PKK و سوپای تورکیاوە لە نەوەتەکانی سەتەی رابردوو گوندەکانیان خاپوور کران، بۆیە روویان لە هەرێمی کوردستان کرد و لە مەخموور گیرسانەوە.

پەخشان عومەر، کە یەکێکە لەبەڕێوەبەرانی بەشە ناوخۆیی لەیلا قاسمی کچان، بە (رووداو)ی راگەیاند رۆژبین ساڵی رابردوو لە بەشە ناوخۆییەکی دیکە بوو کە سێ نهۆم بوو، ئەمساڵ گوازرایەوە بەشەناوخۆیی لەیلا قاسم "گوتیان باری دەروونی تەواو نییەو ئێرە سەلامەتترە". جگە لە رۆژبین 15 قوتابی دیکەی کەمپی مەخموور لەو بەشە ناوخۆییە دەمێننەوە.

وەک پەخشان دەڵێت کێشەی ئەو کچە ئەوە بوو، پێنج مانگ لەمەوبەر خاڵێکی کە گەریلا بووە، لە شەڕێکدا لە باکووری کوردستان کوژرابوو "دوای شەهید بوونی خاڵی، باری دەروونی رۆژبین تێکچوو. هەتا شەوێکیان تا درەنگ نەگەڕایەوە نەیدەزانی لە کوێیە، دەیگوت لە پارکێکم بەڵام نازانم کوێیە. پاشان برادەرەکانی چوون هێنایانەوە بۆ بەشە ناوخۆیی. رۆژبین هەردەم کز و مات بوو. لە قۆناخی یەکەم زۆر زیرەک بووەو نمرەی باشی هێناوە، بەڵام ئەمساڵ لە زانکۆش وەکو جاران نەمابوو".

ئەو رۆژەی رۆژبین گیانی لە دەستدا، باوکی لە مەخموورەوە هاتبوو تا سەردانی کچەکەی بکات و لە رەوشی دەروونی کچەکەی دڵنیا بێت، هەتا باس لەوە دەکرێت هەوڵی دابوو لەگەڵ خۆی بیباتەوە، بەڵام لەگەڵی نەچووبوو. باوکیشی گەڕابووەوە، بەڵام بەرلەوەی باوکی بگاتەوە مەخموور کچەکەی بەر ئۆتۆمبێل کەوت.

شوێنی رووداوەکە شەقامێکی رێکە و هیچ پێچ و پەنای تێدا نییە. لە دووری کیلۆمەترێکەوە ئۆتۆمبێل دەبینرێت. تانکەری نەوتەکەش بە بەگ کشاوەتەوەو لە کچەکەی داوە. یەکێک لەوانەی تەرمی رۆژبینی هەڵگرتبووەوە گوتی "چوومە سەر تەرمەکەی. جەستەی وەکو بەفر ساردبوو. یەکسەر گەیێنرایە نەخۆشخانە، بەڵام گیانی لە دەستدابوو. ئۆتۆمبێلەکە زیاتر لە سەری دابوو. شۆفێرەکەش تەمەنی نزیکەی 60 ساڵە و هەر دەگریا".

ئەو شۆفێرە ناوی (ف.ع)ە. کارمەندی زانکۆی سەلاحەددینە. پەخشان عومەر زۆر جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو 12 ساڵە ئەو تانکەرە دەبینێت نەوت بۆ بەشە ناوخۆییەکەیان دەبات و هیچ شتێک رووی نەداوە "تانکەرەکە زۆر لەسەرخۆ بووە، دەنگیشی گەورەیە. بەڵام دیار نییە خۆی کوشتووە یان خەریکی مۆبایل بووەو بێ ئاگا بووە و ئۆتۆمبێل لێیداوە. چونکە مۆبایلەکەی لە تەنیشتی کەوتبوو، شکابوو، کە تەرمەکەمان بردەوە مەخموویش، کەسوکاری پرسیاریان دەکرد، ئۆتۆمبێلەکە لێیدا یان خۆی هاویشتە ژێر ئۆتۆمبێلەکە؟".

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت "ئەو کچە بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە گیانی لە دەستداوە. شۆفێرەکەش بەپێی ماددەی 24ی یاسای هاتوچۆ دەستگیر کراوە. ئێستا لە لێکۆڵینەوەداین و هێشتا نازانین حاڵەتی خۆکوشتن بووە یان بە قەزاو قەدەر گیانی لە دەستداوە".

لەناو هاوڕێ قوتابییەکانی باس لە خەونێک دەکرێ، کە رۆژبین بۆی گێڕاونەوە، دەڵێن لە خەودا خاڵی خۆی بینیوەو پێیگوتووە پێش سەری مانگ دێمە لات. پەخشان عومەر گوتی "منیش ئەو خەونەم لە قوتابییەکان بیستووە". خەونەکەی رۆژبین هاتەدی و بەر لە سەری مانگ گەیشتە لای خاڵی.

# پیاوێک لەسەر شەڕی منداڵان ژنەکەی دەکوژێت

**رووداو-هەولێر**

وەک زۆر لەو ژنانەی بە دەستی پیاوەکانیان دەکوژرێن، مەهاباد لەسەر ناموس نەکوژرا، ئەو لەسەر شەڕی منداڵانی گەڕەک، لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا. برایەکی مەهاباد دەڵێت "خوشکم لە بەلاش لەسەر شەڕە منداڵ کوژرا".

ئێوارەی رۆژی 2013/2/28 لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر ژنێک بەناوی مەهاباد سابیر عەزیز، 35 ساڵ، لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا کە ناوی (ف.م)، تەمەن 38 ساڵەو بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی گرتنی هەیە و هەڵاتووە.

مەهاباد، زیاتر لە 17ساڵە شووی کردووە. 5 منداڵی هەبوو (4 کوڕ و کچێک). کوڕە گەورەکەی تەمەنی 16ساڵە. مەهاباد تازە وەکو خزمەتگوزار دامەزرابوو. مێردەکەشی پێشمەرگەی زێرەڤانی بوو.

زاهیر سابیر، برای مەهاباد. لە دووەم رۆژی پرسەی خوشکەکەیدا لە مزگەوت راوەستابوو کە 50 مەترێک لە ماڵی مەهاباد دوورە. زاهیر کە زوو زوو لەبەر گریان لە قسەکردن دەوەستا، گوتی "ئەو پیاوە چەند جارێکی دیکەش تەقەی لە خوشکم کردووەو ویستوویەتی بیکوژێت. ژیانیان پێکەوە زۆر ناخۆش بوو. (ف) منداڵەکانی بەخێو نەدەکرد. خوشکەکەم کاری دەکرد تا ئەو منداڵانە بەخێوبکات".



زاهیر باس لەو شەڕە دەکات کە خوشکەکەی لەسەری کوژراوە "منداڵی خوشکەکەم لەگەڵ منداڵی دراوسێییەکمان بەشەڕ هاتوون. ئەو منداڵەی بەشەڕ هاتووە تەمەنی 4 ساڵە. (ف) هەر هاتووەتەوە یەکسەر لە کۆڵان بە بەرچاوی خەڵکەوە تەقەی کردووە. چوار گوللەی لە خوشکم داوە و دواتریش 75 گوللەی تەقاندووە و دوو کەسی بە سووکی بریندار کردووە".

### "ژنێکی دیکەشی کوشتووە"

زاهیر، کە دراوسێی خوشکەکەیەتی، هەر دوای رووداوەکە گەیشتووەتەوە ماڵەوەو دەڵێت تەرمی خوشکەکەی لە کۆڵان کەوتبوو، خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، کەس نەیدەوێرا هەڵیبگرێتەوە "بردمە نەخۆشخانە، بەڵام بەر لەوەی بگاتە ئەوێ گیانی سپارد".

زاهیر هەروەها گوتی "ئەوە دووەم ژنە (ف) دەیکوژێت. پێشتریش ژنێکی دیکەی هێناوە و کوشتوویەتی، بەڵام ئەوکاتیش نەگیرا".

بەپێی قسەی زاهیر، کێشەکە تەنیا لەسەر منداڵ بووە " (ف) خوشکەکەمی بە غەدر کوشتووە. هەر لە بەلاش کوشتی. منداڵ هەر بەشەڕ دێن. ئەو پیاوە بێ ئەوەی هیچ بپرسێت یەکسەر هاتەوەو کوشتی".

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (رووداو)ی گوت "دراوسێیەکی ماڵی مەهاباد تەلەفۆنی بۆ مێردی مەهاباد کردبوو. پێیگوتووە ژن و منداڵەکانت واز ناهێنن. ئەو پیاوەش بە تووڕەیی هاتووەتەوە و کەوتووەتە دوای ژنەکەی، لە پێش ماڵی برای مەهاباد کە دراوسێی یەکدین کوشتوویەتی. (ف) چووەتە سەر ماڵی کابراش تەقەی لە ماڵی ئەوانیش کردووە. کوڕێکی ئەوانیشی بریندار کردووە".

وەک رائید ژیلەمۆ دەڵێت ئەو پیاوە هەڵاتووەو نەگیراوە "کوشتنەکە تەنیا لەسەر شەڕی منداڵ بووە، هیچ پەیوەندی بە ناموسەوە نییە. ئەو پیاوەی تەلەفۆنەکەی کردووە فەرمانی گرتنی دەرنەچووە. چونکە تەنیا گلەیی کردووە. ئاگاداریش نین (ف) ژنێکی دیکەی کوشتووە، بەڵام لە بەڵگەکانی تاوان ئاشکرا دەبێت و ئەو دۆسیەش نوێ دەبێتەوە".

## هەمەجۆر



## نازدار بووە فەیسبووکی

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو، نازدار، کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان بووە ئەندامی فەیسبووک و یەکەم پەیجی بە ناوی خۆی کردەوە. نازدار یەکەم پەیجی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەنێوی خۆی داناو وەک زۆربەی هونەرمەندان ئەم پەیجەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم و کارە نوێیەکانی و پەیوەندی لەگەڵ هەواداران و گوێگران کردەوە.



# ئێبی و مەنسوور و جەمشید لە هەولێر کۆنسێرت دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

هەرســێ هونەرمەند جەمشید و مەنسوور و ئێبی، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر ساز دەکەن.

جەمشید لەبارەی ئەوکۆنسێرتە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من و مەنسوور و هونەرمەندی گەورەی فارس ئێبی لە ڕۆژی شەشەمی نەورۆزدا واتە لە 2013/3/26 کۆنسێرتێکی گەورە لە هەولێر ساز دەکەین کە کۆمپانیای کۆڤان بۆ ئینتەرتەیمێنت بەڕێوەی دەبات". جەمشید ئاماژەی بەوەدا کە دوو ڕۆژ پێش ئەو کۆنسێرتە لە دوبەی لەگەڵ سپێدە کۆنسێرتیان هەیە.



# برادەر.. پیری نەما

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند برادەر خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی تازەیە بەنێوی (پیری نەما) و بەو زووانە بڵاویدەکاتەوە.

ئەو هونەرمەندی باکووری کوردستان، لەبارەی ئەو ئەلبوومە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومی نوێم هێشتا تەواو نەبووە و ئێستا خەریکی کارکردنم لەسەری، ئەلبوومەکەم بەنێوی (پیری نەما) یەو جگە لەو بەرهەمە، بەرهەمی دیکەشم لەبەردەستە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا تەواویان دەکەم و بڵاویاندەکەمەوە".

# چێنەر تووشبووانی شێرپەنچەی لەبیرە

**شاخەوان شێخانی**

**ڕووداو – هەولێر**



پەیکەرتاشێکی کورد پەیکەرێک بۆ تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە دروستدەکات.

چێنەر نزار لەبارەی ئەو کارە تازەیەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک کەسی نزیکم بەدەست ئەو نەخۆشیەوە دەناڵێنن و ئەو نەخۆشییە بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی کەسێکی نزیک و ئازیزم، ئەو بیرۆکەیەشم هەر بەو مەبەستە بۆ هاتووە، ئێستا خەریکی دروستکردنی پەیکەرێکم بۆ ئەو کەسانە". ئەو پەیکەرتاشە ئاماژەی بەوەشدا کە پەیکەرەکەی پێشکەشی تووشبووانی شێرپەنجە دەکات و بەیەکێک لە جوانترین کارەکانی خۆی دانا.

## بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی**

ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**

بەهێمنی مامەڵە لەگەڵ هاوسۆزەکانتان بکەن و پەیوەندییەکانتان لەگەڵیاندا بپارێزن. هێز و چالاکییەکی زیاترتان دەبێت بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژە گرنگەکان. هەندێک لە خەرجییەکانت کەم بکەوە. دەرفەتێکی نوێت بۆ دەڕەخسێ بۆ سەلماندنی تواناکانت بەشێوەیەک چواردەورەکەت سەرسام بکەیت.

**گا**

هەنگاوێک لە بەدیهێنانی ئاواتەکانتان نزیک دەبنەوە. پێویستیتان بە یارمەتی هاوکارەکانتان هەیە. ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی کاری گەورە دەکەن، بڕیار بدەن و مەترسن لایەنی یارمەتیدەرتان بۆ دروست دەبێ. سەرکەوتنێکی بچووک دەتوانێ ئاراستەکانی ژیان بەرەو باشی بگۆڕێت.

**جمک**

باری سۆزداری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە ژیانتان. دەتوانن سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن بۆ بیرۆکەی نوێ. پەیوەندییەکانتان بەشێوەیەک زیاد دەکات کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئاگاداربە لەو کەسانەی کە جێگەی متمانەنین.

**قرژاڵ**

پەیوەندییەکانتان زۆر و بەرفراوان دەبێت بەتایبەت لەگەڵ دەرەوەی وڵات، هەندێکتان بیر لە گەشتێک دەکەنەوە. تووشی هەندێک گرفتی بچووک دەبن لە کارکردن، بە هێمنی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. پێویستان بەسۆزی هاوڕێکانتان هەیە، بەڵام لەبەر سەرقاڵیان ناتوانن گرنگی تەواوتان پێبدەن.

**شێر**

بڕێک پارەی چاوەڕوانکراوتان دەگاتە دەست. ئەو پرۆژانە دەخەنە بواری جێبەجێکردن کە لەمانگی ڕابردوو پلانتان بۆ داناون. بەخت هاوکاریتان دەکات بۆ ئەوەی پلەو پایەیەکی بەرزتر بەدەست بهێنن. هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەماڵ و خێزانەوە هەیە پێویستی بەگرنگی پێدانی زیاتر هەیە.

**گوڵەگەنم**

لایەنی سۆزداری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ژیانتان. خۆڕاگربن لە بەرامبەر هەر بەربەستێک. کارەکان پێویستیان بەگرنگی پێدان هەیە و باشتروایە هەندێک لە پلانەکانی کارکردن بگۆڕن. دەتوانن داوای هاوکاری بکەن لەکاتی پێویستدا. ئێستا لەسەر لێواری گۆڕانێکن کە پێشتر کارتان بۆ کردووە.

**تەرازوو**

لەو هەفتەیەدا هەوڵێکی زۆر دەدەن و تەواو ماندوو دەبن، بەڵام هەر کۆتایی ئەو هەفتەیەش ئەنجامێکی باش لەو کارانە بەدەستدێنن. سەرکەوتوو دەبیت لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەکارکردن و گرنگیدان بەتەندروستی خۆت یان ئازیزێکتەوە هەیە.

**دووپشک**

بڕوا بەخۆبوونێکی زیاترت هەیە، هێز و توانا و چالاکییەکانت بۆ دەگێڕێتەوە، لەو هەفتەیەوە پلە بەپلە کارەکان ڕێکدەخەنەوە، بە تایبەت ئەگەر بۆ باری دارایی بێت، ڕەنگە کەسێک بتوانێت بیروبۆچوونەکانتان بگۆڕێت.

**کەوان**

بەبێ هیچ هۆکارێک هەست بەکەمێک ڕەشبینی دەکەن و ناتوانن بڕیاری تەواو بدەن. دەچنە دنیای خەیاڵ. بەنیازن کارەکەتان بگۆڕن یان کارێکی پتر بکەن، هەوڵەکانتان زیاد دەکەن بۆ نزیکبوونەوە لەکەسێک.

**کارژۆڵە**

بە وردی و هەست بە لێپرسراوێتیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدە کە پێت دەسپێردرێت. کاتێکی باش نییە بۆ سەردانەکان و نزیکبوونەوە لە کەسانێک کە زانیاریت دەربارەیان نییە. لەڕووی دەروونییەوە ئاسوودە دەبن و بڕوا بەخۆبوونتان زیاد دەکات و بیر لە چەند پرۆژەیەکی نوێ دەکەنەوە.

**سەتڵ**

هەرچەند ڕێگەکان بێ مەترسین، بەڵام وا باشترە بە وریاییەوە هەنگاو بنێیت. باری دارایی بەرزییەکی نوێ بە خۆیەوە دەبینێ. ئامادەییتان لە جێگە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنجامدانی گەشت، ئاسودەییەکی کاتیتان بۆ دابین دەکات. هەستی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت ڕوون بکەوە.

**نەهەنگ**

هەست دەکەیت زۆربەی شتەکان بەرەو گۆڕانکاری دەچن بەو شێوەیەی کە خۆزگەی بۆ دەخوازی. گومان دروست مەکەن بەرامبەر دۆخە ئاڵۆزەکان. ئەو کەسانەی ناحەزتان بوون ئێستا حەزدەکەن لێتان نزیک ببنەوە. کاتێکی باش نییە بۆ دەسپێکردنی کاری نوێ، بەڵکو دەتوانن کارە تەواونەکراوەکانتان، تەواو بکەن.



# پێڵاوێکی خێرا 15 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا دەبڕێت

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەریتانیەک پێڵاوێکی ئەلیکترۆنی دروستکرد کە خێراییەکەی 15 کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا.

پیتەر تریدوای، بە دروستکردنی پێڵاوێکی ئەلیکترۆنی نوێ، سەرکەوت بەسەر کێشەی گەیاندن و پاس و میترۆ و تەکسیدا بۆ خۆدەربازکردن لە قەرەباڵخی، کە پێڵاوەکە توانای ئەوەی هەیە خاوەنەکەی بگەیێنێتە ئەو شوێنەی دەیەوێت بەهۆی بەکارهێنانی لە ڕێگەی ڕیمۆت کۆنترۆڵەوە.

خێرایی پێڵاوەکە دەگاتە 15 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا و دوو ماشێنی تێدایە کە وزە لە پاترییەکەوە وەردەگرێت و ئەو کەسەی پێڵاوەکە لە پێدەکات دەتوانێ بە خۆ لارکردنەوە بۆ لای ڕاست و چەپ، ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی بگۆڕێت.

تریدوای گوتی "ئەو پێڵاوە توانای ڕۆیشتنی بۆ ماوەی 4.5 کیلۆمەتر هەیە بەبێ ئەوەی پاترییەکەی پێویستی بەشارژکردنەوە هەبێت.



# کەژاڵ ژیانی ڕاستەقینەی خۆی بڵاودەکاتەوە



**ڕووداو- سوێد**

کچە شاعیر و هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەژاڵ ئادەمی بەشێوەی شیعر و کلیپ، باسی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی دەکات.

لە بارەی نوێترین بەرهەمی شیعری خۆی، کەژاڵ ئادەمی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەرهەمەی من بەنێوی (چیرۆکی با)یە کە بەشێوەی کلیپ تۆمارکراوە و بڵاودەبێتەوە، هۆنراوەی ئەو بەرهەمە گێرانەوەی بەشێکە لە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی خۆم". کەژاڵ ئەو بەرهەمەی پێشکەشی ئەو منداڵانە کردووە کە وەکو خۆی دەڵێ "تامی تاڵی جودایی و دابڕانیان چێشتووە".

کلیپی ئەو بەرهەمە لەلایەن ئەنستتیوتی مۆسیقای سەبا بەشێوەیەکی نوێ بەرهەمهێنراوە.

# ڤینا بەشداری فیلمێکی پۆرنۆ دەکات

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

خاتمە هونەرمەندی پاکستانی ڤینا مەلیک کە پێشتر لەلایەن موفتیەکەوە فتوای کوشتنی درابوو، بەنیازە بەشداری فیلمێکی سێکسی (پۆرنۆ) بکات.

کچە مۆدیل و هونەرمەند ڤینا مەلیک کە ئێستا لە هیندستانەو بەنیازە لە فیلمێکی پۆرنۆ بەشداری بکات، ڕایگەیاند کە لە هیچ کەس ناترسێت و بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی "من دەمەوێ پێشبکەوم، بۆچی دەبێ ڕۆژئاواییەکان لە ئێمە پێشکەوتووتر بن، ئەوان هەندێ کاری جیاوازیان کردووە کە خەڵکی دیکە نەیانکردووە، ئێمەش پێویستە تەنانەت لەوانیش پێشکەوتووتر بین". گوتیشی بڕیاری بەشداریکردنی لەو فیلمە پۆرنۆیە کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەوروپی دروستدەکرێت، پەیوەندی بەهیچ کەسێکەوە نییەو بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی.

پێش چەند مانگێک ڤینا مەلیک چەند وێنەیەکی ڕووتی لە گۆڤارێکی بیانی بڵاوکرایەوە کە بووە هۆی تووڕەبوونی توندڕەوەکانی پاکستان و موفتیەکیش فتوای کوشتنی دا.

**بەکشتی:**

## کاتی خۆ ئامادەکردنە

لە ماوەکانی ڕابردوو چەندین بەرنامەی باشمان دیاری کردووە کە لەداهاتوودا کاریان لەسەر بکەین، هەندێک لەو کارانە ئەنجامی باشیان دەبێ، ئەو هەفتەیە بیر لە سەفەر و سەردانی هاوڕێکانمان و گەشت دەکەینەوە، چالاکییەکانمان زیاد دەکات و گەشبینیمان بۆ دەگەڕێتەوە. هەستی خۆشەویستی و سۆزداری بەرەو هەڵکشان دەچێت، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمانە و هەوڵدەدەین هەموو نهێنییەکانی ناخمان بۆ چواردەورەکەمان بکەینەوە. هەسارەکانی (هەتاو، ڤینۆس، نبتۆن، مارس) لە بورجی نەهەنگدان، کاتێکی باشە بۆ تەواوکردنی کارە ناتەواوەکان و بەجێگەیاندنی بەڵێنێک. دەتوانین کارە داراییەکانمان پێش بخەین. پەیوەندییەکان ئێجگار زۆر دەبن، دیداری هاوڕێ دێرینەکان دەکەین. زۆربەی خەڵکان بیر لە گۆڕانکارییەکانی ماڵ و چاککردن و نۆژەنکردنەوە دەکەنەوە. کاتێکی باشە بۆ ئەوەی دیاری پێشکەش بە ئازیزانمان بکەین.

پێنج هەزار ساڵە لەوێ نیشتەجێن

# باشووری عێراق سابیئەی تێدا نامێنێ



**رووداو- الشرق الاوسط**

هەرچەندە مێژووی نیشتەجێبوونیان لە میزۆپۆتامیا بۆ 5000 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام ماوەیەکە بەهۆی کردنە ئامانجی هەندێکیان، خەریکە ترس شوێنکەوتووانی تایفەی سابیئە مەندائییەکان دادەگرێ، ئەوەش مەترسی چۆڵکردنی باشووری عێراقی لە کۆنترین و رەسەنترین و بچووکترین پێکهاتەی دانیشتووانی دروستکردووە.

سابیئەکان کە کۆنترین کەمینەی عێراقن، لەم ماوەیەی دواییدا رووبەڕووی دوو رووداوی جیا بەڵام لێکچوو بوونەوە کە لە هەردوو رووداوەکەدا پیاوێک و سێ ژن لەشاری ناسریەی ناوەندی پارێزگای زیقار بوونە قوربانی. بەرپرسێکی ئەو پارێزگایە پێیوایە ئەو هێرشانە رەهەندی سیاسییان هەیە و دەستەی بەرگریکردن لە ئاین و ئاینزاکانیش "رێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی" بەوە تاوانبار کرد کە جیاوازی لەنێوان ئاینەکان دەکەن و ترس و تۆقین لەنێو کەمینەکان بڵاودەکەنەوە و ناچاریان دەکەن عێراق بەجێبێڵن.

قوسەی عیبادی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای زیقار رایگەیاند "پەلاماردانی رۆڵەکانی سەر بە کەمینەکان لە پارێزگای زیقار دیاردەیەکی نامۆ و نائاساییە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە چونکە ئەو تایفەیە نەک هەر زۆر لەمێژە لێرەن، بەڵکو لە تایفە هەرە کۆنەکانی دانیشتووی ئەم پارێزگایەن". داوای لە هێزە ئەمنیەکانیش کرد سەرچاوەی ئەو دیاردەیە بدۆزنەوە و بەدوای تاوانباراندا بچن و دەستگیریان بکەن.

سامر نەعیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری سابیئە مەندائیەکان لە زیقار لەوبارەوە گوتی "پەلاماردانی خەڵکی ئێمە وێنەیەکی تەواو پێچەوانە لەبارەی گونجان و پێکەوەژیانی نێوان ئاینە جیاوازەکان پێشان دەدات، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان دەڵێن ئەو دوو رووداوە سیاسی نین". داواشی لە دەسەڵاتدارانی پارێزگاکە کرد پارێزگاری بۆ کەمینەکان دابین بکەن تاوەکو هەست بە ئاسایش و پارێزراوی بکەن و داوای کرد پەلە لە لێکۆڵینەوەکان بکرێ و تۆمەتباران بدرێنە دادگا.

سابیئەکان لە ئایاری 2006دا کە توندوتیژی و جەنگی تایفەگەری لەوپەڕی بوو، لەلایەن گرووپێکی چەکدارەوە کە ناویان لەخۆنابوو (کتائب القصاص العادل) بەرەورووی هەڕەشە بوونەوە و مۆڵەتی 72 کاژێریان دابوونێ تاوەکو باربکەن. هەر هەمان ساڵ، خانەی خوداپەرستی تایفەکە لە شاری بەسرا کە بە (مەندی) ناسراوە، خاپوور کرا و بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکیان کۆچیان کرد.

غەسان کامل، سەر بەو تایفەیە لە ناسریە دەڵێت پەلامارەکانی ئەم دواییە "ئەو هەڕەشەو راگواستنەمان بیردەخاتەوە کە لەنێوان ساڵانی 2005 و 2007 دووچاری بووین"، هەروەها گوتی کە "هۆکاری ئەو بەئامانجکردنە پەراوێزخستنی تایفەکە و ئەو تێڕوانینە گشتگیرەیە کە گوایە خاوەن سامانن، چونکە لە بازرگانی زێڕ کاردەکەن". ژمارەی سابیئە مەندائییەکان پێش ساڵی 2003 بەنزیکەی 70 هەزار کەس مەزەندە دەکرا، لەکاتێکدا بەپێی ئامارێکی نیمچە فەرمی و دوای ئەوەی زۆربەیان ناچاربوون بۆ دەرەوەی عێراق کۆچ بکەن، ئێستا ژمارەیان بەکەمتر لە 10 هەزار کەس دادەنرێ.

ئەمینداریێتی گشتی دەستەی بەرگریکردن لە شوێنکەوتووانی ئاین و ئاینزاکان لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "ئەو تاوانە ناحەزو ناشیرینانەی زیقار مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیە لەنێو کەمینەکان بۆئەوەی ناچاربن عێراق جێبێڵن وەک ئەوەی لەو 10 ساڵەی رابردوودا دەیان هەزار عێراقی بەهەمان ئەو شێوازە ناچارکران عێراق جێبێڵن". بەیاننامەکە هەروەها گوتی "بەهۆی ئەو شێوازە وەحشیگەری و فاشیانەی هێزەکانی تیرۆر لە رێکخراوە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکان پیادەیان کردووە، هەروەها ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئاین و مەزهەبەکان دەکرێ و بەهۆی بڵاوکردنەوەی رق و کینە لە کۆمەڵگادا، باشووری عێراق و هەروەها پارێزگای نەینەوا لە کەمینەی ئاینی و نەتەوەیی چۆڵ بوون".

باوەڕمەندانی ئاینی سابیئە کە یەکێکە لە ئاینە ئیبراهیمیەکان، دانیشتووانی رەسەنی عێراقن و کۆنترین خەڵکێکن کە بەر لەمێژوو لەو خاکەدا نیشتەجێبوون. سابیئەکان بە مەندایش دەناسرێن و بە جۆرێک لە جۆرەکانی زمانی ئارامی قسەدەکەن و ئادەم بە پەیامبەری خۆیان دەزانن، هەروەها یوحەننای مەعمەدانیش بە پیرۆز دادەنێن. رەگوریشەی سابیئەی مەندائی بۆ پێش ئاینی مەسیحی دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەران وای بۆدەچن مەزهەبێکی لە جولەکە جیابووەوەیە کە لە سەدەی دووەمی بەر لە زایین گەیشتووەتە میزۆپۆتامیا.

# واسق ئەلبەتتات.. گوێناداتە دادگا

**رووداو - ئاژانسەکان**

پێناچێ واسق ئەلبەتتات، ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵای عێراقی هیچ گرنگییەک بەو فەرمانی دەستگیرکردنە بدات کە لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە لەدژی دەرچووە.

تۆمەتەکەی بەتتات پێکهێنانی میلیشیایەکە بەناوی (سوپای موختار) کە بەدحاڵیبوونێکی زۆری دروستکردووە. ئەوەی بەدحاڵیبوونەکەشی زیاتر کرد، ئەوە بوو کە ئەم هەرا و زەنایە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەزاران لافیتە و پۆستەر بە شەقامەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا کە داوای لە خەڵک دەکرد پشتیوانی لە (موختاری سەردەم) بکەن. ئەم موختاری سەردەمەش کەس نییە جگە لە سەرۆک وەزیران نوری مالیکی. بڵاوبوونەوەی لافیتە و پۆستەرەکانیش هاوکات بوون لەگەڵ هەڵکشانی خۆپێشاندانی شارە سوننیەکان لەدژی سیاسەتەکانی مالیکی.

مالیکی بۆئەوەی سنوورێک بۆ ئەم پێکداچوونە لەنێوان "موختاری سەردەم" و "سوپای موختار" دابنێ، بەتایبەتیش کە دەست بە پڕکردنەوەی فۆرم کرا بۆ وەرگیران لە ریزەکانی سوپای موختار و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی مووشەکبارانکردنی سەربازگەی لیبرتی تایبەت بە موجاهیدینی خەلق و بڵاوکردنەوەی هەڕەشەنامە لەناوچە سوننیەکانی بەغدا، هیچ رێگایەکی لەپێش نەما جگە لە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەتتات.

سەیر لەوەدایە مالیکی داوای لە خەڵک کرد کە هاوکاری هێزە ئەمنیەکان بکەن بۆ دەستگیرکردنی بەتتات بە پاساوی ئەوەی هێزە ئەمنیەکان دەستیان نایگاتێ، ئەوەش لەکاتێکدایە کە دەیان دەزگای میدیایی عێراقی و عەرەبی لە نەجەف هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کردووە و ئەویش هەرگیز شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی نەشاردووەتەوە.

سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی 15 رۆژ بەسەر ئەو فەرمانی دەستگیرکردنە، بەڵام وادیارە بەتتات لەخۆی دڵنیایە و لەوبارەوە بۆ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) دەڵێت "گرتنی من لەبەر دوو هۆ کارێکی ئاسان نییە، یەکەم: ئێمە دژی حکومەت نین و زیاتر لە دوو ساڵە تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بووین، دووەم: لەبەرئەوەی هەزاران موجاهیدی چەکدارم لەدەورە و بە هەزاران مووشەکمان هەیە".



ئەوەی جێگای سەرنجە، حیزبوڵڵا لەدوای 2003وە بەشێک بووە لە سوپای مەهدی و خودی بەتتاتیش لە مەکتەبی شەهید سەدر کاری کردووە، ئێستا کە رەوتی سەدر بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر لەبەرەی دژی مالیکی راوەستاوە، بەتتات و میلیشیاکەی خۆیان لەبەرەی مالیکی دەبینن و لەمەسەلەی پەیوەندیشدا لەگەڵ ئێران لە هەموو لایەنەکانی دیکە راست و رەوانتر قسەدەکەن. بەتتات خۆی وانابینێ کە جێبەجێکاری ئەجێندای ئێرانییە، ئەو دەڵێت "ئێمە لە رووی مەزهەبییەوە گرێدراوی ولایەتی فەقیهین".

بەتتات ساڵی 1973 لە ناوچەی هۆڕەکانی سەر بە پارێزگای میسان (عەمارە) لەخێزانێکی شیعی لەدایک بووە. کە سەدام هۆڕەکانی وشک دەکات، دەگوازنەوە عەمارە و پاشان بەغدا و لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات. ساڵی 1993 کە رێکخراوە نهێنیەکەیان بە سەرۆکایەتی حەسەن ساری، یەکێک لە سەرکردەکانی ئێستای حیزبی دەعوە ئاشکرا دەبێت، بەرەو ئێران هەڵدێ و ناوی خۆی دەکاتە ئەبو ئەسەدوڵڵا. لە ئێران پەیوەندی بە رێکخراوێکەوە دەکات کە حوسێن شەهرستانی جێگری ئێستای سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکرد. بەتتات دەڵێت "ئەوە رێکخراوێکی چەکداری جیهادی بوو، بەڵام ناوێکی دیاریکراوی نەبوو، ئێرانیش بەتەواوی پشتگیری دەکرد".

بەتتات و بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو رێکخراوە کە بۆ چالاکی گەڕابوونەوە ناو عێراق دەستگیر دەکرێن، بەڵام زۆر نابات ئازاد دەکرێ بەهۆی ئەوەی کە نەناسراوەتەوە. ئینجا پەیوەندی بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانەوە دەکات و یەکەم چالاکیشی بۆ ئەو دەزگایە وەک خۆی دەڵێت لەدژی موجاهیدینی خەلق بووە. پاشان کە حوکمی غیابی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ، دەچێتەوە ئێران و لەزانکۆی تاران بەکالۆریۆسی زانستە سەربازییەکان و پاشان بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێ.

لەو ماوەیەدا دەچێتە ریزی فەیلەقی بەدر. ساڵی 1998 سەختترین ئەرکی پێ دەسپێرن کە کوشتنی عەلی حەسەن مەجید بووە، بەڵام لە رێی هاتنیاندا بۆ عێراق دەگیرێن. خۆی دەڵێت کە هیچی نەدرکاندووە و بەوهۆیەوە ئازاد کراوە، بەڵام پاش ماوەیەک دەگیرێتەوەو ئەمجارە دەیناسنەوەو سێ جار بە لەسێدارەدان سزای دەدەن، کەچی دوای ساڵێک و 8 مانگ بەر لێبووردنێکی سەدام حوسێن دەکەوێت!.



هاوبەشییەکی ناوازە لەجیاتی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا

# مێرکڵ ئەنقەرە نائومێد دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

سەرەڕای ئەو گرنگییە لە رادەبەدەرەی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە سەردانەکەی ئەنجێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیایان دا، کەچی نائومێدبوونی ئەنقەرە لەهەمبەر لێدوانەکانی مێرکڵ لەبارەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا زۆر بە زەقی دەرکەوت کاتێک گوتی "کێشەی قوبرس ئاستەنگە لەبەردەم هەوڵەکانی تورکیا بۆ هاتنەڕیزی یەکێتی ئەوروپا".

هەندێ سەرچاوەی فەرمی تورکی پێیانوایە قسەکانی مێرکڵ لەبارەی ئەوەی کە پشتگیری لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ وەستاوەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا دەکات بەڵام کێشەی قوبرسی دابەشکراو ئاستەنگ دروست دەکات، دووبارەکردنەوەی هەمان قەوانی جارانە کە هەندێ لە ئەوروپییەکان دەیکەنە پاساو بۆ رێگەگرتن لە بوونە ئەندامی تورکیا لەو یەکێتیەدا. بەگوێرەی هەمان ئەو سەرچاوانە، قسەکانی مێرکڵ پاشگەزبوونەوەیە لە هەڵوێستی فەرەنسا کە ئەو مەرجەی بەلاوەنا. ئەوەش لەکاتێکدا کە فەرەنسا لە هەرە سەرسەختترین ناڕازییەکانی بەئەندامبوونی تورکیا بوو لە یەکێتی ئەوروپادا.

لە کۆتایی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا کە دوو رۆژی خایاند، مێرکڵ گوتی کە رەنگە گونجاوبێ لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی ئەنکەرە لەگەڵ برۆکسل بکەینەوە، پشتیوانی خۆیشی بۆ بەخشینی دۆخی "هاوبەشێکی ناوازە"ی یەکێتی ئەوروپا لەجیاتی ئەندامێتی تەواو بە تورکیا دەربڕی.

مێرکڵ پێیوابوو رێکنەکەوتن لەسەر پرۆتۆکۆلی ئەنقەرە کە رێککەوتنی گومرگیی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا فراوانتر دەکات لەرێی کردنەوەی بەندەرەکانی بەڕووی ئەو کاڵایانەی لە قوبرسەوە دێن، تەگەرەیەکە بە رووی ئاواتەکانی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. گوتیشی ئەمڕۆ دەڵێم پێویستە لاپەڕەیەکی دیکەی گفتوگۆ بکەینەوە، بەڵام دەبێ بڵێم مادام مەسەلەی پرۆتۆکۆڵی ئەنکەرە کە زۆر پەیوەستە بە قوبرسەوە، چارەسەر نەکراوە، ئەوا کێشەمان دێتەپێش".

تورکیا، ساڵێک دوای بوونە ئەندامی قوبرس، واتە لەساڵی 2005 دا دەستی بە گفتوگۆ کرد بۆ بوونەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام سەرەڕای ناڕازیبوونی ئەڵمانیا و فەرەنسا، کێشەی هەڵپەسێردراوی قوبرس کۆسپی خستە بەردەم هەوڵەکانی.

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا گوتی: "ناتوانین پرۆتۆکۆلی ئەنقەرە مۆر بکەین ، ئەگەر لە هەمان کاتدا کاروباری ڤیزا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا چارەسەر نەکرێ". ئەمەش دووپاتکردنەوەی داواکارییەک بوو کە ماوەیەکە پێشکەش کراوە تا رێگە بە هاووڵاتیانی تورکیا بدرێ بێ ڤیزا سەفەری ئەوروپا بکەن.

هاوکات لەگەڵ ئەوە، سەرکردەکانی هاوپەیمانی مەسیحی کە ئەنجێلا مێرکل سەر بەوانە، ناڕەزایی خۆیان بۆ بوونە ئەندامی تورکیا نوێکردەوە. ئەمینداری گشتی حیزبی مەسیحی کۆمەڵایەتی باڤاری ئەلکسەندەر دوبرێنت، لەوبارەوە رایگەیاند کە تورکیا ئەندامێتییەکی تەواوی لە یەکێتی ئەوروپادا نابێ. گوتیشی "یەکێتی ئەوروپا ئیدی بەبەریەوە نییە وڵاتی دیکە لەخۆبگرێ و تورکیا وەک ئەندامێکی تەواو، لەڕووی دارایی و ئابووری و کولتوورییەوە باری یەکێتی ئەوروپا زۆر قورس دەکات".

فۆلفگانگ بوسباخ، سەرۆکی لیژنەی کاروباری ناوخۆش لە پەرلەمانی ئەڵمانی و سەر بە حیزبی مەسیحی دیموکراتی لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی وڵاتەکەی گوتی کە لەبەر هەندێ هۆکاری بەجێ هاوپەیمانی مەسیحی بەردەوام بانگەشە بۆ "هاوبەشییەکی ناوازە" لەگەڵ تورکیا دەکات، لەجیاتی بوونە ئەندامی تەواوەتی.

# چۆن بەردەوام دەبیت لەسەر بڕیاری وازهێنان لە جگەرە


(فۆتۆ: سیڤان)

بۆ ئەوەی هەستێکی خۆشت هەبێ، بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش و دوور لە نیکۆتین بەسەربەریت، واز لە جگەرەکێشان بهێنە. ئەم ڕێگایانە لەوانەیە یارمەتیدەرێکــی باش بن بۆ ئــەوەی هەر لەگەڵ خوێندنــەوەی ئەم بابەتە بڕیاری کۆتایی بدەی و دۆستایەتیت لەگەڵ جگەرە بپچڕێنی.

### ژەمی سووک بخۆ و ئاوی سارد بەکاربێنە

خواردنــەوەی ئاوی ســارد، یان شووشــتنی دەموچــاو بە ئــاوی ســارد، یارمەتیــدەرە بۆ کەمکردنــەوەی ئــارەزووی کێشــانی جگەرە، لێکۆڵینەوەیەک ئاشــکرای کردووە، ئاوی ســارد لــە ڕێگــەی دەردانــی دۆپامینەوە هەســتێکی باش بە مێشک دەبەخشــێت و بێزاری دەروونی (negative mood) کەمدەکاتــەوە. خۆراکــی کەمیش دووردەخاتەوە لە پەلەکردنت بۆ کێشانی جگەرە.

### خەڵاتەکانی وازهێنان لە جگەرە

پێویست نییە زۆر چاوەڕێ بکەیت بۆ گەیشتن بە ژیانی پڕ لە چێژی خاڵی لە جگەرە، لیستێک بنووســەوە بۆ ئەو سوودانەی دوای وازهێنانت لە جگەرە پێیــان دەگەیت، لەوانەش هەســتکردن بــە دەســەڵاتی خودی خــۆت، ڕزگاربــوون لە بۆنی ناخۆش، باشــتر چێژ وەرگرتن لە خۆراک، بەکارهێنانی خەرجی جگەرە لە شتێکی دیکەدا، ڕزگار بوون لە هەڵگرتنی جگەرە و داواکردنی لەم و لەو.

### دەم و ددانەکانت زۆرتر بشۆ

یەکێک لە سوودە ڕاســتەوخۆکانی وازهێنان لە جگەرە، هەستکردنە بە تامی خۆشی ناودەم، هەروەها بۆنی هەناسەکانت ئاسایی دەبنەوەو بۆنی تەپڵەکی جگەرەیان لێنایەت، زوو زوو دەم و ددانت بشۆ تا ئارەزووی جگەرەکێشانت کەمبێتەوە.

### دووربکەوە لە خواردنەوە کحولییەکان

خواردنــەوەی کحول گەورەتریــن هۆکارە بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئارەزووی کێشانی جگەرە لــە دوای بڕیاری وازلێهێنانــی، ئەویش لە چەند ڕێگەیەکەوە، یەکێک لەوانە شکاندنی قەدەخەکانە، کاریگەری خواردنــەوەی کحولیش هۆکارێکە بۆ دووبارەگەڕانــەوە بۆ جگەرەکێشــان، لە زۆربەی خەڵکیشــدا خواردنەوەی کحول حەزی کێشانی جگەرە زیاتر دەکات.

کاتێک زۆرت بۆدێت بۆ کێشــانی جگەرە، بڕۆ جێگایەک کە جگەرەکێشان تێیدا قەدەخە بێت، کتێبخانە یان هەر شوێنێکی دیکە، ئەوەش یارمەتی نەهێشتنی ئارەزووی کێشانی جگەرە دەدات.

ئەگەر نەتتوانی ئەوەش بکەی، لیســتێک لەو هۆکارانە بدۆزەوە کە تۆ لە پێناویاندا واز لە جگەرە دەهێنی، کۆپی بکە و بەو شوێنانەدا هەڵیانواسە کە زۆرترین کاتیان تێدا بەسەردەبەیت. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە بۆ هەندێک کەس هەڵواسینی وێنــەی ئازیــزان و منداڵان و خۆشەویســتانیان کاریگەری باشی هەبووە لەسەر هەستەکانیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر نەکێشانەوەی جگەرە.

### چالاک بە و بجوڵێ

چالاکــی جەســتەیی هێزێکــی گــەورەت پێدەبەخشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئارەزووەکانت، کاتێک لەشــت چالاکە و دەجوڵێــت، ماددەی کیمیایی بۆ مێشــک دەنێرێت کە هەستی خۆش دروســتدەکات و فشاری دەروونی کەمدەکاتەوە، ئاسانترین جوڵە بەپێ ڕۆیشتنە، بەڵام هەڵبژاردنی چەند جۆرێک جوڵەی وەرزشی، یارمەتیت دەدات بەردەوام بیــت، جوڵەی ڕۆژانە پێویســتە، بە تایبەت لە هەفتەکانی یەکەمی دوای وازهێنان لە جگەرە.

### دەفتەری نەخشەدانان دابنێ

لە هەفتەکانی یەکەمدا خشتەیەک بنووسەوە تا ســەردانی دۆست و هاوڕێیانتی تێدا بکەیت و کاتەکانت لەگەڵیاندا بەســەربەریت، ئەو شتانە بکەیت کە دڵخۆشــت دەکەن، لەو شوێن و شت و کەسانە دووربکەوە کە هەستدەکەیت ئارەزووی جگەرەکێشانت لا زیاد دەکەن.

بەشێک لە خووگرتن بە جگەرەکێشانەوە ئەوەیە شتێک بەدەمتەوە بێت، بنێشتێک، شیرینییەکی ڕەق، یان هەر شتێکی دیکە بەکار بهێنە کاتێک هەســتدەکەیت پێویســتت بە جگەرەیە، بەڵام ئاگاداری زیادبوونی کێشت بە.

### وازهێنانەکە مسۆگەر بکە

با کەسانی دیکە یارمەتیت بدەن بۆ وازهێنانت لــە جگەرە، بە تایبەت ئەوانەی پێشــتر وازیان لێهێنــاوە، کاتێک حــەز لە جگــەرە دەکەیت بیاندوێنە، ئەوان یان هەر کەسێکی دیکە کە هانت دەدەن بۆ وازهێنانت لە جگەرە.

لەوانەیە بۆ هەندێک کەس وازهێنان لە جگەرە گرنگ نەبێت، بە تایبەت ئەگەر خۆیان جگەرەکێش بن، بۆیە پشتگیری تۆ ناکەن کاتێک وازبهێنیت لە جگەرە، بۆیە دەبێت بۆیان ڕوونبکەیتەوە بۆچی وازهێنــان لە جگەرە گرنگە بــۆ تۆ، ئەگەریش گوێیان نەگرت ئەوا لێیان دووربکەوە.

### کافایین سنورداربکە

بەکارهێنانی کافایین کە لە قاوەو چادا هەیە، یارمەتی هەندێک کەس دەدات بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردنــدا خەواڵوو نەبــن و وریا ببنەوە، بەڵام کافایین وا لە هەندێک کەسی دیکە دەکات هەست بە شــڵەژانی دەروونی بکەن، ئــەو حاڵەتەش لەوانەیە خراپتر بێت بە وازهێنان لە نیکۆتین و دوکەڵ، بۆیە دەبێت لە کاتی وازهێنان لە جگەرەدا ڕێژەی بەکارهێنانی کافایینیش سنوردار بکرێت.

### ئاگاداری هەستەکانت بە

هەستە خراپەکانی وەک خەمۆکی، تووڕەیی و فشاری دەروونی، هۆکارێکی دیکەن بۆ گەڕانەوەی خەڵکی بۆ جگەرەکێشــان دوای وازهێنان لێی، ئەو حاڵەتانە تووشــی هەموو کەسێکی ئاسایی دەبێت، بەڵام لە هەفتەکانی یەکەمی وازهێنان لە جگەرەدا زیاتر ڕوودەدات، باشترین چارەسەریش لەو کاتەدا تێکەڵبوونە لەگەڵ هاوڕێ و دۆستان و بەسەربردنی کاتێکی خۆشە لەگەڵیاندا.

### لەسەر ڕێگە ڕاستەکە بمێنەوە

تەنیا بە تێپەڕبوونی دووهەفتەی یەکەم، ئیدی لــە ژیانێکی خاڵی لە نیکۆتیــن نزیکدەبیتەوە، بەڵام دەبێت ئارام بگری لەســەر بێزارییەکانت، لەبیرت بێت هەر کە بێتاقەت بوویت ئیتر مانای شکستهێنان نییە، شــیکردنەوە بکە بۆ ئەوەی کە پێشتر ڕۆیشتووە هەڵە بووە، ستراتیژەکانی مێشــکیش ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکان دەگرێت.

---

سێ ئەوەندەی پیاوان قسە دەکەن

# زۆر قسەکردنی ژن هۆکاری زانستی هەیە



**ڕووداو- telegraph**

لە مێشــکی ژنانــدا ڕێژەی ئــەو پرۆتینە زیاترە کە پەیوەندی بە قســەکردنەوە هەیە. لێکۆڵینــەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کچان لە ڕۆژێکدا نزیکەی 20 هەزار وشە قسە دەکەن، لەکاتێکدا پیاوان نزیکەی 7 هەزار وشە قسە دەکەن لە هەمان ماوەدا.

زانایــان لە لێکدانــەوەی ئــەو حاڵەتەدا گەیشــتوونەتە ئەنجامێک. لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکــی ئاشــکرای کــردووە، لــە ژناندا ڕێژەی پرۆتینــی FOXP2 ی پەیوەندیدار بە قســەکردنەوە زیاترە بە بــەراورد بە پیاوان. لێکۆڵەران ئەو پرۆتینەیان لە مێشکی مشکی تاقیگەدا بەراورد کردووە لەگەڵ مرۆڤ.

سەرەتا لێکۆڵەران هەڵسوکەوتی مشکی نێر و مشکی مێیان چاودێری کردووە، دواتر ڕێژەی پرۆتینی FOXP2 یان لە مشکەکاندا بەراورد کردووە لەگەڵ دەنگی نێر و مێیەکانیان.

دواتریش ڕێژەی پرۆتینی FOXP2 یان لە منداڵاندا بەراورد کردووەو بۆیان ئاشکرا بووە ڕێژەکە لە منداڵی کچدا 30% زیاترە وەک لە منداڵی کوڕ لە تەمەنی (4-5)ساڵیدا.

شیریل سیکی، لێکۆڵەر لە بەشی زانستە دەروونییەکانی زانکۆی میشــیگانی ئەمریکی دەڵێت "پەیوەندییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان ڕێژەی پرۆتینی FOXP2 و زۆر قسەکردندا". شیریل ئاماژەی بەوەشداوە، هەر لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکان و بەراوردکردنی مشکی تاقیگەو دواتریش مــرۆڤ، دەرکەوت بوونی ڕێژەیەکی بــەرز لە FOXP2 پەیوەنــدی بەو جۆرانەوە هەیە کە زۆرترین پەیوەندی قسەکردنیان هەیە لە نێو سەرجەم بوونەوەراندا.

---

منداڵێک سێ دایکی ڕاستەقینەی هەیە

# بە سێ ژن منداڵێک دەهێننە دنیاوە



**ڕووداو- dailymail**

ژنێک نەیدەتوانی منداڵی ببێت، خوشکەکەی هێلکەی خۆی پێبەخشی، خوشکی مێردەکەشی لە سکیدا بۆی هەڵگرتن.

کاتی و دەیڤدی هاوسەری، هەمیشە خەیاڵیان لای ئەوەبوو منداڵێکیان ببێت، بەڵام کاتی هەرگیز نەیدەتوانــی منداڵی ببێت، بەهــۆی حاڵەتێکی دەگمەنی بۆماوەییەوە، بەوەش گەیشتنە ئەو بڕوایە بۆ هێنانەدی خەونی خێزانەکەیان پێویستیان بە یارمەتی دەبێت.

لە کۆتاییدا هەر لە خێزانە گەورەکانی خۆیانەوە یارمەتییەکەیان پێگەشت، جیمی خوشکە گەورەی دەیڤد و لوسی خوشکە گچکەی کاتی، فشاریان خستە سەر کاتی و دەیڤد تا بیاتریسی کچیان بۆ بهێننە دنیاوە، لوسی هێلکەی خۆی پێبەخشین و جیمیش 9 مانگ کچەکەی بە ســک بۆ هەڵگرتن تا هاتە دنیاوە.

کاتی، 31 ساڵ، یەکێک لە دایکەکانی بیاتریس دوای هاتنــە دنیــای کچەکەی گوتــی "ئەگەر خوشــکەکانمان نەبوونایە بێ منداڵ دەماینەوە، ئەوان جوانترین دیارییان پێشکەشی ئێمە کردووەو زۆر خۆشــمدەوێن، چونکە هەمیشە خەیاڵم لای ئەوە بووە چۆن ببمە دایک".

کاتــی ســلید، مامۆســتای ســەرەتاییە و حاڵەتێکــی بۆماوەیی دەگمەنی هەیە، بەجۆرێک ئەندامــی زۆربوونی هێلکەی نییە، کاتێک کە کچ بووە نەخۆشــییەکەی دیاریکــراوەو بە گریانەوە هەواڵەکەی بە لوســی خوشــکی گەیاندووە کە هەرگیز ناتوانێت ببێتە دایک.

دواتر لوســی بەڵێنی پێداوە لە کاتی خۆیدا هێلکەی پێدەبەخشێت، دوای چەند ساڵێک کاتێک هاوســەرگیری کردووە، کاتی بیری خوشکەکەی هێناوەتەوە کە ئایا بەڵێنەکەی بەڕاست بووە.

دواتر لوســی وەڵامی داوەتــەوە کە دەیەوێت هێلکە بە خوشکەکەی بدات، بەڵام کاتی دەڵێت "نەمانویست لوسی لە ســکیدا منداڵەکەمان بۆ هەڵگرێت، چونکە ئــەوە یەکەمین منداڵی بوو، قورس دەبــوو ئەگەر بیدات بە مــن". لە ڕووی بۆماوەییەوە بیاتریس دەچێتەوە ســەر لوسی و مێردەکەی کاتی.

کاتی و دەیڤید ســەرەتا لایــان قورس بووە ژنێکی غەریبە منداڵەکەیان بۆ هەڵبگرێت، بەڵام کاتێک خێزانی دەیڤد بــە بیرۆکەکەیان زانیوە، جیمی خوشــکی دەیڤید، 35 ساڵ، خاوەنی سێ منداڵ، ئامادەیی خۆی نیشانداوە تا منداڵەکەیان بۆ هەڵگرێت.

بــەو شــێوەیە ســەرجەمیان ڕەزامەندییان نیشانداوە و کاروبارە پزیشکییەکانی لە دایکبوونی بیاتریس، لە نەخۆشخانەی شــاهانەی ڕۆمفۆرد جێبەجێکراوە.

دوای ئەوەی تۆوی دەیڤید دەبەســتێنرێت و هۆرمۆن دەدرێتە لوسی بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەی زیاتر، دوو کۆرپەلە لە سکی جیمیدا دەچێندرێت لە مانگی 12 دا، لە جەژنی سەری ساڵدا جیمی هەســت بــە ســکپڕی دەکات، دوای 20 هەفتە دەردەکەوێت یەکێک لە کۆرپەلەکان پێگەیشتووە و کچە.

کاتێــک کاتی بۆ یەکەمجار بــە ئامادەبوونی لوسی و جیمی و دەیڤید، منداڵەکەی لە باوەش دەگرێت، سەیری هەرســێکیان دەکات و دەڵێت "شتێکی باوەڕپێنەکراوە ئێمە هەموومان پێکەوە بیاتریسمان هێنایە ئەو جیهانەوە".

---

# شەوانە لە 6 کاژێر کەمتر نەخەوی



**ڕووداو- UPI**

تەنیا هەفتەیەک نەنووســتن بە باشــی و ناتەواوی، بەســە بۆ گۆڕینی چالاکی سەتان بۆهێڵ (جین)، ئەوەش بەپێی وتەی زانایانی بەریتانی.

دێرک ژان دێژک، بەڕێوەبەری ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی زانکــۆی ســاری دەڵێــت، لێکۆڵــەران چاودێــری چالاکــی ســەرجەم بۆهێڵەکانیــان کردووە لە زنجیرە بۆهێڵەکانی مرۆڤــدا (human genome)، بۆیــان ئاشکرابووە نووســتنی ناتەواو یان کەمتر لە 6 کاژێر لە شەوێکدا، کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکی زیاتر لــە 700 بۆهێڵ، ئەوانەش ئەو بۆهێڵانەن کە پەیوەندیــان بە کۆنترۆڵکردنی هەوکردن لە لەشــدا، بەرگری، وەڵامدانەوەی بێزاری دەروونییەوە هەیە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە خەوی ناتەواو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی بۆهێڵەکان لــە 1855 وە بۆ 1481 بۆهێڵ. ئەوەش ئەو بۆهێڵانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ئاسایی هــەن و ئەو کەمبوونەوەیــەش لە ماوەی 24 کاژێــردا ڕوودەدات، لێکۆڵەران دەڵێن ژمارەی ئــەو بۆهێڵانــەی کاریگەریان هەیە لەســەر کەمخەوی، بــۆ 7 هێندە بەرزدەبێتەوە ئەگەر کەسێک هەفتەیەک شەوانە کەمتر لە 6 کاژێر بخەوێت.

لێکۆڵینەوەکە هەروەها ئاماژە بەوەشدەکات، کەمخــەوی کۆمەڵێــک زیان لە تەندروســتی گشــتی لەشــی مــرۆڤ دەدات، لەوانــەش قەڵەوبوون و تووشــبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و کەمبوونەوەی توانای تێگەشــتن، بەڵام زانایان هێشــتا بۆیان ڕوون نەبووەتەوە چۆن کەمخەوی دەبێتە هۆی گۆڕانی بۆهێڵەکان.

## تارق هاشمی، جێگری راکردووی سەرۆک کۆماری عێراق:

# بە گەڕانەوەم موفاجەئە دروستدەکەم

**لە بەرزترین دەسەڵاتی عێراقدا بوو، ئێستا هیچ دەسەڵاتێکی نییە و لە دەرەوە رای خۆی لەسەر دۆخی سیاسی عێراق دەردەبڕێت . تارق هاشمی، جێگری داوکراو بۆ دادگا یاخود راکردووی، سەرۆک کۆماری عێراق کە بەپێی بڕیاری دادگای عێراق چوار جار حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) کە بە ئیمێل لەگەڵی کراوە وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی نەدایەوە، دەڵێ "وادەی گەڕانەوەم بۆ عێراق بەنهێنی دەمێنێتەوە، بەڵام موفاجەئە بۆ هەمووان دروستدەکەم".**

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: باس لە دەستپێشخەریەکی نوێ دەکرێت کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ دەکات، بە بۆچوونی تۆ رێگەچارەیەکی بۆ قەیرانی سیاسی ئەمڕۆی عێراقی لێدەکەوێتەوە؟**

**تارق هاشمی:** لەگەڵ رێزم بۆ ئارەزووی سەرۆک بارزانی برام ، کە سوورە لەسەر دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە قەیرانی سیاسی عێراق، هیواخوازیشم ئەو هەوڵانەی سەربگرن، بەڵام قەیرانی ئێستای عێراق لە رادەبەدەر ئاڵۆزبووە، هاوکات راستییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان سەری هەڵداوەو داوای دەرکردنی مالیکی دەکات لە دەسەڵات ، بۆیە بە ئەستەمی دەبینم رێگەچارەیەک بۆ قەیرانی عێراق لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکی لەوشێوەیەدا بدۆزرێتەوە. حەزدەکەم نفوز و دەسەڵاتی ئێرانیشت لەبیرنەچێ کە بەردەوام لە گەورەبووندایەو ئەوەش تەحەددایەکی مەترسیدارە کە رووبەڕووی عێراق بووەتەوە و ناشزانم چۆن دەکرێ رووبەڕووی ئەو مەترسییە ببینەوە و جارێکی دیکە سەروەری عێراق بەدەست بێنینەوە لە رێگەی دەستپێشخەریەک یاخود کۆنگرەیەکی نیشتمانی، ئەوە ئیدی مومکین نییە .

**ڕووداو : عێراق لە چوارچێوەی ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ تێیدایە بەرەو کوێ دەڕوات ، دووبارە سەرهەڵدانی شەڕی تایفەگەری یاخود دابەشبوون یان چی؟**

**تارق هاشمی:** نامەوێ رەشبین بم و پڕ بەدڵ لە خودا دەپاڕێمەوە هەرچی زووترە عێراق لەو قەیرانە دەرباز بکات، بەڵام لە راستیدا ئاماژەکان مرۆڤ تووشی ئەوپەڕی دڵەڕاوکێ دەکەن. هەموو ئەگەرەکانیش کراوەن ئەگەر رێگە بدرێت مالیکی لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە بە پێچەوانەی ویستی هەمووان، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم دوورخستنەوەی مالیکی لە دەسەڵات ئەگەری گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی لەسەر بابەتە ناکۆکی لەسەرەکان زیاتر دەکات ، پێویستە هەوڵەکان لەپێناو دوورخستنەوەی مالیکی لە دەسەڵات چڕ بکرێنەوەو هەلی ئەنجامدانی ئەو کارەش ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاترە، بەهۆی بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە ئێستا لە عێراق سەریهەڵداوە.

**ڕووداو: لە پاش رووخانی رژێمی بەعس ، کورد پێشنیازی پێکهێنانی هەرێمێکی سوننەی کرد، بەڵام سوننە ئەو پێشنیازەیان رەتکردەوە، بە رای تۆ ئەو رەتکردنەوەیە هەڵە نەبوو؟**

**تارق هاشمی:** کاتێک راستییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت هەڵوێستەکانیش بە هەمانشێوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەڵوێستمان بە رەتکردنەوەی پێکهێنانی هەرێمێکی تایبەت بە سوننە کە هاوکاتبوو لەگەڵ داڕشتنی دەستووری عێراق لە ساڵی 2005دا هەڵوێستێکی دروستبوو، لە هەمانکاتدا رازیبوونمان بە پێکهێنانی ئەو هەرێمە لە ساڵی 2011دا دیسان دروستبوو، هەر رووداوێک هەڵوێستی تایبەت و گونجاوی خۆی دەوێت، لە سیاسەتدا دروست و نادروستەکان بۆ هەتاهەتایی وەک خۆیان نامێننەوەو هەڵوێستەکان نەگۆڕ نین.

**ڕووداو: ئەگەر تائێستا لە عێراق بوویتایە هاوکات لەگەڵ ئەو رەوشەی کە سوننە پێیدا تێدەپەڕن، هەڵوێستت چ دەبوو؟**

**تارق هاشمی:** رەوشەکە زۆر ئاڵۆزە و من لە راستیدا بەزەییم بە سیاسەتمەدارە دڵسۆزەکاندا دێتەوە کە بژارەی زۆریان لە پێش نەماوە، هاوکات من پڕۆژەی تایبەت بە خۆم هەیە بۆ عێراقێکی سەرکەوتوو کە پێویستی بە بڕیاری زەحمەتە و پشت بە بزووتنەوەی جەماوەری دەبەستێت .

**ڕووداو: کەی دەگەڕێیەوە بۆ عێراق؟**

**تارق هاشمی:** با وەڵامی ئەو پرسیارە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەهاتنەوەم موفاجەئە بۆ هەمووان دروستدەکەم، چونکە من لەناکاو و لەکاتی گونجاودا ، لەگەڵ رەخسانی یەکەم هەل بەبێ دواکەوتن دەگەڕێمەوە عێراق.

**ڕووداو: لەگەڵ هەموو ئەو رووداوانەی کە روویانداوە و روودەدەن لە عێراق بەتایبەت پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی 2011، بە بۆچوونی تۆ دەرچوونی ئەو هێزە دەرچوونێکی بەرپرسیارانە بوو؟**

**تارق هاشمی:** ناکۆکییەکە لەسەر پێناسەی دەستەواژەی دەرچوونی بەرپرسیارانەیە کە ئایا مەبەست لەو دەستەواژەیە چییە؟ چونکە پێناسەی ئەمریکییەکان بۆ ئەو دەستەواژەیە جیاوازە لەگەڵ پێناسەی ئێمە بۆ دەستەواژەکە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بەوشێوەیە بخرێتەڕوو کە ئایا ئەمریکا هەموو ئەو بەڵێنانەی کە بە گەلی عێراقی دابوون لە ساڵی 2003 جێبەجێیکردن یاخود نا؟، وەڵامەکە بێگومان بە نەخێر دەبێ، بۆیە رۆڵی ئەمریکا لە عێراق بە گشتی نابەرپرسیارانە بوو، نەک تەنیا کشانەوەی هێزەکانی.

**ڕووداو: بڕیارە لە مانگی نیسانی داهاتوودا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەستپێبکات، ئایا لیستێک بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە پێکدێنن یاخود نا؟**

**تارق هاشمی:** بزووتنەوەی نوێبوونەوە کە من سەرۆکایەتی دەکەم، بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ناکات ، بەهەرحاڵ هەڵبژاردن لە عێراقدا بەهای خۆی لە دەستداوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسی چەقبەستوودا، کە لە رێڕەوی خۆی لایداوەو لە هۆکارێک بۆ بنیاتنانی دیموکراسی راستەقینەوە گۆڕاوە بۆ ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دیکتاتۆری و داپۆشینی گەندەڵی.

**ڕووداو: وەک سەرکردەیەک کە نەتەوێ هیچ شتێک لە رای گشتی بشاریەوە، ئەوکاتەی چاوتان بە مالیکی دەکەوت، چۆن باسی کوردی دەکرد؟**

**تارق هاشمی :** هەندێکجار لە چوارچێوەی دەستەی سەرۆکایەتی یان ئەنجوومەنی سیاسیدا چاومان بە یەکتر دەکەوت، بەڵام لەنێوان ساڵانی 2006 تاوەکو 2011 تەنیا سێ جار پێکەوە بە تەنیا دانیشتووین، رای مالیکی لەسەر ئەم یان ئەو لایەن لە هەڵسوکەوتیدا بەرامبەر ئەو لایەنە دەردەکەوێت ، بەکورتی مالیکی لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی نەخۆشە و شەیدای دەسەڵاتە و گوێ لە بەرامبەر ناگرێت و دانی پێدانانێت ، مالیکی لەپێناو خولیاکانی ئامادەیە کام گوناهی گەورەیە بیکات.



> مالیکی لەپێناو خولیاکانی ئامادەیە گوناهی گەورە بکات

> زەحمەتە دەستپێشخەری بارزانی رێگەچارەیەک بۆ قەیرانی عێراق بدۆزێتەوە

> رەتکردنەوە و رازیبوونمان بە پێکهێنانی هەرێمێکی تایبەت بە سوننە هەردووکیان دروستبوون

> پڕۆژەی تایبەتی خۆم هەیە بۆ عێراقێکی سەرکەوتوو

---

## حەسەن سنێد، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق:

# تائێستا باسی چوونی مالیکی بۆ هەولێر نەکراوە

**بە کەسێکی زۆر نزیک لە نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەژمار دەکرێت، وەک زۆر لە سەرکردەکانی شیعە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ئاوارەی ئێران بووەو لەوێ چەند خولێکی سەربازی بینیوە، حەسەن سنێد، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق و هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەیە. (ڕووداو) لە شاری بەغدا ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.**

**هەڤپەیڤین: سەمین موفتی**

**ڕووداو: ئێستا هەوڵی دەستپێشخەرییەک لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لەعێراق ، نووری مالیکی سەرۆک وەزیران ئامادەیە بۆ دانوستاندن و چوونە هەولێر؟**

**حەسەن سنێد:** هەر دەستپێشخەرییەک بۆ نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ لەهەر لایەنێکەوە بێت، هەنگاوێکی باشە . بەڕێز مالیکیش لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتیمانی و حیزبی دەعوە بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی سیاسی فراوان کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، جا چ کێشەی هەرێمی کوردستان بێت لەگەڵ عێراق یان کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان بێت . پێویستە سەرجەم کێشەکان بخەینە سەر مێزی گفتوگۆ و بەپێی دەستوور هەرکەس و لایەنێک مافی خۆی وەربگرێت، بۆیە هەر جۆرە بانگهێشتێکی لەوشێوەیە پێموایە گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق.

**ڕووداو: بڕیارە مالیکی سەردانی هەولێر بکات؟**

**حەسەن سنێد:** بڕیاری چوونی مالیکی بۆ کوردستان تائێستا بە شێوەیەکی فەرمی باس نەکراوە، ئەگەر ئەو مەسەلەیە بە فەرمی باس بکرێت، بڕیاریش لەسەر ئاستی بەرپرسانیش دەدرێت بۆ بەشداریکردن لەهەر گفتوگۆکردن و دانوستاندنێک، جا لە هەر شوێنێک بێت، لە هەولێر یا بەغدا یان هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق.

**ڕووداو: پرسی نەوت بۆ هێندە قووڵ و ئاڵۆزبووە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغدا؟**

**حەسەن سنێد:** هۆکاری هەموو ئەو ئاڵۆزیانە خراپ خوێندنەوەی دەستوورە. دەستوور بواری فراوانی بەجێهێشتووە بۆ خوێندنەوەی تایبەتی بەپێی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان. من پێموایە کە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆ لەنێوان ئیدارەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی نەوتی فیدراڵ پێویستە، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر زەمینەیەک کە هەردوولا لەسەری رێکبکەون، ئەوە رێگەیەکی راستەوخۆ و گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. هەروەها من پێموایە کە ئەو کێشانە بەرێوەن و گرێیەکی وەها گەورەش بە ئاسانی و بەبێ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەند چارەسەر نابێت.

**ڕووداو: مالیکی بۆچی ماددەی 140 جێبەجێ ناکات، ئایا ئەزموونی دوو خول واتە هەشت ساڵ وەک سەرۆک وەزیران بەس نییە بۆ دەرخستنی نیەتی جێبەجێکردنەکە؟**

**حەسەن سنێد:** بەڕێز مالیکی لەو ساڵانەدا هەموو هەوڵێکیداوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140، هەمیشە ئەنجوومەنی وەزیران بودجەی ناردووە بۆ لیژنەی ماددەی 140 . ئەو ماددەیە بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەستپێدەکات، پاشان سەرژمێری و ئینجا ریفراندۆم. من پێموایە هەوڵەکانی حکومەت بووەتە هۆی ئاساییکردنەوەی باری ئەو ناوچانەو ئەو کەسانەی دەرکرابوون و ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە قەرەبووکراونەتەوە و ئێستاش کاتی ئەوەیە برۆینە قۆناغی دووەم کە ئەویش دیاریکردنی سنووری پارێزگاکانە، کە بەشێکن لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ئەمەش ئەرکی سەرۆکایەتی کۆمارە نەک سەرۆک وەزیران، ئێستا قۆناغی سەرژمێریە کە دەبێ لە کەرکووک و سەرجەم ناوچەکانی عێراق ئەنجامبدرێت، کەواتە بە بۆچوونی من بەڕێز مالیکی هیچ کارێک نەماوە نەیکردبێ لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خۆیدا. ئەوەی ماوە بکرێت دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمار و وەزارەتی پلاندانان و ، فرێدانی تۆپەکە بۆ گۆڕەپانی مالیکی کارێکی راست نییە .

**ڕووداو: هەست ناکەن کورد بێهیوابووە لە بەڵێن و رێککەوتنەکانی لەگەڵ نوری مالیکی، بەوەی کە چەندین رێککەوتن ئەنجامدران ، بەڵام دەگوترێت مالیکی پابەندی رێککەوتنەکان نابێت؟**

**حەسەن سنێد:** بە گشتی پرۆسەی سیاسی نەگەیشتووەتە دۆخی نائومێدی و بێ هیوایی. هەر بۆیە بانگهێشتی گفتوگۆ و دیدێکی سیاسی هاوبەش دەکەین . ئێستا کێشەی پێشمەرگەو سوپای عێراق بەرەو چارەسەر دەڕوات . هەروەها داواکاری هەیە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان ئیدارەی نەوتی هەرێمی کوردستان و فیدراڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوولا. هەر لەبەرئەوە من پێموایە گرفتەکان بەرەو چارەسەرکردن دەڕۆن، نەک بەرەو ئاڵۆزبوون و پشێوی زیاتر.

**ڕووداو: ئەگەرگفتوگۆی نوێ دەستپێبکەنەوە و بەڕێز مالیکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینێ چی تازەی پێدەبێت؟**

**حەسەن سنێد:** شتی نوێ ئەوەیە کە پابەندی دەستوور بین، ئەگەر مافت هەیە ئەوا بەپێی دەستوور دەتدەمێ. ئەگەر منیش مافێکم هەیە، ئەوا بەپێی دەستوور لێتدەستێنم. نامەوێ مافی دەستووری کەس پێشێلبکەم. کوردستان مافی دەستووری خۆی بە تەواوی و بەبێ کەموکوڕی وەردەگرێت . عێراق و پارێزگاکانیش مافی دەستووری خۆیان بەبێ کەموکوڕی وەردەگرن. ئەگەر باوەڕمان بەو هاوکێشەیە هێنا، ئەوا ئاسۆی هاوکاری لەنێوان هەردوولا دەکرێتەوە .

**ڕووداو: ئەگەر هەرێمی کوردستان، سەربەخۆیی رابگەیێنێ، ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

**حەسەن سنێد:** کوردستان هەڵوێستی خۆی دیاریکردووە بەوەی بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ. دەستووریش باس لە عێراقێکی دیموکراتی دەستووری پەرلەمانی فیدراڵی دەکات. تائێستا لە هیچ سەرکردەیەکی خاوەن پلەی کوردمان نەبیستووە باس لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بکات. بەڵام کەسیش نکۆڵی لەوە ناکات کە گەلی کورد هەیە، زمانی کوردی هەیە، کولتووری کوردی و مێژووی کوردی هەیە. بەڵام ئەم مێژووە بە هیچ شێوەیەک دانەبڕاوە لە مێژووی واقیعی سیاسی عێراق. هەتا ئەم ساتە کوردستان بەشێکە لە عێراق و دەسەڵاتی هەرێمی خۆی هەیە بەپێی دەستوور.



> لە هیچ سەرکردەیەکی کوردمان نەبیستووە باس لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بکات

> هۆکاری کێشەکانی نەوت دەستوورە

> پڕۆسەی سیاسی لە عێراق نەگەیشتووەتە دۆخی نائومێدی

> هیچ کارێک نەماوە مالیکی نەیکات بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140

# دیوەکەی دیکەی شۆڕش

نووری بێخاڵی
ڕووداو — ڕۆژئاوای کوردستان

بۆ کەسێک یەکەم جاری بێت و بەبێ ڤیزا بچێتە ناو سنووری دەوڵەتێک ، کە شەڕ و شۆڕش تەنیبێتییەوە، هەروا ئاسان نییە، بە تایبەت کە هیچ بستێکی ئەو سەرزەمینە شارەزا نەبێت . ئاخر هەمووکات زانینی زمان مەرج نییە بۆ ڕاهاتن و خۆ دەربازکردن، کە لەو شوێنەدا کوشتن شوێنی هەموو زمانێکی گرتبێتەوە و لەناو ئەو هەموو ململانێ سیاسی و کیبرکێ ئایدیۆلۆژییانە و ویستی دەسەڵاتگەرایی هێزە سیاسییەکان، گومانێک بەسە بۆ ئەوەی ببیە کۆچی قوربانی. بۆیە ئەو کەسە هەمیشە لەگەڵ ترس لە پەڕینەوە گینگڵ دەدات.

بۆ ئێمە کە بە کارێکی ڕۆژنامەڤانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە باشوورەوە بۆ ڕۆژئاوا بەڕێکەوتین، ڕەوشەکە بەوجۆرەبوو. ڕاستە کارئاسانی پەڕینەوەمان بۆکرا، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەڤان بووین، لەبەری ئەوبەری ڕووبارەکەشەوە هەندێ دۆست چاوەڕوانمان بوون، بەڵام هێشتا لەوە دڵنیانیت، کە ئاراستەی کارەکانت سەر بەرەو کوێ دەکێشن .

کاژێر 10ی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە 2/24/ 2013 لە خاڵی سنووری پێشخابوور، بە پشتی بەلەمێک پەڕینەوە بەری ڕۆژئاوای کوردستان ، لەگەڵ دابەزینمان، هەرچەندە بەرپرسێکی ئەودیوە هاوڕێمان بوو و لەوێش هەندێ دۆستی کاربەدەست چاوەڕوانمان بوون ، کەچی لەگەڵ دابەزینمان گەنجێک، کە جلێکی ڕەشی سەربازی (هەر لەوانەی هەندێ هێزی ئەمنی لای خۆمان)ی لەبەردابوو، فەرمانی پشکنینی جانتاکانمانیدا، دوای ئەوەی بە بینینی کەلوپەلەکانمانەوە دڵنیابوو لەوەی ڕۆژنامەنووسین ، ڕێگەی داین بڕۆین.


" لە ڕۆژئاوای کوردستان دەسەڵاتدارانی پێشوو ماون، بەڵام دەمامکێکی نوێیان پۆشیوە"
(فۆتۆ: ڕووداو)

## گواستنەوەی نەوت بە هەواوە

لە کەناری ڕووبارەکە، هەندێ کرێکار و کۆڵکێش ، سەرقاڵی دابەزاندنی ئەو کەلوپەل و خۆراک و پێداویستییانەن، کە بەسەرپشتی گەمییەکانەوە وەک کۆمەک لە باشوورەوە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان نێردراون و دەیانگوازنەوە ناو ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی لە کەنار ڕووبارەکەوە بە تەنیشت یەکەوە ڕیزیان بەستووە و وەک دوو عاشق و مەعشوق لەگەڵ بەلەمەکان دەم بە بێنی یەکترییەوە دەنێن . بەسەر سەری ئەو حەشاماتەشەوە، لە ڕێگەی دوو بۆڕی پلاستیکی گەورەوە، لە وێستگەیەکی سووتەمەنی بەری باشوورەوە نەوت و گاز و بەنزین بۆ ناو تانکەرەکانی بەری ڕۆژئاوا بە هەواوە دەگوازرێتەوە.

خەڵکێکی زۆر، خێزانی ماندوو، منداڵی خەواڵوو و سەرما بردەڵە، هەرزە و تۆلاز و گەنجی هەناسەسوار، دەموچاوی شین و سوور و مۆر هەڵگەڕاو، لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مۆڵەتی پەڕینەوەدان بۆ باشوور، لەبەر دەرگای کابینەکانی (لیژنەی دەستەیا بلند یا کورد) بێتاقەتی دەیانخواتەوە. مێردمنداڵی دەستگێڕ و وردەواڵەفرۆش بەدوای چنینەوەی بەری ڕۆژانەی ماندووبوون بەو ناوەدا دەسووڕێنەوە ، لەناو جەرگەی قەرەباڵغییەکەشدا کەسانێک هەر یەکە و مێزێکی بچووکی لەبەردەمدایە و کاری فرۆشتنی سیم کارتی مۆبایل و جگەرە و گۆڕینەوەی پارە دەکەن. لە بەرزاییەکدا و بە چەند مەترێک دوور لە کابینەکان و ئاپۆرای خەڵک، بارەگایەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG، بەسەر ئەو ناوە نیگابانە و چاودێری ورد و درشتی جوڵەکانی ئەو ناوە دەکەن . لە ڕووخساردا دەستەیەکی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی ناو (دەستەیا بلند) هەیە، کە کارەکانی خەڵک و ئەو ناوە ڕایی دەکەن، بەڵام واقیعەکە شتێکی دیکەیە!

## دیمەنەکان و بیرەوەری

دیمەنەکانی سەر سنوور لە چاوەڕوانی خەڵکێک بۆ دەربازبوون و پەڕینەوە و ڕاکردن لە مۆتەکەی شەڕ.. تامەزرۆیی خەڵکانێکی دیکە بۆ دەستگەیشتن بە کۆمەک، هەناسەسواری دوای ڕاکە ڕاکە و هەڵاتنی زۆر لە ترسی مەرگ و چاوەڕوانی بەشێک بۆ بیستنی هەواڵی ئازیزان و زۆر دیمەنی دیکە ، تەواو دیمەنەکانی سەردەمی کۆڕەوی ملیۆنی باشووری کوردستانمان بیر دەخەنەوە. جیاوازییەکە ئەوەیە ئێمە بە ژن و پیاو، پیر و گەنج و منداڵ، بەر شەقی پاسدار و جەندرمە دەکەوتین ، تاوەکو ئاودیو دەبووین ، بەڵام ئەوەی ئێرە سەربازێکی نامۆی دوژمن بە خودە و پۆستاڵەوە نابینی ، ئەوەی هەیە تەنیا مۆڕەکردنێکی ئایدیۆلۆژی ئەم و ئەوە لە یەکتری و بەس. وەکوتر لەناو ئاواییەکاندا، دیمەنەکانی نەبوونی خزمەتگوزاری، بێکارەبایی، بەدخۆراکی ، خراپی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەیی، ڕاکە ڕاکەی دوای نان و ژیان، کۆڵان و شەقامی سەرشار لە پاشماوەی زبڵ و خاشاک، هەژاری و هەموو ئەوانە و زۆر شتی دیکە ، ڕێک دیمەنەکانی دوای ڕاپەڕینی خۆمانمان بیردێننەوە.

لەگەڵ دۆستێکماندا، کە خەڵکی دێرک بوو بەڕێکەوتین، ڕێگەی پڕ کەند و چاڵ و چۆڵ و بەرز و نزمی و لە هەندێ شوێنیشدا لوولپێچ ، ڕیزی تانکەری سووتەمەنی، بارهەڵگر، تاک تاک ئۆتۆمبێل، بەتاڵ و بەسەرنشینەوە لە هاتن و چووندابوون.

چەند سەد مەترێک لووتت دەچێ بە لووتی بارگەیەکی هێزەکانی YPGدا ، کە بە شوێنەوارەکەیەوە دیارە، پێشتر مۆڵگەی سەربازەکانی ڕژێمی ئەسەد بووە لە ڕۆژئاوای بارگەکەش لەسەر تەپۆلکەیەکی بەرز ئاڵایەکی YPG بەسەر قوللەیەکەوە دەشەکێتەوە، دوای ڕاگرتن و پرسیار و سۆراخ، ڕێگەی ڕۆیشتنمان پێدەدرێت . کەمێکی دیکە دەڕۆین و لە دووڕیانێکدا ، کە لە گۆڕەپانێکی ئەو ناوە تەرمینالێکی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی خەڵک و بارهەڵگرەکان هەیە، بە دەستە ڕاستدا مل بە ڕێگەیەکی دوور و درێژدا دەنێین، ڕاست و چەپ و بەردەممان دەشتاییەکی بێ کۆتایی، لە ڕەنگی بەهاری خۆیدا هەر لە دەریایەکی مەندی سەوزڕەنگ دەکات، کە ژێرەوەی لە قەوزە سواخ درابێت، با کەرۆیشکە بە گیاو گوڵ و گەنم و جۆی تازە سەرکردوو دەکات ، ئەو زەوییانەی تائێستا عەرەبی مەغموری خاوەنیانن، ئەو عەرەبانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی بە عەرەبکردندا هێنراونەتە ئاواییەکانی کوردستان و تائێستاش خاوەن ماڵن، بۆ پشوودانێکی کورت لا دەدەینە گوندی شێرک و لەوێ دوو دۆست چاوەڕێمان دەکەن، تاوەکو هاوڕێمان بن بۆ دێرک.

## گەنجینەی سووریا لە کوردستان

قاوەیەک بەبەر خۆرەتاو دەخۆینەوە و گفتوگۆیەکی دۆستانە دەکەین و دواتر جانتا و کەلوپەلەکانمان دەخەینە ئۆتۆمبێلی دوو هاوڕێ نوێیەکە و ماڵئاوایی دەکەین و بەرە و دێرک بەڕێدەکەوین، لە دامێنی گوندەکە دیمەنی چەند تاوێرە بەردێک، کە نەخشی سروشتن سەرنجمان بۆخۆیان دەبەن، بست بست ناوی ئاواییەکان و بە گوێرەی پێویست ، چیرۆک و سەربردەکانیان دەژنەوین، بە ڕێگاوەین و لە دووری دوورەوە و لە بەرزاییەک تارمایی عەمباری گەورە و ڕیزێک خانوو و بینایە و کارگەیەکی گەورە و چەندین لوولەی گڕ دەبینرێن ، کە بە ئاسمانەوە بەرزدەبنەوە و نێڵە دەدەن ، ئەوێش کێڵگە نەوتییەکانی (ڕمێلان)ن، کە گەنجینەی سووریان . بە دامێنی چیای قەرەچووخەوە ڕەتدەبین ، هەر هەنگاوێک و بیرێکی نەوت و ترۆمپایەکی بەسەرەوە، کە کار ناکەن، دانە دانەیەکیان نەبێ لێرە و لەوێ ، وەک پیاوێکی ماندوو، تەنیا و بێتاقەت، کە بە تەور و پاچ زەوییەکەی دەکێڵێ ، جار جار بە ناخی زەویدا ڕوودەچن و بەرز دەبنەوە، تەنیا بۆ ئەوەی نەوتی خاو لە بۆڕییەکاندا نەمەیی. تاوەکو چاوت بڕەدەکات بیری نەوت و ترومپای وەستاوە، لە سەری قەرەچووخیشەوە هەمان دیمەن.

## لەنێوان دوو گوندی کورددا سێ گوندی تەعریب

لە کۆتایی زنجیرە چیاکە و لەسەر لووتکەیەکدا مەزاری (نایف پاشای) سەرۆک خێڵی کۆچەری میران دەبینرێت ، کە بەسەر ئەو پێدەشتانەدا دەڕوانێت . گوندی (خان سەرێ) دەرباز دەکەین و تاوەکو دێت لە دێرک نزیکدەبینەوە، لەنێوان هەر گوندێک و گوندێکی دیکەی کورداندا، دوو تا سێ گوندی عەرەبی مەغموری (تەعریب) دێنە ڕێگەت ، ناوە ناوەش بارگەکانی YPG دێنە ڕێگەمان و بۆ ناویش ، لە هەندێکیاندا ئاڵای دەستەیا بلند یا کورد هەڵدراوە. زۆربەی ئەو چەکدارانەی لە بارگەکانن هەرزە و تۆلازن و بە پانتۆڵێکی کاوبۆ و بلوزێکەوە و بە کلاشینکۆف و جی 3، دوو دوو لەم بەر و ئەوبەری شەقامە سەرەکییەکە وەستاون، بەشێکیشیان ڕیش ماش و برنجی جامانەیەکیان لە ملیان ئاڵاندووە و ئەوانیش هەر بە پانتۆڵی کاوبۆ و بلوز و پاڵتۆی هەمەجۆر، بەهۆی بارستەی کۆنکرێتی و هەندێ هێمای هاتووچۆ و لە زۆر شوێنیشدا بە تەپۆلکەی دەستکردی گڵ و خۆڵ، شەقامەکەیان دووکەرت و پێچاوپێچ کردووە و ڕێبواران ڕادەگرن و ئۆتۆمبێلەکان دەپشکنن. بە درێژایی ڕێگاکە لێرە و لەوێ و لە قەراخی ڕێگاکە گەنج و هەندێ مێرمنداڵ بە دیار دەبەی بەنزینی فەلەوە دانیشتوون ، دیمەنێک کە لە سەر ڕێگەی سەرەکی و تەنانەت ناو بازاڕی زۆر لەو گوند و شار و شارۆچکانەی سەردانمان کردن دووبارە دەبنەوە. دەگەینە دێرک و لە بارەگایەک کەمێک پشوو دەدەین. پیاسەیەک بەناو بازاڕدا دەکەین، خەڵک ماندوو و چاوەڕوان، زۆربەیان ناڕاستەوخۆ مۆڕە لەیەک دەکەن، سیاسی و حیزبییەکانیان دەدوێنی گلەیی لە یەکتری دەکەن، بەڵام شتێک کە مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە، کە لەسەر ئەوە کۆکن دان بە خۆیاندا بگرن و ئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆیی و براکوژی باشوور لەوێ دووبارە نەبێتەوە، هەرچەندە هەندێ حیزب بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە کادیر و سەرکردەکانیان لەلایەن فلان حیزب و فیسارە هێزەوە تیرۆرکراون، یان ڕفێنراون و ڕۆژانەش چاودێری جموجۆڵی ئەندام و لایەنگر و هەوادارانیان دەکرێت، ئەو ڕەخنەیەش زیاتر ڕووی لە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD یە ، بەڵام دیوی جوانی ئەو ململانێیە دان بەخۆداگرتنە .

بۆ ئێوارەکەی بەرەو شاری ئامودە دەکەوینە ڕێ، دیسانەوە گوندێک و گوندێکی دیکەی مەغموریان و ناوە ناوەش بارگەی هێزەکانی YPG، تاوەکو چاو بڕ دەکات دەشتی کاکی بە کاکی سەوزی ئاودامان لە بەروبوومی دانەوێڵە، کە وەرزی خەرمانانیش دێت ، بەرەکەی دەچێتە قوڕگی مەغمورییەکان و خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئەو زەوی و پێدەشتە بە پیت و فەڕانەش، بۆ ڕبەیەک گەنم و جۆ دەچنەوە بەردەم دووکانی عەللافی مەغمورییەکان!

لە کۆمەڵگەی ڕمێلانەوە بۆ گوندی چل ئاغا و تاوەکو تربەسپی، هەستناکەی لە وڵاتێکدا بیت شۆڕشی تێدا بگوزەرێت. دیواری دەر و دەروازە و ناو بازاڕ و دامەزراوە حکومییەکانی بە وێنەی ئەسەدی باوک و کوڕ و ئاڵاکانی سووریا و دروشمەکانی بەعس تەنراون و لۆچیان نەکردووە. لە تربەسپی، خانوو و کۆشکەکان و موڵک و ماڵی دەستبەسەرداگیراوی بنەماڵەی حاجۆ، تەنیا و کش و مات، بەسەر قەراخی شەقامی سەرەکییەوە، چاوی گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ڕێبوارەکان دەگێڕن و لە بۆسەی ژنەوتنی موژدەیەکن لە ڕۆڵەکانیان و کەسیش نییە جێدەستی نەگریسی دروشم و لافیتەکانی ڕژێم لە تەوێڵیان بشواتەوە.

## موخابەرات لە قامشلۆ

لە شاری قامشلۆ نزیکدەبینەوە و دەستمان لەسەر دڵمانە، چاو بە ڕاست و چەپی ڕێگە سەرەکییەکەدا دەگێڕین، ئاخۆ چۆن دەرو و دەروازەیەک بۆ دزەکردن بدۆزینەوە، تاوەکو لە بارگەی ئاسایش سەربازی (الامن العسکری) ڕژێم قورتارمان بێت. ناچار خۆمان دوادەخەین و چاوەڕێی داکەوتنی تاریکی دەکەین، تاوەکو لەو دەشتاییانە و بەناو کێڵگە و مەزراکاندا تولەڕێیەک دەدۆزینەوە و شوێن چرای کزی ڕێبوارێکی دیکەی دزەکردوو دەکەوین، بۆ ئەوەی بچینە قامشلۆ. ئەو ترسەش دەربازدەکەین و لەوسەری شارەوە دزە دەکەین و دەچینەوە سەر ڕێی سەرەکی ئامودە. 20 کیلۆمەتر لە دوای قامشلۆ دەبڕین و سەر بە شارێکی نووتەکدا دەکەین، شارێک تاریکی تێدا ڕژاوە و کارەبا وەک بەختە باران ڕوو لە ماڵەکانی دەکات. وەک میوانێکی ناوەخت سەر بە ماڵی دۆستێکدا دەکەین و نان و ماست و چایەک دەخۆین، پلان بۆ کاری بەیانی دادەنێین. دوای تەلەفۆنێک و ڕووخسەت وەرگرتن، سەرێکی ماڵی شەیدای هونەرمەندی خاوەنی (تو نزانی) دەدەین.

## لەسەر گۆڕی منداڵەکان

لە کۆڵانێکی لاچەپی ئامودە و لەناو خانووێکی سادە، لە ژوورێکی تەنگەبەردا ، کە دەنگی مۆسیقای لێدێت، گیتارێک و ئامێرەکانی دەنگ و مۆنتاژ، لەسەر مێزێک باوەشیان بە جامی ستۆدیۆیەکی بچووکدا کردووە، لەوێ قسە لەسەر هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەکەین. شەو ڕادەکشێ و دەچینەوە ماڵی دۆستەکەمان و بەیانی دەچین لە باخچەی شەهیدان، بۆن بە بۆسۆی سینەمای ئامودەدا دەکەین و سەرێک لە گۆڕی منداڵە جوانەمەرگەکان دەدەین و چیرۆکی مردنیان دەژنەوین. پشووێک دەدەین و دەچین لە زاری جگەرگۆشەکانی، سۆراخی مێژووی ئامودە دەکەین. دوای ئەوە لە شەقامی شارەوانیدا دەبینە میوانی هونەرمەند محەممەد سەباح ، لە ژێرزەمینێکدا و لەناو دووکانێکی ئاسنگەریدا، لاپەڕەکانی ژیانی هەڵدەدەینەوە .

3000 کاری وردی هونەری هەڵکۆڵین و 17 پەرتووک لە بواری ئەدەب و مێژوو و ئەرکیۆلۆژیدا بەرهەمی چل ساڵ کارکردنی ئەو پیاوەن ، کە بە سەر و سیمای، هەر لەو سەربازە ماندووە دەچێت لە جەنگێکی درێژ گەڕابێتەوە، دوای ئەو دیدەنییە، بۆ شەوەکەی ڕێی قامشلۆ دەگرینەوەبەر.

## لە ڕۆژئاوا شۆڕش نییە!

ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ هەندێ کەس مایەی پێکەنین و بۆ هەندێکی دیکە مایەی تووڕەبوون و بۆ کەسانێکیش جێگەی سەرسوڕمان بێت، بەڵام وەک دەڵێن "دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە"، بۆیە تاوەکو نەچیتە ناو واقیعەکە و بە چاوی خۆت نەبینی، لە نهێنی ئەوە تێناگەی، کە بۆچی ڕۆژئاوای کوردستان نەشڵەژاوە. وەک چۆن لەوەش تێدەگەی ئەو دەیان هەزار کوردەی ڕۆژئاوای کوردستان کە ئاوارەی باشووری کوردستان بوونە، ئەوانەن کە لە شام و حەلەب و شارەکانی دیکە نیشتەجێبوون و ترسی شەڕ و کوشتن ناچاری سەر هەڵگرتنی کردوون، ئەگینا زۆربەی کوردانی گوند و شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەمرە و مەژیش بێت، لەسەر زێدی خۆیان ماون و دەژین.

ڕاستی ئەوەی، کە لە ڕۆژئاوای کوردستان شتێک نییە بە ناوی شۆڕش و تائێستاش بەعس و ڕژێمەکەی بە دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەکانییەوە هێشتا هەر بەپێوەن، ئەوکاتە دەردەکەوێت ، کە ڕوو دەکەیە قامشلۆ. بەتایبەتی کە بارگەی یەکەمی دەروازەی ئەو شارە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایشی سەربازی (الامن العسکری) ڕژێمدایە و بۆ چوونە ناوشار، بەتایبەتی بۆ کەسێک کە بە فەرمی نەچووبێتە سووریا و خەڵکی ئەوێ نەبێ، دەبێ بەناو زەویە کێڵدراو و مێرگ و بێشەڵانەکاندا و بە شێلانی قوڕێکی خەست و لە درزێکەوە دزە بکاتە ناو شار، مەگەر پێش چوونت بۆ ئەوێ هەماهەنگیت لەگەڵ YPG هەبێت و بە ئۆتۆمبێلی ئەوان و بێباک بە بەردەم بارگەکەدا ڕەتبی و کەسیش نەتوانێ پێتبڵێ : "ل پشتا چاڤێن دوو بری هەنە !".

چش لەوەی کە لە شارۆچکەی گرکێ لەگێ ڕەتدەبیت، ئیتر هەر لە گوندی چل ئاغاوە بگرە، تاوەکو دەگەیە کۆمەڵگەی ڕمێلان (کە تایبەتە بە خانووی کرێکار و کارمەندانی کێڵگەی نەوتی ڕمێلان) و شارۆچکەی تربەسپی، بێ ژمار وێنەی ئەسەدی باوک و کوڕ و ئاڵای سووریا و دروشمەکانی حیزبی بەعس بەسەر دار و دیوارەکانەوە دەبینی و لەنێوان ئەو شوێنانەشدا بارگەی YPG هەن.

لەنێو جەرگەی شارەکەدا جگە لەوەی پەیکەرەکانی ئەسەدی باوک و وێنە هەڵواسراوەکانی ئەسەدی باوک و کوڕ لەبەردەم دەزگاکاندا ماون و ئاڵاکانی سووریا بەسەر بینایەکانەوەن، تەواوی دامەزراوەکانی ڕژێم ماون و لە بارەگاکانیان دەوام دەکەن و بارستەی کۆنکرێتییان بە دەوری خۆیان هەڵچنیووە و پاسەوانیان لەبەر دەروزاەکاندا هەیە و چاودێری هاموشۆی خەڵک و هەر جوڵەیەکی نامۆ دەکەن، تەنیا شتێک ئەوەیە کە پێدەچێ بەهۆی ڕێککەوتنێکەوە نەتوانن تخوونی ئازاردانی خەڵک بکەون و تەنیا خۆیان بپارێزن. بە مانایەکی دیکە، ئەوان دەسەڵاتدارن، بەڵام دەسەڵاتەکەیان دەمامکێکی دیکەی پۆشیووە.

ڕوونتر بڵێین لەناو شاردا ئەوان لە ڕێگەی هێزێکی سیاسی چەکداری کوردییەوە حوکمڕانی دەکەن و بە دیوێکی دیکەدا هەر ئەوانیش دەیانپارێزن.

بەشێک لەو سیاسەتمەدارە کوردانەی قسەمان لەگەڵ کردن ، دەیانگوت قامشلۆ لە بنەڕەتدا کراوەتە ناوچەیەکی سەربازی تۆکمەی ڕژێم و فیرقەیەکی سەربازی و یەکەیەکی هێزی تایبەت و چەند کەتیبەیەکی تانک و زرێپۆش لە دەوروبەری شارەکە و بەتایبەتی لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی قامشلۆ جێگیرکراون.

## میدیای دووڕوو!

بەداخەوە زۆر لەو کەناڵە میدیاییە کوردییانەی باشووری کوردستان (بەتایبەتی تەلەڤزیۆنەکان)، کە پێشتر سەردانی ڕۆژئاوایان کردووە و ئێستاش جار جار ڕۆژڤەکانی ئەوێمان بۆ دەگوازنەوە، بە حوکمی باکگراوندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان و نزیکی بەرژەوەندییان لەگەڵ هێزێکی سیاسی کوردی دیاریکراوی ڕۆژئاوا، تەواوی دیمەنەکەیان نەگواستووەتەوە، یان لە بنەڕەتدا نایانەوێ دیوەکەی دیکەش بگوازنەوە، کە ئەو دەسەڵاتە دەمامکدراوەی ڕژێم و ئەدگارەکانییەتی. گواستنەوەی ڕووداوەکانی سەری کانیێ و هەندێ خۆپیشاندانی هاوبەشی شار و شارۆچکەکان بەتەنیا بەس نین، بۆ ئەوەی پێشانی بینەری بدەن، کە لەوێ ڕژێم نەماوە و ڕۆژئاوای کوردستان ئازادکراوە، لە کاتێکدا دڵی ڕۆژئاوا کە قامشلۆیە هێشتا تارمایی بەعسی بەسەرەوەیە و سێبەرەکانی بەناو کوچە و کۆڵانەکانیدا پیاسە دەکەن. چش لەو ڕووداوانەی لە شارەکانی عەفرین و کوبانێش ڕوودەدەن و ناگوازرێنەوە. ئەوە بۆیە کە دەتەوێ لەو شارە وێنە بگری، بۆت نییە نزیکی ئەو دەزگایانە ببیتەوە، یان بە دزیشەوە فرێمێکی دیمەنەکانی ئەو هەموو پەیکەر و وێنانەی ئەسەد و ئاڵا و دروشمەکانی بەعست هەبێت.

ئێمە کە لە پەناو پەسێوان و بە ترسەوە چووینە نێو قامشلۆ و شەو نەوێراین لە ئۆتێلێکدا بمێنینەوە و ناچار وەک میوانێکی ناوەختی ڕەزا قوڕس خۆمان کرد بەبار بەسەر خێزانێکی خانەدان و میهرەباندا، شەوەکەی بە تەلەفۆن ژوانی چەند بەرپرسێکی حیزبە کوردییەکانمان وەرگرت، یەکێک لەوانە بەڕێز ئاڵدار خەلیل، ئەندامی لیژنەی جێبەجێکاری تەڤگەرا چڤاکا دیموکرات بوو، کە لەسەر قسەی خۆی بڕیاربوو کاژێر 11 بەیانی ڕۆژی دواتر لە بارەگای دەستەیا بلند یا کورد ببینین ، کەچی بە بیانووی کۆبوونەوە، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە پرسگەکەیدا 11:40 خولەک بینیمان ، دوای بینینەکەش بە حوکمی پێگە و دەسەڵاتەکەی ، مۆڵەتی وێنەگرتنمان لەناو قامشلۆ لێوەرگرت . بۆ مێژووش، جگە لە پێدانی مۆڵەتێک بە نووسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان (کە مەبەست لێی هێزەکانی ئاسایشی YPGیە) ، ئامادەیی ئەوەیشی دەبڕی ئاسایشێکیشمان لەگەڵدا بنێرێت ، بەڵام ئێمە متمانەمان تەنیا بە نووسراوەکە کرد، کەچی ئەویش دادی نەداین و لە وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی سادەی ناوشار، هەندێ گەنج بە جلی مەدەنی و بەناوی ئاسایشەوە هاتن و ڕێگەی وێنەگرتنیان لێگرتین و ناچار ئەو ناوەمان بەجێهێشت و هەرچۆنێک بێت لەناو ئۆتۆمبێل و لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ شوێنی پشوودان بە دزییەوە هەندێ وێنەی ئێرە و ئەوێ بگرین . هەرچۆنێک بێت دەیکەینە شەو، سەری گەڕانەوە بۆ دێرک هەڵدەگرین . خۆشخەیاڵ بەوەی بە ئاسانی بارگەکەی ڕژێم دەبڕین، لە ماڵی دۆستێک بووین، کە هەواڵمان پێگەیشت سوپای ئازاد بڕیاری هێرشکردنە سەر گوندی چل ئاغا و تربەسپییان داوە و بۆ ئەوەش بەیاننامەیان بڵاوکردووەتەوە، ئیتر هێزەکانی ئاسایش جوڵەی زیاتریان تێکەوت، مێش بە بارگەکەی ئەمنی عەسکەری بەبێ پشکنین دەربازی نەدەبوو. دۆستێک بە تەلەفۆن ڕێنوێنی کردین، بۆ دەرچوون بە ڕێگەیەکی دیکەدا، کە دوو کیلۆمەترێک لە دووری بارگەکە و لە گوندی (ام الفرسان) ڕێگایەکی خۆڵی لاچەپ بە تەنیشت قوتابخانەی گوندەکە بەناو کێڵگە و مێرگ و بیشەڵانەکان هەیە و بە دەوری بارگەکە پێچ دەکاتەوە. چووینە شوێنەکە و 300 مەترێک ڕۆیشتین و ئۆتۆمبێلەکەمان لە قوڕدا چەقی و ناچار گەڕاینەوە سەر ڕێگەی سەرەکی. دۆستێکی دیکە هەر لەو ناوە ڕێگەیەکی نیشاندداین و ئەویش لەو خراپتر. سەرئەنجام دوو هاوەڵە دێرکییەکەمان، کە بەدرێژایی ئەو گەشتەمان یاوەرمان بوون، بەهۆی ئاشنایەتی ، پەیوەندییان بە کەسێکەوە کرد و دوای نیو کاژێر لەگەڵ گەنجێک گەیشتە لامان. کامێرا و ستاند و پێداویستییە ڕۆژنامەڤانییەکانمان خستنە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوان و دابەش بووین و لە پشت بارگەکە و بە دووری 3 کیلۆمەتر یەکتریمان گرتەوە و ڕووەوە دێرک کەوتینە ڕێ. بۆ بەیانییەکەی لە دێرک هەندێ کاری ڕۆژنامەڤانیمان ئەنجامدا و ئێوارەکەش گەڕاینەوە سەر سنوور و بە سواری بەلەمێک گەڕاینەوە باشووری کوردستان .

سەرنجڕاکێشترین دیمەن لە کۆتایی گەشتەکەماندا و لەسەر ڕووباری پێشخابوور ئەوەبوو، تاوەکو چوار فەردە ئاردی کۆمەک دەهێنرانە بەری ڕۆژئاوای کوردستان ، سەت کارتۆن پاکەتی جگەرە دەگەیشتن و لەبەری ڕۆژئاواش، تاوەکو چوار کەس مۆڵەتی پەڕینەوەیان دەدرا، سەت سەر مەڕ و بزن ئاودیوی لای خۆمان دەکران!

## دەستەیا بلند ناوێکی بێ نێوەڕۆک

(دەستەیا بلندا کورد)، کە گوایە بەرهەمی ڕێککەوتنی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریا و ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستانە، نێوەندی کاری هاوبەشی سیاسی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکانە، بەڵام بە قسەی هەندێ بەرپرسی ژمارەیەک حیزبی کوردی ، ئەو دەستەیە تەنیا ناوێکە و بەس ، جگە لەوەی هەندێ حیزب : حیزبی ئازادی، پارتی یەکێتی کورد لە سووریا وەک نموونە کە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردن، ئەندامی ئەو دەستەیە نین، هاوکات بەشێکیان گلەییان لە کاری دەستەکە و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی هەیە. وەکوتر هەر پەیوەست بەو دەستەیە و دەسەڵاتەکانی، لە کاتێکدا ئەندامەکەی تەڤگەرا جڤاکا دیموکرات باسی لەوەکرد، کە هێزەکانی YPG و ئاسایشی ناوشار لەژێر فەرمانی ئەو دەستەیەدان و هەر حیزبێکی کوردی بۆی هەیە لە ڕیزەکانی ئەو هێزەدا ئەندامی هەبێ و بەشداربێ لە ئەرک و چالاکییەکانی و هێزێک نییە تایبەت بە حیزبێکی سیاسی دیاریکراو، کەچی لە بەرامبەردا زۆربەی نوێنەری حیزبەکانی دیکەی ناو ئەو دەستەیە و دەرەوەی دەستەکە (جگە لە حیزبی یەکێتی — پارتی پێشڤەڕۆ)، گلەیی ئەوەیان هەبوو، کە YPG قۆرخکراوە و ئەوان پێشتر پێشنیازیان کردووە، کە ئەو هێزە هەڵبوەشێتەوە و لەجیاتی ئەو ، هێزێکی هاوبەش و ڕێکخراوی سەربازی و ئاسایشی کورد لە هەموو حیزبەکان و بەناوێکی دیکە دابمەزرێت و ئەرکی پاراستن و ئاسایش بگرێتە خۆی و لەژێر فەرمانی دەستەیا بلند دابێت، بەڵام بەرپرسانی ئەو هێزە پێشنیازەکەیان ڕەتکردووەتەوە . ئێستاش جگە لە YPG کە هێزی چەکداری PYDی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK یە، هیچ حیزبێکی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی ئەو دەستەیە هێزی چەکداری نییە، ئەو پاسەوانانەی کە هەشیانن بۆیان نییە لەناو بارەگای خۆیان بێنە دەر و تەنانەت لەبەر دەرگای بارەگای حیزبەکەی خۆشیان بە چەکەوە پاسەوانێتی بکەن.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ڕاپەڕوون

ئـــەوە داتاشـــینی من نییە، یادی بەخێر ، ئەوە بەهەشتیی مەحموود زامدار بوو، ناوی لە ڕاپەڕین نابوو ڕاپەڕوون. ئاخر کەم نەبـــوون ئەوانەی بەهۆی ڕاپەڕوونـــەوە، کولیچەیـــان کەوتە ڕۆنەوە. هەرچەندە زۆر زیاتربوون ئەوانەی کەوتنە سەر ساجی عەلی.

هەندێ کەســـیش دەیانگوت توخوا ئـــەوە ڕاپەڕین بوو یان لگاو؟ خۆ کەس فلسی پێنەما. ئاخر لە ئەنجامـــی ڕاپەڕیندا، هەنـــدێ کـــەس لات بـــوون، بەعزێکیش بوون بەلۆرت.

من و نانسی عەجرەم چەند لـــە یەکتری دەچیـــن ، وێنەی ئێستای هەر بەرپرسێکی کورد و وێنەی ســـەردەمی ڕاپەڕینی هەمـــان بەرپرســـیش هـــەر ئەوەندە شـــێوەی یەکن. نازانم ئەوە ڕاپەڕیـــن بوو یان کرێمی دەموچاو، وا هەموویان ســـپی و سۆڵ بوونەوە. ئەوە ڕاپەڕین بوو یان وانەی بیرکاری، ئاخر ئەوانەی دوو شەویان دەویست بۆئەوەی بزانن دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند، ئێســـتا هەلهەلە بە ملیۆن لێدەدەن.

ڕاپەڕیـــن بـــوو ئـــەوە یان زەڕەبین بـــوو و زەوی بچووک کـــردەوە، ئاخـــر ئەوانـــەی ئامادەبـــوون گیانـــی خۆیـــان بـــۆ هەموو کوردســـتان بکەنە قوربانی، ئێســـتا شـــەڕی مان و نەمان بۆ دوو ســـەت مەتری ڕوکن دەکەن.

ئای خوایە ئەوە ڕاپەڕین بوو یان حەبی کردنەوەی شەهییە، ئەی ئەوە نییە نزیکەی هەموو پیاوە قەڵەمییەکانی چیا، بوونە شـــاریی قەڵەو قەڵـــەو. ئەرێ ئەوە ڕاپەڕیـــن بـــوو یان حەبی ڤیاگرا ، ئاخر ئەوەی بە شەش مانگ جارێـــک ژنێکی نەدەدی و مێشـــێکی میـــوان نەبـــوو، ئێســـتا سێ چوار ژنی شەرعی و کۆمەڵێکـــی قاچاخی هەیە و هێشتاش خۆی پێمەغدوورە.

ئەوە ڕاپەڕین بـــوو کورینە یان خولی فێربوونی شۆفێری، ئەی نابینن ئەوەی لە هۆیەکانی گواســـتنەوەدا هـــەر مایـــین ســـواربببوو، ئێســـتا کە خانوو دەکات، دوو زەوی بەتاڵـــیش بـــۆ ســـەیارەکانی دەکرێـــت. ڕاپەڕیـــن بوو ئەوە یان ئامێری گەڕانەوەی زەمەن، ئەی توخوا ماقووڵە پیـــاو لە نەوەتویەکدا ســـەری ســـپی بووبێ کەچی ئێستا ســـەری وەک قۆنەرەی ڕۆغان ببریســـکێتەوە .زۆربەی خەڵـــک کۆکـــن کـــە ڕاپەڕین دووشـــەش بـــوو، ئاخـــر بۆ هەندێکیان دووشەش دەرچوو، بـــۆ بەعزێکیش دووشـــەش لە دەستیاندا تۆپی.

ڕەوانشاد جەوهەر نامیق بۆی گێڕاینەوە : لە مەجلیسێکدا لە چاپچییەکە وردبوومەوە ڕوانیم پێشـــمەرگەیەکی کۆنـــە، لێم پرســـی کابرا خێـــرە لێرە چی دەکەیت؟ وتـــی کاک جەوهەر گیان لە شـــوێنێک کاردەکەم هەموویـــان کۆنە بەعســـی و کۆنە جاش و کۆنە هینن، هەر من پێشـــمەرگەبووم و منیش چاپچیم.

Facebook.com/Goran.Muhemed



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەنگی پێی گەردەلوول

جموجـــۆڵ و کۆبوونەوەکانی هەفتەی رابـــردووی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان لـــە هەولێر و ســـلێمانی و ئەو قسە و وتارانەی کە لەو کۆبوونەوانەدا لە میدیاکانی ئەو حیزبەدا ڕەنگیاندایەوە، پتر لەوەی ئاماژەیەک بن بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی سەرکردایەتی یەکێتی و بەوە بخوێندرێتەوە کە یەکێتی نیشـــتمانیی کوردســـتان لـــە ململانێی ناوخۆیی ڕزگاری بووە ، ئاشکراکردنی ئەو راســـتییە بوو کە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی لە جیاوازیەکی قووڵدان، لەڕووی باوەڕیـــان بـــە ئایینـــدەی بەڕێوەبردنی یەکێتی و پشـــتیوانی بەهێـــزی ئێران و پارتیش لەوبارەوە نەیتوانیوە تائێســـتا وابـــکات کە قۆناغـــی دوای تاڵەبانی بە ئاسانی و بێگرفت بێتە پێشەوە.

لـــە تێکـــڕای ئـــەو قســـانەی کە لە میدیاکانـــدا بڵاوبوونـــەوە ، جیا لەوەی لـــەو قســـانەدا دەردەکەوێـــت کـــە لە ســـەرکردایەتی یەکێتیـــدا کـــەس کەس ناخوێنێتـــەوەو هەرکەســـەو خەریکـــی بـــەرە لەژێرپێ دەرهێنانـــی ئەویدیکەیە و دەیـــەوێ واینیشـــانبدات کە ئاییندەی یەکێتی لە دەســـت ئەودایە، لەسەر دوو وەتەری گرنگـــی سیاســـەتی ناوخۆیی پەیام و ئاماژەی گرنگ دەبینران.

وەتەری یەکەم لە هەموو ئەو قسانەی دەکران باســـکردن بوو لە پەیماننامەی ســـتراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی کە وەک هەمیشـــە یەکێتی ڕۆڵی مەغدووری خـــۆی تێدا نیشـــاندەدات . مەبەســـتی سەرکردەکانی یەکێتی لە وروژاندنی ئەو باسەی کە (یەکێتی نەبووەتە پاشکۆی پارتـــی) پەیامێکە بۆ کادیر و ئەندامانی ناڕازیـــی یەکێتـــی کـــە لـــە هەژموونی سیاســـەتی پارتـــی بەســـەر یەکێتی و گۆڕەپانی سیاســـی کوردستان ناڕازین، کە ئەگـــەر ئایندەی یەکێتی بەدەســـت ئەوانەوەبێت دەتوانن ئەو وەزعە بگۆڕن و یەکێتی بکەنەوە بـــە یەکێتیی بەر لە 31ی ئاب.

یەکێتی وا بە ئاسانی ناتوانێ ئایندەی سیاســـی خۆی لە پارتی جیابکاتەوە و یەکێک لـــە فاکتەرەکانـــی مانەوەی لە گۆڕەپانـــی سیاســـی کوردســـتان دوای جیابوونەوەی گۆڕان، ئێنتێگرەبوون بوو لەگەڵ سیاســـەتەکانی پارتی، لە هەموو بوارە جیاجیاکانی حوکمی کوردســـتاندا . کێشـــەی یەکێتی ئەوەنییە کە بووبێتە پاشکۆی پارتی ، کێشە لە سایکۆلۆژیەتی دوای 31ی ئابە کە یەکێتی ناتوانێ خۆی بە شـــەریکی حوکم ببینێ و شێوەیەکی دیکەیـــان لـــە شـــەراکەتی پارتـــی پێ باشـــترە . ئەوان پێیانوایە لەم قۆناغەدا تاوەکو بۆیـــان بکرێ نەچنـــە بن باری بەرپرســـیارێتی مێژوویی ئـــەم قۆناغە. بە شـــاهیدی عیماد ئەحمەد، کە ئێستا جێگـــری ســـەرۆک وەزیرانـــە و لەڕووی ئیدارییەوە ســـەرۆک وەزیرانـــی فیعلی کوردســـتانە، یەکێتی شـــەریکی هەموو بۆندە نەوتییەکانی کوردســـتانە، کەچی سێ ساڵ پێش ئێســـتا کەسی واهەبوو لەناو ســـەرکردایەتی یەکێتـــی بەخۆی خەبـــەری لـــە بەقاچاخبردنـــی نەوتی کوردستان دەدا یان دەیانگوت ئاگاداری دۆســـیەی نـــەوت نین، لـــە کاتێکدا کە ئەوکاتە ســـەرۆک وەزیرانیش لە یەکێتی بوو!

وەتەری دووەم مەسەلەی نزیکبوونەوەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ گۆڕان کە ئەمە لە دەمی جێگری دووەمی ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتی دەرچووە. دوای ئـــەوەی کە پارتـــی چەندین جار یەکێتـــی دڵنیـــا کردووەتـــەوە کە زۆر زۆر خۆشـــحاڵ دەبن بـــە یەکگرتنەوەی یەکجارەکـــی گـــۆڕان و یەکێتـــی، ئیتر پێموانییـــە ئەوە پەیامێک بێت بۆ پارتی و، دیســـان ڕووی لە ئەنـــدام و کادیرانی یەکێتـــی و گۆڕانە، بەڵام لەوەشـــیاندا جۆرێک لە ملشـــکاندنی ناوخۆیی لەسەر حیسابی بزووتنەوەی گۆڕان بەدیدەکرێت. گۆڕان هەڵوێستی بەرامبەر "برا گەورەی" ئێستای یەکێتی دیارە و جێگری دووەمی سکرتێر ئەمجارە پتر لەوەی ئەو کارتەی بـــۆ پارتـــی بەکارهێنابێـــت، ڕووی لە ســـەرووی خۆیەتـــی و گۆڕانیش حەزی لەو گەمەیەیـــە، چونکە جێگری دووەمی سکرتێر ماوەیەکە ئاماژەی پۆزەتیفی لە گۆڕانەوە پێگەیشتووە.

ســـێکوچەکەیەک کـــە بریتیـــن لـــە بنەماڵەی تاڵەبانـــی و دوو جێگرەکانی ڕەنگبـــێ تاوەکـــو ماوەیەکـــی دیکەش بتوانن، خیـــلاف و ناکۆکییەکانی خۆیان پەردەپـــۆش بکەن، بـــەڵام دەنگی پێی گەردەلول دێت.

## ئەستێرەی باکوور



بێژان ماتوور

# قەیرانی ئیمرالی

ئـــەو گفتوگۆیانەی لە دوورگەی ئیمرالی لەگـــەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەکرێن ، درزەی پێکراوەتـــە نـــاو میدیاکانەوە. بەقســـەی هەندێـــک کـــەس ئـــەوە قەیرانێکی نوێی ئۆســـلۆییە. هەندێکیش بە پرۆســـەکەی خابووری دەچوێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرســـوڕمانە ئەوەیە کـــە دەنگدانەوەی گەورەیان نەبوو.

جگە لەچەند ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی و ئەو کەســـەی مەحزەرەکەی بڵاوکردەوە، کەســـی دیکە قســـەی لەبارەوە نەکرد و کەســـیش هەڵوەســـتەی لەســـەر نەکرد. هەندێک ویستیان بابەتەکە بکەنە ڕۆژەڤی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ، کەچی ئەوەش هەر سەرینەگرت.

کارم بـــەوە نییـــە کـــێ مەحـــزەرەی دانیشتنەکانی ئاشـــکراکرد، کێش دەیەوێ پرۆســـەکە لەبار ببات ؟ چونکە پێموانییە ئەو پرۆسەیە بەو شـــتە وردەواڵەیە لەبار بچێ. بەدوای ئـــەوەش ناکەوم کێ بڵاوی کردوونەتەوە. بەڕای من ئەوەی مەحزەری قسەکانی ئۆجەلانی بڵاوکردووەتەوە ئامانجی گەورەی ئەوەبووە قسەکانی پێش پرۆسەکە بکەون.

بـــا واز لە پرۆســـەکە بێنین و باســـی مەحزەری دانوســـتانەکان بکەین و، تیۆری پیلانگێڕیش بەسەر ئەو کەسەدا نەسەپێنین کە بڵاویکردووەتەوە. نێوەڕۆکی مەحزەری دانوستاندنەکان زۆر گرنگن و غەدر دەکەین ئەگەر خۆ لە باسکردنی بدۆزینەوە و خۆ بە شتی دیکەوە خەریک بکەین.

چەنـــد هۆکارێک هەن وامـــان لێدەکەن بەوشێوەیە بیر بکەینەوە:

یەکەم: سروشتی پرۆسەکەیە کە هێندە گەورەیە، هیچ ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش نابێتە ئاستەنگ لەبەردەمی.

دووەم: تورکیـــای ئەمڕۆ لـــە تورکیای بەر لە 4 ســـاڵ جیاوازتـــرە. ئیتر ئەمڕۆ میدیای ئاســـایی و ڕێکخراو لەناو میدیادا تاوەکو ڕاددەیەکی باش قورســـایی خۆی لەدەســـتداوە. پـــەرش و بـــڵاوی میدیای ئاســـایی لـــەو ڕۆژەوە گۆڕاوە. ئێســـتا لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی میدیایەکی لەتکراو و پەرشـــوبڵاو هەیە. لەسایەی هێزی زیاتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە ئیتر لەوەندە زیاتریان پێناکرێت.

لەپاڵ هەموو ئەوانەشـــدا ڕاســـتییەکی دیکەش هەیە کە ئەویش خەڵکەکە خۆیەتی. ئەوخەڵکە بەتەمەن کامڵەی ئێستا لە تورکیا دەژین ســـەقامگیری و ئارامییـــان دەوێ. بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ژیانێکی ســـەقامگیرتر بژی. هەرە ئاســـایی، ئـــەوەی کاریگەری لەسەر ژیانی ئەو خەڵکە بەتەمەن کامڵەی ئێستا، ئەوەی دەبێتە ئاستەنگ لەپێشی، تاکە هۆکار تووندوتیژییە. ئەو کۆمەڵگەیەی تووندوتیژی تێدایە، ژیانـــی ڕۆژانەی تێدا نامومکینە، ئەمە وەک ڕۆژی نیوەڕۆ دیارە.

لەســـایەی ئەو گفتوگۆیـــەی کە چەند مانگێکـــە لەنێوان حکومـــەت و ئۆجەلان دەستپێکراوە، ئەو کەشوهەوا ئەرێنییەی دروســـتیکردووە، ئەو توێژە پشوویەکیان هاتووەتەوە بەر و خۆشحاڵن لەوەی هەواڵی مەرگی کەســـیان پێناگات. ئێســـتا دەبێ لەوە تێگەیشـــتبن کە بەرەبەیانی ڕۆژێک کە هەواڵی ناخۆشـــیان لە شـــاخەکانەوە پێنەگات، چ جۆرە خۆشییەکە. ئێستا تاکە ئارەزوویان ئەوەیە ئەمە درێژە بکێشێت.

بۆیە کەس باسی مەحزەری گفتوگۆکان و ئەو قسانەی لەوێ کراون ناکات. هەموو کەس ســـەیری ئـــەو شـــوێنە دەکات کە ســـەقامگیری و ئارامی لێیە. ئەوەی دیکە وردەکارییـــە. هیچ کەس بە دەســـەڵات و بەڕێوەبەرانی وڵات ناڵێ "ئەوە بۆ مەحزەری گفتوگۆکان بڵاوبوونەتـــەوە و ئەوەی لێرە باســـی دەکرێت چییە؟"، کـــەس پێیەوە خەریک نابێ!

تاکە شـــت کە خەڵکە کامڵەکە پێوەی خەریکە ئەوەیە کە ئایا بە ســـەقامگیری و ئارامـــی دەژیت یان نـــا؟ و چاوی لەدوو ئەوەیـــە، بەڵام ئەوکاتـــەی تووندوتیژی و ناســـەقامگیری دەبینێ، وەخۆ دەکەوێ و ناڕەزایی نیشاندەدات. بۆیە ئەو پرۆسەیە هێـــزی ئەوەی هەیە هەموو ئەو شـــەپۆلە گەورە و بچووکانە هەڵلووشـــێ. بەختمان هەیە لەبەرئـــەوەی ئەوانەی دەیانەوێ ئەو پرۆسەیە لەباربەن، شێوازی زۆر بەسەرچوو بەکاردێنن. پێموایە شـــێوازەکانیان وەک خۆیان سەردەمیان بەسەرچووە، نزادەکەم بەوشێوەیە بمێنێتەوە و بەوشێوەیە درێژە بکێشێت.



سەلاحەدین چەلیک

# شیفرەکانی ئیمراڵی

دەوڵەتـــی تورکیا بەهـــۆی پارتی داد و گەشـــەپێدان AKPەوە، لـــە ماوەی 10 ســـاڵی دواییدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا . ئەو دەوڵەتە پشـــتیوانییەکی بێ سنووری لەلایەن ناتۆ و بەتایبەتیـــش ئەمریـــکاوە لێدەکرێت . ئەگەر لەنێوخۆشدا ناکۆکی هەبێت، بەڵام تورکیا خۆی وەک پێشەنگی دیموکراسی لـــە ناوچەکـــەدا نمایشـــدەکات. بەپێی پڕوپاگەندەی خۆیان بێت، هەموو شتێک لە تورکیـــا بەپێی پـــلان دەڕوات، بەڵام ڕاســـتییەکە ئەوەنییـــە و تاوەکو دەڕوات کێشـــەکانی ئەو دەوڵەتـــە زۆرتر دەبن . شەڕی ســـووریا بەرەو کۆتایی دەڕوات و سات لەدوای ســـاتیش بۆ تورکیا دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە. تورکیا بەشێوەیەکی خوازراو دەچێتە نێو شەڕێکی مەزهەبییەوە لە هەرێمەکەدا . لەلایەکەوە بەرەی شیعە (واتە ئێران)، لەلایەکی دیکەشەوە بەرەی سوننە هەیە (بە پشتگیری عەرەبستانی سعودیە و تورکیا).

هەرچەنـــدە کـــورد بە سیاســـەتمەدار و پارتـــەوە ، ئەگەر لەنـــاو یەکێتییەکی هاوبەشیشـــدا نەبن ، لـــە ناکۆکییەکانی ناوچەکـــەدا خاوەنی ڕۆڵێکـــی گەورەن و ئەوەی هەڵوێســـتیان دیاریدەکات خواستە نەتەوەییەکانی کوردە.

ئێســـتا تورکیـــا بەهۆی کـــوردەوە لە بارودۆخێکی ناخۆشـــدایە . کێشەی کورد گۆڕاوەو گەورەبووە. لە باشووری کوردستان کورد دەســـەڵاتی خۆی بەڕێوەدەبات ، لە مەیدانی نێودەوڵەتیشدا ناسراوە، بە پترۆڵ دەوڵەمەندە . ئەو پترۆڵەش بۆ پیشەسازی تورکیـــا پێویســـتییەکی زۆر گرنگە . لە ڕۆژئاوای کوردســـتان ، بزووتنەوەی کورد تێگەیشـــتووە و شایســـتە و خەباتکارە. ئیدی کورد لە سووریای داهاتوودا هێزێکی خـــاوەن بڕیـــارە. هەرچەنـــدە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگە، بەڵام ئێمە باش مێژوو دەزانین و لەوە تێدەگەین کە ئەوێش وەک بوورکانێکە کە خەریکە بتەقێتەوە.

ئەگەر نهێنییەکانی شـــەڕ لە باکووری کوردستان ئاشـــکرا بکرێن، ئیدی تورکیا ناتوانـــێ بارەکـــە هەڵگرێـــت. بۆچـــی ڕێکنەکەوتن؟ مرۆڤ دەتوانێ بڵێ تورکیا دەیەوێ کێشـــەکە چارەســـەر بکات، یان کێشەی کورد وەلابنێت؟

هەروەهـــا ئاشـــکرایە کە نـــەک تەنیا باکـــوور، بەڵکـــو باشـــوور و ڕۆژئاواش، واتـــە هەموو کێشـــەی کـــورد، ڕۆڵی لە ڕووداوەکانـــدا هەیە. هەر ناوێکیش کە بۆ ئەم پرۆســـەیە دابنێین دەبێ پرسیارمان ئەوەبێ کە: ئایا بەڕاستی تورکیا دەیەوێ هاوپەیمانـــی لەگەڵ کورد ببەســـتێ یان خەریکی هەڵخەڵەتاندنیانە؟

پێش ئەوەی لە وەڵامی ئەم پرســـیارە بگەڕێین، دەبێ باش ئاگامان لەو ڕاستییە بێت کە ئێســـتا چەندە تورکیا پێویستی بە کوردە زۆرتر لەوە کورد پێویســـتی بە تورکیایە.

## چارەسەر یان ئۆپەراسیۆن؟

مرۆڤ ئەگـــەر نموونەکانـــی ڕابردوو بهێنێتە بەرچاوی خۆی ، هیچ ئومێدێک نییە کـــە تورکیـــا مافی کـــورد بدات. چونکە تورکیا کـــورد وەک نەتەوەیەکی خـــاوەن ماف نابینێ لـــە تورکیادا. ئەو زانیارییانەی دەربارەی هەڤپەیڤینەکانی ئەمدواییەش بڵاوبوونەتەوە، دەریدەخات کە چارەســـەر زۆر دوورە لـــە وەدیهاتن . گۆڕینی دەســـتووریش کە باسی لێوە دەکرێت، شتێکی ڕووکەشییە.

تورکیـــا دەوڵەتێکە لەســـەر بنەمای نەژادی دروستکراوە . سیستمی سیاسی ، سەربازی ، کۆمەڵایەتی ، پەروەردەیی و تەنانەت وەرزشـــیش ، لەسەر بنەمای نەژادپەرستی دانراوە ، بۆیە ئەنجامدانی گۆڕانکاری ئاسان نییە.

ئازادکردنـــی زیندانیانی کۆما جڤاکێن کوردســـتان KCK ، مافێکی بنچینەیی نییـــە. چونکـــە هەموویـــان بەهـــۆی ناسنامەی نەتەوەییانەوە دەستگیرکراون و کەی دەوڵەت بیەوێ دەتوانێ دیســـان بیانگرێتەوە. ئەگـــەر حکومەت بیەوێ، دەتوانـــێ بەبێ ســـێ و دوو کێشـــەکە چارەســـەر بـــکات . مامەڵەیەکی خراپ لەگـــەڵ بارودۆخی ئۆجەلانـــدا دەکات. دەوڵـــەت دەرفەتی دانوســـتاندن بەبێ ئۆجـــەلان ناداتـــە پارتـــی ئاشـــتی و دیموکراســـی BDP. دەیانـــەوێ ئەوان بەبـــێ مـــەرج فەرمانەکانـــی ئۆجەلان (واتە دەوڵـــەت) جێبەجێبکەن؟ ئەگەر مەســـەلەکە ئەمە بێت، ئەوکات ئەوەی ڕوودەدات، واتـــە گفتوگۆکانی ئێســـتا، ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنی PKKن.

## لەوانەیە بۆمبی AKP لە دەست خۆیدا بتەقێتەوە

وادیارە هەردوولا هەنـــگاو دەهاوێژن بۆ ئاگربەســـت، ئازادکردنـــی هەندێک کۆنـــە ســـەرۆک شـــارەوانی ســـەر بە BDP، ئازادکردنـــی هەندێـــک زیندانیی کـــە لـــە دەســـتی PKKدان و... هتد. ئەگـــەر پرۆســـەکە بـــەردەوام بێـــت، بێگومان دەوڵەت بەنـــاوی ئۆجەلانەوە "نەخشـــەڕێگەیەک" پێشکەشی PKK و BDP دەکات.

بێگومان پلانەکە لەلایەن پســـپۆڕانی هەردوولاوە خاڵ بە خاڵ پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، تاوەکو بابەتە لاوەکییەکان بکەونـــە پێـــش ســـەرەکییەکان و ڕای گشـــتی لە نێـــوەڕۆک دووربکەوێتەوە. ئەگەر وابێت، لەمێژەوە لەناو گەلی کورد و ڕای گشـــتیی ئاشـــتیخوازی تورکیادا ئومێد و گەشبینییەک دروستبووە. دەبێ هەموویان پێکـــەوە کار بۆ ئەو ئومێد و گەشبینیە بکەن، بەڵام نەک لەسەر شتی بێ بنەما و هەڵخەڵەتێنەرانە.

ئێســـتا پرۆســـەکە نیشـــانەی بەرزبوونەوەی هەســـتی نەژادپەرستیی AKPی پێوەدیـــارە. ئۆپەراســـیۆنەکان لـــە جـــاران زیاتـــر بوونـــە. ئەندامانی جووڵانـــەوەی دیموکراســـییانەی خەڵک دەستگیردەکرێن و ســـزادەدرێن. ئەگەر یارییەکە ســـەرنەگرێت، AKP هەنگاوە حیســـاب بۆ کراوەکانی لەدەســـتداوە و ئاشکرا بوون.

ئۆپەراســـیۆن، بۆمبارانکـــردن، دەســـتگیرکردن، کێشـــەی دادگاکان، هەڕەشەی گردبوونەوەی نەژادپەرستانە، کوشـــتن، تۆمەتبارکردن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتـــی دادگاییکردنـــی کورد بە پشـــتیوانی هاوپەیمانـــان، هەروەهـــا تەنگپێهەڵچنینی سیاســـی و ئابووری هەمـــوو ئەو شـــتانەن کە بەخەســـتی دەســـتپێدەکەنەوە . لەوانەیـــە هەوڵی بەکارهێنانی لەنـــاکاوی ئۆجەلان زۆرتر بدرێت، بـــەڵام ئەمە یارییەکـــی وایە و لەوانەیـــە تورکیا لە کـــورد زیاتر تێیدا زیانمەند بێت.

## هەڵوێستی PKK لەنێوان شانس و تەنگاویدا

PKK لـــە قۆناخێکـــی ناخۆشـــدایە، بـــەڵام ســـاڵێکی کوشـــندەی تێپەڕاند. تاوەکـــو دەشـــڕوات ڕەوشـــی کۆمەڵگە قورستر دەبێت. لەناو ڕیزەکانی PKKدا داوای چارەســـەرێکی مـــەزن دەکرێت. خۆتووشکردنی (ئۆجەلانی و PKKیانە) ئەوەندە زۆرە کە پەشـــیمانبوونەوە لێی زۆر زەحمەتە. لەوانەشـــە ئیتر پێویست نەبێـــت. بـــەڵام بەبـــێ بەدیـــل؟ بەڵێ بـــۆ پێکەوەکارکـــردن لە پرۆســـەکەدا، بـــەڵام نەخێر بـــۆ خۆوێرانکـــردن یان خۆبەدەستەوەدان.

PKK مافی نییە هەبوونی خۆی و مافە بنەڕەتییەکانـــی بکاتە شـــتێک کە کڕین وفرۆشتنی لەسەر بکرێت. ئەگەر بڕیارەکە لەلایەن ئۆجەلانیشەوە بدرێت، دەبێ نەک هەر PKK و BDP، بەڵکو هەموو کۆمەڵە و کەســـایەتییە وڵاتپارێزەکان خۆیان بە مافە نەتەوەییەکانیانەوە ببەســـتنەوە. بەڵام دەبێ PKK خۆی بەرامبەر هەموو گەلی کورد بە بەرپرسیار بزانێت. دەبێ دەرگا بـــۆ ڕەخنـــە و پێکەوەکارکردنی کۆمـــەڵ و کەســـایەتییە کوردییـــەکان کراوەبێـــت. دەبێ PKK بەشـــێوەیەکی دیموکراســـییانە لەباوەشـــیان بگرێ و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

ئەگەر هەڵەیەکمان هەیە کە وادەکات زوو قاچەکانمـــان پێکـــەوە بنێیـــن، دەبـــێ بزانین کە ســـەربردەمان هەیە و هێشتاش ڕێگاکەمان زۆر دوورە. بەهەڵە هەڵســـەنگاندنی پرۆســـەکە دەرەنجامی قورســـی دەبێـــت. قوربانییەکەشـــی هەرچییەک بـــێ، دەبێ لە تێگەیشـــتن لـــە ڕووداوەکان ڕانەکەین. بەڵام نەک بە ڕەخنەی ڕووخێنەر و نابەرپرســـیارانە. هۆشـــیاریی ژیرانـــە و دیموکراتیانـــە، تێگەیشـــتن و پشـــتگیری و یەکێتـــی، مەرجی هەرە پێویســـتن بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی لەپێناو تێپەڕاندنی بەربەســـت و گرفتەکانی ئەمڕۆ.



ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ
wladimir@rudaw.net

# میدیای بەلاڕێدابەر

میدیای کوردی زۆر ناپرۆفێشناڵ و بێ ئەتەکێت و رووکەشبینە. زۆر ئاسان بەلاڕێدا دەبردرێت و دەکرێ لەڕێگەیەوە زانیاری هەڵە و پڕوپاگەندە بڵاوبکرێتەوە. ئەو میدیایە زۆربەی نێوەڕۆکەکەی لە سەرچاوەی دیکەوە وەردەگرێت و لەبەر تەمبەڵی و گەندەڵی و ناپرۆفێشناڵبوون لەوە ناکۆڵێتەوە کە تاوەکو چەند ئەو سەرچاوانە جێگەی متمانەن.

نموونەیەکی روون تۆمەتبارکردنی مەنسوور بارزانی بوو بە قومارکردن لەلایەن گۆڤارێکی قەتەرییەوە. من تائێستاش دەقی ئەو بابەتەم لە هیچ گۆڤارێکی عەرەبیدا نەدۆزییەوە، کەچی میدیای کوردی لەو ماڵپەڕە عێراقییانەوە ئەو هەواڵەی وەرگرت کە بە دژایەتیکردنی بارزانی و پشتیوانیکردن لە مالیکی ناسراون. هیچ یەک لەو میدیایانەش نەهاتن لە خودی مەنسوور بارزانی بپرسن کە ئایا ئەو هەواڵە راستە یان نا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هەندێک لەو میدیا کوردییانەی بەناو سەربەخۆن بەئاشکرا دژایەتی بارزانی دەکەن و ناتوانن ئەزیەتی ئەوە بدەنە بەر خۆیان کە کاتێک لەسەر کەسێک دەنووسن رای خۆیشی وەربگرن.

ئەگەر ئێستا ماڵپەڕێک یان وێبلۆگێک بکەمەوە و تێیدا قسە و قسەلۆک لەسەر تاڵەبانی، بارزانی، عەلی باپیر یان نەوشیروان مستەفا بڵاوبکەمەوە، یەکسەر میدیای کوردی بڵاویدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەوە بکۆڵێتەوە کە سەرچاوەکەی چییە. ئەمە زۆر مەترسیدارە، چونکە وڵاتانی دیکە و گرووپە سیاسییەکانی ناوەوەی عێراقیش دەتوانن ئەمە بە خراپ بەکاربێنن بۆئەوەی بەئاسانی پروپاگەندە و قسە و قسەلۆک لە رێگەی میدیای کوردییەوە بڵاوبکەنەوە.

هەروەها زۆربەی خەڵکی کوردستانیش بڕوا بەو میدیا خۆشباوەڕەی خۆیان دەکەن. بەتایبەتیش ئەگەر خەڵک تۆمەتبارکردن بە گەندەڵی تێدابێت خەڵک هێندەی دیکە بڕوای پێدەکەن، چونکە دەزانن لە کوردستان گەندەڵی هەیە و دەکرێ زانیاری میدیاکان راست دەرچن.

میدیای کوردی بەردەوام هەواڵ لە سەرچاوەی عەرەبی وەردەگرێت و ناچێ لەوە بکۆڵێتەوە کە تاوەکو چەند ئەو سەرچاوانە راستی دەڵێن. بۆنموونە زۆرینەی میدیای کوردی لە ماڵپەڕی (سۆمەرییە نیوز)ی نزیک لە مالیکییەوە هەواڵی ئەوەیان وەرگرت کە سەرکردەیەکی پایەبەرزی سوپای عێراقی ئازاد دەستگیرکراوە. کەچی تاقەتی ئەوەیان نەبوو سەرچاوەکان کۆنترۆڵ بکەن.

بۆ میدیای کوردی باشتر دەبێ کە بۆ نووسینی هەواڵەکانیان پشت بە پەیامنێرانی خۆیان ببەستن و واز لەوە بێنن لە ماڵپەڕە ئینگلیزی و عەرەبییەکانەوە هەواڵ کۆپی بکەن و بەبێ دەستکاری بڵاوبیکەنەوە. لەجیاتی بەکارهێنانی تەنیا یەک سەرچاوە، با خۆیان ماندووبکەن و تەلەفۆن بۆ ئەو کەسانە بکەن کە تۆمەتبارکراون لە هەواڵەکاندا. ئەگەر وانەکەن، هیچ شتێک بڵاونەکەنەوە باشترە.






هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# پرۆسەیەکی دووسەرە

رەنگە ئەم هەفتەیە دوو رووداوی گرنگ رووبدەن. هۆکاری ئەوەی کە تەنیا گریمانەی دەکەین و دڵنیا نین لە گرنگبوونی ئەو دوو رووداوە ئەوەیە کە بەیەکەوە گرێدراون. رووداوی یەکەم ئەگەری بەستنی کۆبوونەوەیەکە بۆ بلۆکە سیاسییەکانی عێراق لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە، ئەویدیکەش ئەگەری چوونی سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانییە بۆ بەغدا بۆ قسەکردن دەربارەی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو حکومەتەکەی بەغدا و هەولێر.

ئەگەر یەکێک لەو دوو شتە روونەدەن، رەنگە ئەویدیکەش سەرکەوتوو نەبێ و روونەدات. تائێستا و هەرکاتێکی دیکەش کە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا دەستیانپێکردبێت سەبارەت بە پرسەکانی تایبەت بە نەوت، پێشمەرگە، بودجە و مادەی 140، یەکسەر ئەو گفتوگۆیانە شکستیان هێناوە چونکە یەکێک لە سیاسەتمەدارەکان قسەیەکی کردووە کە وایکردووە هەستەوەری لەنێوان هەردوو بلۆکە سیاسییەکەدا دروست ببێت. هەندێکجاریش بۆیە شکستیان هێناوە، چونکە هیچ بەرنامەیەکی روون بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆکان نەبووە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کۆبوونەوەی نێوان هەردوو حکومەتەکانیش لەوکاتانەدا ببووایە کە بەغدا و هەولێر لەڕووی سیاسییەوە رەوشیان باشبووایە، ئەوکات گفتوگۆکان دەبوونە ئامرازێک بۆ تەنیا کۆبوونەوەی سیاسییانە و وایاندەکرد لەجیاتی باسی ئەو پرسانە بکرێن کە کاریگەریان بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە، باسی شتی دیکە بکرێت.

ئەگەر ئەم هەفتەیە شاندی حکومەت بچێتە بەغدا، دەبێ دڵنیابن لەوەی کە سەردانەکەیان نابێتە کورتە سەردانێکی دیکە کە بلۆکە سیاسییەکان بتوانن نێوەڕۆکەکەی تێکبدەن.

لەجیاتی گەنگەشەکردن لەسەر پرسە هەڵواسراوەکان لەنێوان هەردوو حکومەتی بەغدا و هەولێر، پێویستە ئەوان لەسەر ئەوە گەنگەشە بکەن کە رێگە و میکانیزمی وابدۆزنەوە کە پرۆسەیەک بخوڵقێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێگە بگرێت لەوەی بلۆکە سیاسییەکان و سیاسەتمەداران ئارەزوومەندییان بۆ چارەسەرکردن تێدا نەمێنێت.

لەماوەی دە ساڵی رابردوودا ئەوە بەڕوونی دەرکەوت کە بلۆکە سیاسییەکان کاتی زۆریان پێویستە بۆ هاودەنگ بوون لەسەر شتەکان. بۆیە ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە بژێوی و گوزەرانی خەڵک و دەوڵەتەوە هەیە، پێویستە تاوەکو دەکرێت بەو باسانەوە نەبەسترێنەوە.

بلۆکەکان ناکۆکن لەسەر لێکدانەوەکانیان بۆ دەستوور و مانای شەراکەت و دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدی. هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانیش ناکۆکن لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەرک و مافەکانیان.

هەرچەندە ئەوە راستە کە ناکۆکییە سیاسییەکان کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و پارێزگاکان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە کار لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری سیاسەت بکات لەسەر کارەکانیان، بۆئەوەی بەوهۆیەوە ناکۆکییەکان نەهێڵدرێن.

رەنگە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر پرسە ئیدارییەکان قورس بێت، بەڵام پێدەچێ ئەمە تاکە رێگە بێت بۆئەوەی هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاویشترێت. مالیکی کار لەسەر جیاکردنەوەی ئەو دوو شتانە ناکات، چونکە ئەوە پێویستی بە دەسەڵاتی ئیدارییە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە گوشاری سیاسی بخاتە سەر رکابەرەکانی. ئەمە بوار دەداتە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کار لەسەر ئەو بوارە بکات و لەکاتی سەردانە چاوەڕوانکراوەکەیدا بۆ بەغدا ببێتە ئامانجی سەرەکی. چونکە ئەمە وادەکات خولی ئەمجارەی دانوستاندنەکان جیاوازبن لە هەموو خولەکانی دیکە. تاقیکردنەوەی گەورە بۆ تێگەیشتن لە رادەی سەرکەوتووبوونی ئەو سەردانە، بەردەوامیدانە بە گفتوگۆکان، تەنانەت ئەگەر هەوڵەکانی سەرۆکیش بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نیشتمانی سەرکەوتوو نەبن.



گۆران شێخ مستەفا

# چین نەوتیش هەرزان دەکات!

بەرهەمە چینییەکان، بازاڕەکانی جیهانیان داگیرکردووە و رۆژبەڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی بەردەوامدایە. بەهۆی سیاسەتە ئابووریەکەیەوە کە لەسەرەتاکانی سەدەی 19ەوە دەستیپێکرد، ئێستا چین یەکەمین بەرهەمهێنەرە لەجیهاندا و کۆتایی بەئیمپراتۆریەت و باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێناوە، کە بۆ ماوەی 111 ساڵ گەورەترین بەرهەمهێنەر بوو لەجیهاندا. ئەم سەرکەوتنەی چین لەساڵی 2011ەوە دەستیپێکرد، کاتێک بەرهەمەکانی چین بۆ ئەو ساڵە لەجیهاندا گەیشتە 19.8 بە بەراورد بە 19.4 لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

پێشکەوتنی ئابووریانەی چین، رەگێکی مێژوویی هەیە و مێژوونووسانی ئابووری لەوباوەڕەدان پشکی چین لەبەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەجیهاندا لەساڵی 1830 نزیکەی 30% بووە و دواتر ئەم رێژەیەش لەساڵی 1900 بۆ تەنها 6%دابەزیوە و دوای 90 ساڵیش گەیشتووەتە دوو هێندە. هەر لەوکاتەوە چین لەگەشەکردنێکی خێرادا بووە بۆ پێشکەوتنی بەسەر ئەمریکادا، ئەمەش بەپلەی یەکەم لەڕێی کەمکردنەوەی تێچووی کرێی کارکردنەوە بوو کە بووە هۆی زیادبوونێکی خێرای بەرهەمە ناوخۆییەکانی و هاندانی هاتنی کۆمپانیا بیانیەکانی وەبەرهێنان کە رۆڵێکی کاریگەریان لەفراوانکردنی ئابووری چیندا بینی. ئەگەرچی چین لەڕووی بەرهەمەوە پێش ئەمریکا کەوتووە، بەڵام رێژەی کرێکارانی چین نزیکەی نۆ هێندەی کرێکارانی ئەمریکایە.

ئەوەی لەم بابەتە مەبەستە، هەوڵدانی چینە بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕی وزەی جیهانی لەڕێی بوون بە بەهەمهێنەرێکی سەرەکی نەوت و غاز. ئێستا چین خەریکە بازاڕی وزە تووشی شۆک دەکات بەدۆزینەوەی سەرچاوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنان. بەپێی راپۆرتێکی Price water house Coopers وڵاتی چین چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ گەشەدان بەتواناکانی بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی قوڕاوی، بە بەخشینی مافی وەبەرهێنان لە 19 کێڵگەی نەوتی قوڕاویدا بە 16 کۆمپانیای وەبەرهێنەری وزە. راپۆرتەکە ئاماژە بەگەشەسەندنی ئابووری جیهان دەکات بەرێژەی 7.2 تریلیۆن دۆلار تا ساڵی 2035 لەسایەی ئەم وەبەرهێنانەی چین.

ئێستا رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لەجیهاندا نزیکەی 85 ملیۆن بەرمیلە لەرۆژێکدا، بەڵام بەهۆی وەبەرهێنانی ئەم نەوتە قوڕاویە، رێژەی زیادبوونی بەرهەم بۆ سەر بەرهەمی نەوتی جیهان دەگاتە 12%، ئەمەش بەرێژەی زیادبوونی 14 ملیۆن بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا. زیادبوونی نەوتیش بەم قەبارە زۆرە، کاریگەری دەبێت لەسەر نرخی جیهانی نەوت. بەپێی راپۆرتەکەی دامەزراوەی پرایس وەتەرهاوس کوپەر، نرخی نەوت لە جیهاندا بە رێژەی 40% دادەبەزێت.

کاریگەرییەکانی ئەم دابەزینەی نرخی نەوت لەداهاتوودا، داهات و خۆشگوزەرانی وڵاتانی نەوتی دەخاتە مەترسییەوە. لە راپۆرتەکەدا هاتووە "گەورە هەناردەکارانی نەوتی وەک رووسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، رەنگە ببنە زیانلێکەوتوویەکی گەورە لەماوەیەکی درێژدا، مەگەر ئەوانیش بتوانن نەوتی قوڕاوی خۆیان بەشێوەیەکی فراوان گەشە پێبدەن".

لەم ساڵانەی دواییدا، خواستی چین لەسەر وزە، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و وەک ئابووریەکەی فراوانبوونی بەخۆوە بینیوە. ئێستا ئەو وڵاتە گەورەترین بەکاربەری وزەیە لەجیهاندا.

ساڵی 2009، چین پێش ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوت لەبوون بەیەکەمین بەکارهێنەری وزە لەجیهاندا بەبەکارهێنانی 225.2 ملیار تۆن وزە لەخەڵووز و ئەتۆم و غازی سروشتی. لەکاتێکدا ساڵی 2000، چین تەنها نیوەی وزەی ئەمریکای بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا بەرێژەی 4% زیاتر لەئەمریکا بەکاردەهێنێت.

ئەم پێشکەوتنە خێرایەی چین لەبەکارهێنانی وزە، ناچاری کرد بیر لەسەرچاوەی دیکە بۆ وزەکەی بکاتەوە. ئەگەرچی زیادبوونی دانیشتوانی چین و رێژەی هەلی کار لەچاو ئەو ژمارە زۆرەدا، خەڵکەکەی ناچارکردووە بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوببنەوە، بەڵام پاراستنی رێژەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی گەشەی ئابووریەکەی، ئاستی پێویستی ئەو وڵاتە بۆ وزە زیاتر دەکات.



عادل عەبدولمەهدی *

# هێزی دەستلەکار کێشانەوە

## هەر قۆناغیک جوامێری خۆی هەیە

وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی 1964 دا هەشت پۆستی بۆ بواری دیپلۆماسی راگەیاند و من و خوالێخۆشبوو (تالب)ی برام و چەندانی دیکە فۆرممان پێشکێشکرد. 11 کەس دەرچوون و من یەکێکبووم لەوان. سەردانی وەزارەتی دەرەوەم کرد و بە تایبەت مامۆستا محەممەد مالۆی بەڕێوەبوری خۆیەتی، ئیدی وادەی چاوپێکەوتنی زارەکی لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەتمەند دانرا کە بەسەرۆکایەتی دکتۆری زانای رەحمەتی مستەفا کامل یاسین بوو.

دامەزراندنی من و سامر ئەعزەمی بەهۆی دۆسییەی ئەمن و چالاکییە سیاسییەکان دواکەوت، لە دواییدا فەرمانەکە لەلایەن وەزیرەوە دەرچوو کە ئەودەم ناجی تاڵبی رەحمەتی بوو. وەک نەریتی ئەوکات چوومە لای باوکم تاوەکو مۆڵەتی لێبخوازم، بە تەوسەوە گوتی " ئەی کێ زەویەکە بە ساحێب بکات؟ لە کۆتاییدا هەموو دەبنە فەرمانبەر (سەرەڕای خزمەتی دوورودرێژی لە دەوڵەتدا کە چ پەیوەندی بە زەوی و ئاو و کشتوکاڵەوە بەهێزتربوو ..و قسەکەی بەو مانایە کۆتایی پێهێنا: فەرمانبەریی حەزی پۆست و ملکەچکردن دروستدەکات، دەست لەکارکێشانەوەکەت بخەرە باخەڵتەوە تاوەکو نەبییە دیلی پێگە و بیروڕا، لەو رۆژەوە رۆشنبیری دەستلەکارکێشانەوە لەلای من گەشەی کردووە، هەرکەسێکیش بەدرێژایی ئەو پێنج دەیەیەی رابردوو هاوەڵی منی کردبێ بە گرنگی دەست لەکارکێشانەوە دەزانێ وەک چەکێکی ئاشتیانە وبەرگریکاری لە شکۆمەندی و سەرکەوتنی ئەو شتەی مرۆڤ بەڕاستی دەزانێ، ئەگەر دوای هەموو هەوڵەکان بیرورای قبووڵ نەکرا، بۆ ئەوەی نەبێتە پەردەی داپۆشینی هەڵەو لادانەکان، هۆی تەگەرەو پەکخستن، با واز لە براکانی بێنێ، بەخۆیان و بیروڕایانەوە، ئەگەر سەرکەوتن چاکەی هەموانە، ئەگەر پێچەوانەش بوو ئەو ئەرکی خۆی بەجێهێناوە.

دوای 1958 باوکم خۆی لە ماڵێ نا. دوای ئەوەی وازی لە چالاکییە گشتییەکان هینا، ساڵان تێپەڕین و باوکم تەنیا کەسانی نزیکی خۆی دەبینین، تەنانەت وازی لە سەردانی هەینی هەردوو کازمیش هێنا (سڵاوی خوایان لێبێ)، کە چەند دەیەبوو لەسەری راهاتبوو. لە نێوەڕاستی شەستەکان براوتێکی فراوانی دامەزراوەی کۆمەڵەی زانایان دەستیپێکرد کە تەوەرەکەی شەهید مەهدی ئەلحەکیم بوو (قودسە سیرەهو). بێگومان مەبەست کۆبوونەوەبوو لەدەوری کەسایەتییەکی سیاسی وەک تەوەرێک. هەردوو کەسایەتییە سەرەکییەکەی ئەوێ رۆژێش شێخ رەزا شەبیبی و سەید عەبدولمەهدی بوون. رۆژێکیان لە باوکم پرسی، بۆ نایێیتە دەرەوەو... چالاکییە سیاسی و پەیوەندییەکانت بەدەست بێنیەوە، تۆ مێژوو و شارەزایی و خۆشەویستی و جەماوەرێکی فراوانت هەیە، هەموو هەڵوێستی تۆ دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەت و شۆڕشی بیست دەزانن، هەروەها لە کێشەکانی زەوی و ئاو و... لە کێشەی نسوولی و حیسەری و جەواهیری... و یەکێتی لەگەڵ سووریا و ناڕەزاییت لەهەمبەر سیاسەتی نوری سەعیدی رەحمەتی.... و وتارە رەخنەگرانە و چاکسازییەکانت .. ئەویش بەو مانایە گوتی کوڕەکەم گوێبگرە، ئەوە قۆناغێک بوو پیاوی خۆی هەبوو، ئێستاش قۆناغێکە پیاوی خۆی هەیە، ناکرێ ئەو دوو قۆناغە تێکەڵبکرێن، ئەگەر دەتەوێ پێ لە شوێنی هەڵە دانەنێی رێز بۆخۆت بهێڵیەوە، دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا بزانی ئەرک و مافت چییە.

*جێگری دەستلەکارکێشاوەی سەرۆک کۆماری عێراق

## ↘ 14 لێدان دەخۆن و داوای سوڵح دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی بە ئافرەتان لە کوردستان، لەماوەی ساڵی رابردوودا 811 ژن ئەشکەنجەدراون و 167 ژنیش لە هەرێمی کوردستان دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر. رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، دەڵێ ژن هەیە لێیدەدرێت، بەڵام سکاڵا تۆمار ناکات: "دەڵێ تەنیا بە پیاوەکەم بڵێن چیدیکە لێم نەدات. سوڵح لەنێوانماندا بکەن، ئێمەش ئەگەر مافی گشتی تێدانەبێت هەوڵدەدەین کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەین، بەبێئەوەی بگاتە دادگا".



## ↘ 8 تراکتۆر هەیە زەوی نییە

**ڕووداو- دهۆک**

هاووڵاتییەک لە دهۆک بەدوای پارچە زەوییەکاندا دەگەڕێت بۆئەوەی کارگەیەکی دروستکردنی تراکتۆری لەسەر دابمەزرێنێت، بەڵام دەستاودەستی پێدەکەن. ئەنوەر ئەترۆشی، خاوەنی کۆمپانیای ئەنوەر ئەترۆشی بۆ کەلوپەل و ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی، بە (ڕووداو)ی گوت لەگەڵ کارگەیەک لە تورکیا ڕێککەوتووە بۆئەوەی لە کوردستان تراکتۆر دروست بکات: "ڕۆژانە دەتوانم 16 تراکتۆر دروستبکەم و بە 10 هەزار دۆلار هەرزانتر لە نرخی ئێستای بازاڕ بیفرۆشم". بەگوتەی ئەندازیار هەڤاڵ ئەحمەد ئامێدی، بەڕێوەبەری شارەوانی دهۆک، زۆرجار پارچە زەوی بۆ پرۆژەکەی ئەنوەر ئەترۆشی تەرخانکراوە، بەڵام ئەو "بە هەموو شوێنێک ڕازی نییە".



## ↘ 16 لە ئاکرێ باوی پەچە نەماوە



**ڕووداو-ئاکرێ**

بەرگدروویێکی نێو بازاڕی ئاکرێ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا پەچەپۆشین لەناو ئاکرێ بە ڕێژەی 60% بە بەراورد بە رابردوو کەمبووە. بەداخەوە ئێستا کچان لە شوێنە گشتییەکاندا پەچە ناپۆشن"، بەڵام میکائیل نیعمەتی قوماشفرۆش پێیوایە پەچە پۆشین سوودی هەیە "چونکە ئاکرێ شوێنێکی بچووکە و هەموو خەڵکەکە یەکتر دەناسن، کاتێک ژنێک بە پەچە بچێتە بازاڕ، دەبێ سڵاو لە زۆر خەڵک بکات، بەڵام بە پەچە کەس نایناسێ و پێویست ناکات سڵاو بکات". د. حەسەن موفتی، سەرۆکی بەشی شەریعەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە "ئەگەر لە شوێنێک پەچە نەریت نەبوو و فیتنەشی لێ دروست نەبوو، پێویست ناکات دابنرێت".


# Rûdaw

Rudaw re... knot... re

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای ڕووداو

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

بەڕێوەبەری دارایی و کارگێری : عەبدوڵڵا قرگەیی abdulla@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemen@rudaw.net

دیزاین: بەختیار مستەفا، هونەر مەرجان

www.rudaw.net | rudaw@rudaw.net | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | ناونیشان: هەولێر - شەقامی ڕووناکی | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات



## سیڤییەکانتان بۆ ڕووداو بنێرن

تۆڕی میدیایی ڕووداو، بەم نزیکانە کارەکانی خۆی بۆ بوارەکانی (تەلەڤزیۆن، رادیۆ و ماڵپەڕ) بەرفراوان دەکات، بۆیە لەو بوارانەی خوارەوەدا پێویستی بە کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموونە. هەر کەسێک توانای کارکردن و شارەزایی تەواوی هەبێت و ئەزموونی کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ، سیڤی و نموونەی کاری خۆیان بنێرن بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

cv@rudaw.net

1. دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی (پێویستە شارەزایی تەواوی هەبێت لە بەڕێوەبردنی هونەری کامێراکانی ناو ستۆدیۆ)
2. کامێرامانی ستۆدیۆ
3. دیزاینەری ڕۆژنامە
4. بەڕێوەبەری ستۆدیۆ (Floor Manager)
5. گرافیستی تەلەڤزیۆنی

• لە بەغدا پێویستیمان بە کەسانی شارەزا لە بواری کامێرا و مۆنتاژ هەیە

تێبینی: بۆ هەموو بوارەکان پێویستە داواکاران نموونەی کاری رابردوویان هەبێت بۆ هەڵسەنگاندن.

RÛDAW

www.Rudaw.net

ڕووداوی تۆ هەواڵی ئێمەیە

RÛDAW

| | NileSat (HD) 7°W | NileSat 7°W | Hotbird 13°E | Galaxy 19 97°W | Optus D2 152°E |
|---|---|---|---|---|---|
| Frq | 10,892 MHz | 10,892 MHz | 10,911 MHz | 11,929 MHz | 12,608 MHz |
| Pol | H | H | V | V | H |
| S/R | 27,500 | 27,500 | 27,500 | 22,000 | 22,500 |
| FEC | 3/4 | 3/4 | 3/4 | 3/4 | 3/4 |

www.Rudaw.net